نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا

# بازرگانیی چەك لە جیهاندا

(( دۆسێی تاوانە بێدەنگەکان ))

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی- ٢٠١٢

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوانکردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ ودادی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا، تاوتوێکردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخ و دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

# بازرگانیی چەک لە جیهاندا ...


- نووسینی: نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا
- تایپ و دیزاین: چێنەر عوسمان
- ژمارەی سپاردن: (١٩٠٤)ی ساڵی ٢٠١٢ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
- تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
- ژمارەی زنجیرە: (٤٨٢)
- چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی

لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمییای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی- ٢٠١٢

سەرپەرشتیاری زنجیرەی کتێب

عوسمان حەمەرەشید گورون

www.pukhoshiari.com

info@pukhoshiari.com

# پێڕست

بابەت | لاپەڕە


- پێشەکی.......................................٥
- بازرگانیی چەک: چەمک و پێناسە....................٧
- مێژووی بازرگانیی چەک...............................١٧
- بازاڕی چەک............................................٢٧
- بازرگانی و بازرگانانی چەک..........................٣٥
- پسپۆڕانی سەربازیی بۆ بەکرێدان....................٤٥
- جەنگ و ئاشتی..........................................٥٣
- بەرگریکردن لە خۆ: پاساو بۆ ئازادیی بازرگانیی چەک..........٦١
- بازرگانیی چەک و ئابووری.............................٦٩
- بازرگانیی چەک و دیپلۆماسییەت.......................٨١
- چەک و بەکارهێنانی دوو لایەنە........................٨٩
- کۆنترۆڵکردنی بازرگانیی چەک..........................١٠١
- دۆسێی مینە زەمینییەکان..............................١١١
- چالاکیی لە دژی بازرگانیی چەک.......................١١٩
- سەرچاوەکان.............................................١٣١

# پێشەکی

ئەمڕۆ لە جیهاندا پتر لە (٥٥٠) پێنج سەد و پەنجا ملیۆن پارچە چەک هەیە، (ئەوە بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٥ی نەتەوە یەکگرتووەکان). لە ڕاستیدا ئەو ئامارە تەنها چەکە ئاشکرا و تۆمارکراوەکانی ناو فایلەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگرێتەوە بەبێ جبەخانە زەبەللاحەکانی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی و زۆر چەکی تری کلاسیکی کە لەبەر زۆر هۆ بەنهێنی ماونەتەوە و هەرگیز ئاشکرا ناکرێن. هەروەها ئەو ژمارەیە چەکی (مین)ی تیادا نییە کە لە ساڵی ١٩٩٧دا بە (٢٢٠) دووسەد و بیست ملیۆن مینی زەمینی- شەخسی تۆمارکرابوو بێجگە لە مینی تانک و مینی دەریایی. ئەو نهێنی کاریە بۆمبە هێشوویی و فسفۆڕییەکانیش دەگرێتەوە.

بەڵام ئەو هەموو چەکانە لە پێناوی چیدا؟ بە بەراوردێکی سادەی ئەو ژمارەیەی سەرەوە لەگەڵ کۆی دانیشتوانی سەر گۆی زەویدا دەرئەکەوێت هەر دوانزە کەسێک لە ئێمەی دانیشتوانی سەر ئەم هەسارەیە یەک پارچە چەکمان بەرئەکەوێت کە ئەشێ چەکێکی سوکی شەخسی بێت وەکو دەمانچە، یان چەکێکی قورس و بۆمبێکی ئەتۆمی بێت. ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ، وەک هەر تاکێکی ئەم جیهانە مەترسییەکی گەورە بەردەرگای هەمووومانی گرتووە کە بەرهەم و دەسکەوتی بازرگانیی نێودەوڵەتییە لە بازاڕی ئازادانەی چەکدا. کێ ئەو بازرگانییە دەکا؟ لایەنە فرۆشیار و کڕیارەکان کێن؟ بازاڕی سپی و بازاڕی رەشی چەک چین؟ هۆکار و ئاکامەکانی بازرگانیی چەک چین؟ لایەنگران و دژەکانی بازرگانیی چەک کێن و پاساوەکانیان چین؟ ئەو پرسیارانە و زۆر پرسیاری تریش لەم فایلەدا هەوڵدراوە وەڵامی هۆشیارکەرەوەیان پێ بدرێتەوە. هۆشیاربوونەوە لەو بارەیەوە هۆشیاربوونەوەیە سەبارەت بە یەکێک لە هۆکارە راستەقینەکانی ئەو مەترسییانەی هەڕەشە لە بوونی هەنووکەیی و ئاییندەیی مرۆییمان دەکات، هۆشیاربوونەوەیە بەرامبەر بەبێ پەردەترین شێوازی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە بڕگەی (مافی ژیان)دا، ئەویش لەسەر ئاستێکی جیهانییدا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ کردنەوەی دەروازەیەک بۆ چوونە ناو جیهانی بازرگانیی چەک و دوورنماکانی ئەو بازارە کە لە ژێر ئاڵای (ئاشتی)دا کڕیار و فرۆشیارەکان تیایدا کۆدەبنەوە، قاوە دەخۆنەوە و سەوداکان بەڕێوە دەبەن و ئامرازەکانی لەناوبردنی مرۆڤ بە هەموو قوژبنێکی جیهاندا بڵاودەکەنەوە.

# بازرگانیی چەك: چەمك و پێناسە

سەرەتا، پێویستە لە چەمکی بازرگانیی چەک وردبینەوە. وەک هەر بازرگانییەکی تر بریتییە لە وەبەرهێنانی سەرمایە لە بواری بەرهەمهێنانی جۆرەکانی چەک و پێداویستییەکانیان بە مەبەستی خستنە بازاڕ و فرۆشتن و بەدەستهێنانی قازانج. بەڵام ئەو بازرگانییە بێجگە لە قازانجی ئاسایی ئەشێ لە هەمان کاتدا بەرژەوەندی و قازانجێکی سیاسی و سەربازیشی لەپشتەوە بێت و ئەو ئامانجە سیاسی-سەربازییانەش پاڵپێوەنەرێکی راستەقینەی ئەو چالاکییە ئابوورییە ترسناک و مەترسیدارەبن. هەروەها دەشێ وەک هەر بازرگانییەکی تر لە بازاڕەکاندا ئەنجام بدرێن یان بە نهێنی و داخراوی و قۆرخ کراوی، لەناو سنوری هەمان وڵاتی بەرهەمهێندا بفرۆشرێن یان لە بازاڕی جیهانیدا، لەنێوان بەرهەمهێن و حکومەتەکاندا بە فەرمی ئەنجام بدرێن یان بە قاچاخ و لە بازاڕی رەشدا.

لەرووی چۆنایەتییەوە، جیاوازی نێوان بازاڕی کاڵا ئابوورییەکان و بازاڕی چەک زەق و ئاشکرایە. لە بازاڕی کاڵا ئابووریەکاندا (لەرووی پرەنسیپەوە) ئەو کاڵا و بەرهەمانە دەفرۆشرێن و دەکڕدرێن کە کەڵکی ئابوورییان هەیە چ بەوەی راستەوخۆ لەلایەن بەکاربەرانەوە بەکارببرێن، یان بۆ بەرهەمهێنانی کاڵای تر بەکەڵک بن و بەکاربرێن. بە پێچەوانەی ئەوە، لە بازرگانیی و بازاڕی چەکدا ئەو کاڵا و بەرهەمانە دەفرۆشرێن و

دەکرِدرێن کە لە روانگەی ئابوورییەوە هیچ کەڵکێکیان نییە.

دیارە تا دەسەڵات لەسەر پایەی هێز و چەک و زەبر و زەنگ دامەزرابێت، بەرهەمهێنانی چەک و بازرگانیی چەک هەر دەمێنێ بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی لەشکر و هێزە چەکدارەکان لە جیهاندا. بەوجۆرە، هەر بەشە لەشکرێک لە چەشنی هێزە زەمینییەکان، هێزە دەریاییەکان و هێزە ئاسمانییەکان پێویستیان بەوە هەیە کەرەستەی جۆراوجۆریان بۆ دروست و ئامادە بکرێ. لە جەنگێکی مۆدێرندا زۆر جار ئەو لایەنە گەرەنتی زیاتری سەرکەوتنی هەیە کە چاکترین چەک و ماشێن و تانک و زرێپۆش و تۆپ و فرۆکە و تەکنەلۆجیای پێشکەوتووی لەبەردەستدایە. بەڵام لە راستیدا تەنها چەند دەوڵەتێک و چەند کۆمپانیایەکی کەم ئەو تەکنەلۆجیا پێشکەوتووەیان بەدەستەوەیە کە بتوانن ئامێرەکانی چەکسازی لەگەڵ تازەترین کەرەستە و پێداویستییەکاندا بەرهەم بهێنن. ئەوانە بە کردەوە گەورە بەرهەمهێنەرانی چەکن لە جیهاندا، هەر بەو پێیەش گەورە بازرگانانی چەکن لە جیهاندا.

لێرەدا باس دێتە سەر کارخانەکانی چەکسازی. کارخانەکانی چەک لە هەموو شوێنێکی جیهاندا هەن، بەڵام هەرە سەرەکی و گەورەکانیان لەو وڵاتانەدان کە گرنگترین بەشە ئابووریی جیهان پێکدێنن، واتە: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، فرەنسا، بەریتاپا، روسیا و چین. دامەزراوە چەکسازییەکانی ئەمریکا ساڵانە نزیکەی نیوەی بازرگانیی جیهانی لە بواری چەکدا ئەنجام دەدەن. فرۆشیارە تازەکانی چەکیش لەو وڵاتانە پێکدێن کە پیشەسازییەکی پەرەئەستێنی چەکیان تیادایە و تا رادەیەک لە پێداویستییەکانی خۆیان زیاتر چەک بەرهەم دێنن، لە چەشنی ئیسرائیل، تورکیا، کۆریای باشوور. بۆ روونکردنەوەی زیاتر با سەرنج

**بدەینە ئەو ئامارانەی لە خشتەی ژمارە یەکدا تۆمارکراون دەربارەی گەورەترین (دە) وڵاتی فرۆشیار و کڕیاری چەک لە جیهاندا:**

خشتەی یەکەم: گەورەترین دە وڵاتی فرۆشیار و کڕیاری چەک لە جیهاندا: ئاماری ساڵی ٢٠٠٥

| فرۆشیارەکان | | کڕیارەکان | |
|---|---|---|---|
| ناوی وڵاتی فرۆشیار | بڕی ناردنە دەرەوەی ساڵانەی چەک بە ملیۆن دۆلار | ناوی وڵاتی کڕیار | بڕی کڕینی ساڵانەی چەک بە ملیۆن دۆلار |
| ئەمریکا | ٣٣٠٠٠ | سەعودیە | ٧٧٠٠ |
| بەریتانیا | ٣٢٠٠ | تورکیا | ٣٢٠٠ |
| روسیا | ٣١٠٠ | یابان | ٣٠٠٠ |
| فرەنسا | ٢٩٠٠ | تایوان | ٢٦٠٠ |
| ئەڵمانیا | ١٩٠٠ | بەریتانیا | ٢٦٠٠ |
| سوید | ٦٧٠ | ئیسرائیل | ٢٤٠٠ |
| ئیسرائیل | ٦٠٠ | کۆریای باشوور | ٢٢٠٠ |
| ئوستralیا | ٥٥٠ | یۆنان | ١٩٠٠ |
| کەنەدا | ٥٥٠ | ئەمریکا | ١٦٠٠ |
| ئۆکرانیا | ٥٥٠ | ئەڵمانیا | ١٣٠٠ |

سەرچاوە: ئاماری ساڵانەی وەزارەتی دەرەکی ئەمریکا.

لەو خشتەیەوە دەرئەکەوێت گەورەترین فرۆشیاری چەک ئەمریکایە و گەورەترین کڕیاریش عەرەبستانی سەعودیەیە. ئەو بڕە پارانەی فرۆشتنی چەک تەنها هی ئەو چەکانە نیشان ئەدەن کە بە دەرەوەی ئەو وڵاتانە فرۆشراون. کەواتە بڕێکی زۆرتری داهاتەکانی فرۆشتنی چەک لە ناوخۆی وڵاتە بەرهەمهێنەکاندا روو ئەدەن، واتە فرۆشتنەوەی چەکی بەرهەمهێنراوی کارخانەکان بە لەشکر و رژێمە لۆکاڵەکان لەناو هەمان وڵاتدا. بڕی ئەم بازرگانیەیان لەو فرۆشتنە دەرەکییە زۆر زیاترە. هەروەها سەبارەت بە کڕیارەکانی چەک، ئەو بڕە پارانەی تۆمارکراون هی ئەو چەکانەیە کە لە دەرەوەی ولاتەکەی خۆیانەوە کڕیویانە. بە واتایەکی دی، خەرجیەکانی کڕینی چەکی ناوخۆیی تیادا نییە، چونکە زۆربەی ئەو دەوڵەتە کڕیارانەی چەک کە وەک نمونە هێنراونەتەوە، بۆخۆیان بە رادەی جیاجیا خاوەنی پیشەسازی چەکن و بەشی سەرەکی بەرهەمەکانی چەکی خۆیان بە لەشکرە لۆکاڵییەکانی خۆیان دەفرۆشنەوە، تەنها سەعودییە نەبێت کە پیشەسازی چەک تیایدا زۆر لە دواوەیە و نزیکەی هەموو شتێکی پێویستی لەشکرەکەی لە دەرەوە دەکڕێت.

لەلایەکی ترەوە بازرگانیی چەک هەر تەنها بریتی نیە لە دروستکردن و فرۆشتنی خودی چەکەکان، بەڵکو زۆر شتی تری پەیوەندی داریش دەگرێتەوە. بۆ نمونە بەشی هەرە زۆری چەکە سووکەکان و فیشەک و تەقەمەنی کە بە بەردەوامیی بەکار ئەبرێن، لە پلەی یەکەمدا بە شێوەی نافەرمی دەکڕدرێن و دەفرۆشرێن. هەروەها بەرهەمهێنان و فرۆشتنی ئامرازەکانی گواستنەوەی سەربازی، جل و بەرگ و پێڵاوی فەرمیی- سەربازیی، چەقۆ و حەربە- سەرەنێزە و کاسە و کەوچک

و مەتارە و کۆڵەپشت و بەتانی و چادری سەربازی، کەرەستەکانی خواردن لێنان و پێداویستییەکانی خەستەخانەی مەیدان و ئەندازیاریی سەربازی و زۆر شتی تر دەچنە خانەی ئەو بازرگانییەوە. لە هەمانکاتدا زۆر خزمەتگوزاریش هەن کە لەو بوارە بازرگانییەدا دەفرۆشرێن لە چەشنی هونەری خزمەتکردنی چەک و چۆڵەکان و تازەکردنەوەی چەکە کۆنەکان تا دەگاتە راهێنان و مەشقپێدانی سەربازەکان یان تەنانەت بەکرێ گرتنی سەربازانی شارەزای بێگانە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو کە پێیان دەوترێ (سەربازی بەکرێگیراو) یان (مرتزقە).

ئەو ژمارانە بڕی ئەو بازرگانییەن کە لە بازاڕی سپیدا ئەنجامدراون و بەشێوەی رەسمی و ئاشکرا تۆمارکراون. بەڵام هەر وەکو وتمان بەشێکی ئەو بازرگانییە لە پەنهانداو لە بازاڕی رەشدا جێبەجێ ئەکرێ. هەڵبەت بازاڕی سپی ئەو بازاڕە فەرمی و ئاشکرایەیە کە تیایدا کڕین و فرۆشتن بە بەرچاوی وڵاتانی جیهانەوە ئەنجام ئەدرێ بە رەچاوکردنی نەریت و یاسا نێودەوڵەتیەکان. بازاڕی رەش بە پێچەوانەی بازاڕی سپی بریتیە لە بازاڕی قاچاخ کە تیایدا یان شتی قاچاخ و قەدەغەکراو دەفرۆشرێ یان بازرگانی سنوور بەزێن ئەنجام ئەدرێ دوور لە چاوی یاسا و گومرگ و باج و سانسۆر، یان لەبەر هەر هۆیەکی سیاسی و ئەمنی لە پەنهاندا جێبەجێ ئەکرێت. زۆربەی کارخانەکانی بەرهەم هێنانی چەک لە جیهاندا بەرهەمەکانیان بە رژێمە لۆکاڵییەکانی خۆیان دەفرۆشنەوە، بەشیک لەو بەرهەمانە لە لایەن ئەو رژێمانەوە کە لێیان زیادە، بە قازانجێکی زۆر یان کەمەوە بە وڵاتانێکی تری دەفرۆشنەوە. لە هەمانکاتدا بەشە بازرگانییەکی قاچاخی چەکیش لە ئارادایە. لەو سەودا نهێنییانەدا چەک و تەقەمەنییەکی نەکەم لە رێگای دزەکردن و قاچاخەوە بە گروپی چەکدار و بە رژێم گەلێکی دیاریکراو دەفرۆشرێن

کە هیچ کەس بە تەواوەتی نازانێت بڕی ساڵانەکەی چەندە.

بێگومان ئەوەش جێگای سەرنجدانە کە ئەو چەردە پارەیەی هەر وڵاتێک ساڵانە بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی تەرخانی ئەکات جیاوازە لە بودجەی ساڵانەی ئەو وڵاتە کە بۆ کەرتی سەربازی تەرخانی ئەکات، چونکە بودجەی ساڵانەی سەربازیی هەموو خەرجییە سەربازییەکانی لەشکرەکە دەگرێتەوە لە ساڵێکدا کە ئەشێ خەرجییەکانی کڕینی ساڵانەی چەک و چۆڵیشی تیادابێت یان تییای نەبێت و بودجەی سەربەخۆی بۆ دانرابێت. بۆ نمونە بودجەی سالانەی لەشکری سەعودییە (ئاماری ٢٠٠٣) بریتییە لە (٢٦) بیست و شەش ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا، بەڵام خەرجی ساڵانەی بۆ کڕینی چەک و چۆڵ وەکو تێکڕایەکی ناونجی بریتییە لە (٧,٧) حەوت ملیۆن و حەوت سەد ملیار دۆلار لە ساڵێکدا. بەشێوەیەکی گشتی لە ساڵی ٢٠٠٦دا و بە پێی ئامارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕی (٩٦٠) نۆ سەد و شەست ملیار دۆلار بۆ لەشکرەکانی جیهان خەرج کراوە کە دەکاتە (٢,٦٪)ی سەرجەمی بەرهەمی پیشەسازی لە جیهاندا. ئەو خەرجییە سەرسوڕهێنەرە لە راستیدا لەسەر حیسابی تاک تاکی دانیشتوانی سەر ئەم زەمینە تەواو دەبێت هەر وەکو لە خشتەی ژمارە دوودا دەرئەکەوێت:

خشتەی دووەم: خەرجی ساڵانەی دە گەورە لەشکر و بەرکەوتی ساڵانەی هەر تاکێک لەو خەرجییانە/ ئاماری ساڵی ٢٠٠٦

| ناوی وڵات | خەرجی ساڵانەی سەربازیی بە ملیۆن دۆلار | بەرکەوتی ساڵانەی هەر تاکێک بە دۆلار |
|---|---|---|
| ئەمریکا | ٢٩٠٠٠٠ | ١٢٠٠ |
| روسیا | ٤٥٠٠٠ | ٣١٠ |
| فرەنسا | ٤٠٠٠٠ | ٨٠٠ |
| یابان | ٣٩٠٠٠ | ٣٥٠ |
| بەریتانیا | ٣٧٠٠٠ | ٦٠٠ |
| ئەڵمانیا | ٣٣٠٠٠ | ٥٠٠ |
| چین | ٢٧٠٠٠ | ٢٠ |
| عەرەبستانی سعودی | ٢٦٠٠٠ | ١٤٠٠ |
| ئیتاڵیا | ٢٥٠٠٠ | ٤٠٠ |
| بەرازیل | ١٥٠٠٠ | ٩٠ |

هەمان سەرچاوە

ئەگەر لە خشتەی ژمارە دوو وردبینەوە دەبینین لەناو دە وڵاتدا کە باڵاترین خەرجیی ساڵانەیان بۆ لەشکرسازی هەیە لە جیهاندا، ئەمریکا وەکو سەرکەوتووترین لەشکری زلهێزی جیهان (نەک گەورەترین لەشکر کە روسیایە) زۆرترین خەرجیی ساڵانەی هەیە کە (٢٩٠) ملیار دۆلارە. واتە بودجەی ساڵانەی لەشکری ئەو وڵاتە بە تەنها لە هەر نۆ وڵاتەکانی تری خشتەکە زۆرترە کە بە هەموویان (٢٨٧) ملیار دۆلارە. ستوونی دووەمی ژمارەکان تایبەتە بە خەرجیی نێونجیی ساڵانەی هەر تاکێکی ئەو وڵاتانە لە رووی خەرجییە سەربازییەکانەوە. هەڵبەت خەرجییە سەربازییەکانی ئەو وڵاتانە لە دواشیکردنەوەدا لە داهات و سەرووەت

و سامانی خەڵکەکەوە سەرچاوە دەگرن، هەر بۆیە ئەو بەراوردە زۆر دروستە و ستوونی ئەو ژمارانە ئەوە نیشان ئەدەن هەر تاکێکی ئەو وڵاتە ساڵانە لە خەرجییە سەربازییەکانی وڵاتەکەیان بڕی چەند پارەیان بەردەکەوێ و لە ئەستۆیاندایە. لەوێدا بە روونی ئەوە دەرئەکەوێت کە لە واقعدا سەعودییەی عەرەبی گەورەترین یان زۆرترین خەرجیی ساڵانەی سەربازیی هەیە نەک ئەمریکا، چونکە بەهۆی ڕێژەی کەمی دانیشتوانی سەعودییەوە هەر تاکێکی ئەو وڵاتە (١٤٠٠) هەزار و چوارسەد دۆلار ساڵانەی بەردەکەوێت لە کاتێکدا تاکێکی ئەمریکی (١٢٠٠) دۆلاری لە ئەستۆدایە کە لە ڕێگای باجی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە دەیدات.

بەشێوەیەکی گشتی، بازرگانیی چەک لەلایەک و لەشکرسازی لەلایەکی ترەوە بەشێکی قورسی بودجەی وڵاتان هەڵدەلوشن. لەبەر ئەوە هەمیشە بیر و بۆچوونێکی دژ بە بازرگانیی چەک لە ئارادایە گوایە تا ئەو بازرگانییە بەردەوام بێت جەنگەکان لێرە و لەوێ زیاتر هەڵدەگیرسێن و بەردەوام دەبن سەرەرای زیانە ئابوورییەکانی ئەو بازرگانییە. کەچی بەرامبەر بەو بۆچوونە، بیروبۆچوونێکی تر لە ئارادایە بەرگری لە بازرگانیی چەک دەکات کە لە دونیای ئەمڕۆدا بیروبۆچوونێکی باڵادەستەو لەسەر بناغەی تێزێک دامەزراوە کە دەڵێت: ((بازرگانیی چەک تا زیاتر بێت ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگ کەمتر دەبێت چونکە هەموو لایەنەکان دەستیان بە چەک رادەگا و دەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن و کەس هێرش ناکاتە سەر کەس)). بە دەربڕینێکی تر: ئەگەر دراوسێکەت چەقۆیەکی کڕی، لە بەرامبەردا تۆ دەمانچە و تفەنگێک پەیدا بکە، ئەگەر ئەویش کردی بە دەمانچە و تفەنگ تۆ بیکە بە ئاربیجی و رەشاش و ئیتر بەوجۆرە. ئەوە لۆجیکی بازرگانانی چەک و جەنگە و پاشان زیاتر باسی دەکەین.

# مێژووی بازرگانیی چەك

ئەگەر یەکەمین چەکی بەردین کە لەلایەن مرۆڤەوە داهێنرا بۆ ئەوە بووبێت لە دژی ئاژەڵێکدا بەکاربهێنرێ و راوی پێبکرێ، ئەمێستا و لە سەرەتای شارستانییەتەوە کە لەسەر بناغەی دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا دامەزراوە، چەک لە ماهییەتیدا لە دژی مرۆڤ دروست کراوە و ئەکرێت نەک بۆ ژێردەستەکردنی سروشت. کاتێکیش دروستکردنی چەک وەکو پیشەیەکی دەستیی لە پیشەکانی تر جیابۆوە، ئیدی بازرگانیی چەک لەگەڵیدا هاتە ئاراوە. کەوابوو بازرگانیی چەک بە واتای بەرهەمهێنان و خستنە بازاڕ و فرۆشتن و کڕینی چەک مێژوویەکی دێرینی هەیە و لەگەڵ سەرەتاکانی شارستانییەتی مرۆییدا ئەو بازرگانییەش پەیدا بووە. بەڵام تا سەردەمی پەیدابوونی چەکی گڕدار و سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی، بەرهەمهێنان و بازرگانیی چەک زۆر سنوردار بووە.

لەسەدەی نۆزدەهەمدا چەند وڵاتێک پێشڕەییەکی گەورەیانکرد لەبەرهەمهێنانی چەک و چۆڵدا، ئەویش بەهۆی پەرەسەندنی پیشەسازیی چەک و بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ لە بواری بەرهەمهێنانی چەک و پێداویستییە سەربازییەکانی تردا. داهێنانی چەکی گڕدار لە راستیدا گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی بوو لە مێژوی چەکدا. بەڵام گواستنەوەی دروستکردن و بەرهەمهێنانی چەک لە پیشەیەکی دەستییەوە بۆ بەرهەمهێنانی فراوان لە کارخانەکاندا، گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی

بەسەر بازرگانیی چەکدا هێنا. ئەو گۆڕانکارییە چۆنایەتییانە لە بواری چەکسازیدا کاریگەریی راستەوخۆیان هەبوو بەسەر لەشکرەکانی وڵاتاندا و بوونە هۆی ئەوەی تەواوی پێکهاتەکانیان گۆڕانکاری ریشەییان بەسەردا بێت و وردە وردە لەشکرە کۆنەکان نەمێنن و لەشکری نوێی چەکدارکراو بە تفەنگ و تۆپ جێگایان بگرنەوە. تەنانەت بەهۆی چەکی گڕدارەوە گۆڕانکاریی چۆنایەتی بەسەر ستراتیج و تاکتیکە جەنگییە مەیدانییەکانیشدا هات. هاوشانی ئەو گۆڕانکارییانە و سەرلەنوێ بیناکردنەوەی لەشکرەکاندا، خواستنێکی زۆر بەرفراوان لەسەر چەکە گڕدارەکان هاتە ئاراوە و دەرەنجام بازرگانیی چەک و تەقەمەنیی گڕداری مۆدێرنی ئەو سەردەمەش زۆر خێرا پەرەی سەند و بازاڕی نێونەتەوەیی بۆ پەیدابوو.

کارخانەکانی چەکسازی لەرێگای فرۆشتنی بەرهەمەکانیانەوە دەستکەوت و قازانجیکی زۆریان بەدەست ئەهێنا، هەروەها لە رێگای وەبازاڕخستنی چەک و داهێنراوە تازەکانیانەوە لە چەشنی تفەنگ رەشاش و بۆمبی بەدەستهاوێژ (نارنجۆک) و ژێردەریایی و زۆر داهێنراوی تری سەربازی کە بە لەشکرە گەورە و ناودارەکانیان دەفرۆشت. دۆزەرەوەی ناوداری سویدی (ئەلفرێد نۆبڵ) (١٨٣٣-١٨٩٦) لە رێگای دۆزینەوەکانییەوە لە بواری تەقەمەنی و چەکسازیدا سەروەت و سامانێکی سەرسوڕهێنەری (بە پێوەرەکانی ئەو سەردەمە) کەڵەکە کرد، بە تایبەتی بەهۆی دۆزینەوە و داهێنانی کەرەستەی تەقاندنەوە کە لە دروستکردنی فیشەکدا بەکار ئەهێنرێ و دەبێتە هۆی تێگرتنی فیشەکەکە لە تفەنگەکەوە. واتە لە جیاتی ئەوەی هەموو جارێک تفەنگەکە بە ساچمە و باروت دابگیرایەتەوە و بتەقێنرایە کە کاتێکی زۆری ئەویست، داهێنانەکەی (نۆبڵ) فیشەکی دروستکراوی

ئامادەی هێنایە بازاڕی چەکەوە کە خێرا خێرا دەخرانە تفەنگەوە و بۆ یەکجار دەتەقێنرا، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە سەرجەمی تفەنگە ساچمەزەنە کۆنەکانیش بە تفەنگی نوێی فیشەک هاوێژ بگۆڕدرێن و بازاڕی چەکی ئەوەندەیتر گەرمتر کرد. پاش بێداربوونەوەیەکی ویژدان، ناوبراو (نۆبڵ) بەو سامانە زەبەللاحەی لەسەر حیسابی خوێنی خەڵک لە رێگای پیشەسازی چەک و تەقەمەنییەوە پێکیەوە نابوو، خەڵاتی (نۆبڵ)ی داهێنا بۆ خەڵاتکردنی ساڵانەی ئەو جۆرە داهێنانەی خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکەن لە بوارە جیاجیاکاندا کە تیایاندا خەڵاتی (ئاشتی) لەسەرویانەوە دیاریکراوە.

لە سەدەی بیستەمدا بازرگانیی چەک گۆڕانکاری گەورەتری بەسەردا هات چونکە وڵاتانی پیشەسازیی ئەو سەردەمە دەیانەویست کارخانە و پیشەسازی چەکی خۆیان هەبێت بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییە سەربازییەکانیان تا نەکەونە ژێر کاریگەریی وڵاتانی ترەوە، بەتایبەتی کە ئەگەری جەنگی گەورە بەهۆی ململانێ سیاسییەکانەوە لە ئارادابوو. خۆ چەکدارکردنی خێرا و هەمەلایەنە هۆیەکی کاریگەربوو بۆ بوغرابوون و زەمینە خۆشکردنی زیاتر بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ، بەڵام ئەم جارەیان نەک جەنگێکی لۆکاڵی، بەڵکو جەنگێکی بەرفراوانی جیهانی کە بووە مایەی وەرچەرخان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە هەموو مۆڕاڵە کۆمەڵایەتییەکانییەوە. هەروەها پەرەسەندنی زیاتری پیشەسازیی چەک و داهێنانی پەیتا پەیتای چەکی کاریگەرتر بووە مایەی ئەوەی جەنگەکان لە سەدەی بیستەمدا خوێناوی تربن و لە سنوری نێوان دوو لەشکرەوە تێکەڵ بە کوشتنی خەڵکی مەدەنی بکرێن، بەتایبەتی لەگەڵ داهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکاندا ئەو دیاردەیە وەکو تاوانی جەنگ دەگاتە ئەوپەڕی خۆی. یەکەمین چەکی کۆمەڵکوژ داهێنانی

چەکی کیمیایی بوو کە لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا لەلایەن لەشکری ئەڵمانیاوە بەکارهێنرا. پاشانیش لە دووەمین جەنگی جیهانیدا یەکەمین بۆمبی ئەتۆمی لە مێژوودا لە هیرۆشیما و دووەمیشیان لە ناگازاکی تەقێنرانەوە. هەروەتر لە ماوەی یەکەمین جەنگی جیهانیدا (١٩١٤-١٩١٨) وڵاتە شەڕکەرە سەرەکییەکان توانیبویان تا رادەیەکی زۆر رێگا لەوە بگرن چەک و تەقەمەنی و شتی تر بگاتە وڵاتە دژەکانیان. بەڵام ئەو رێگا لێگرتنە هەر تەنها کەرەستە سەربازی و جەنگییەکانی نەگرتبووەوە، بەڵکو هەموو کەلوپەلێکی مەدەنیشی گرتبووەوە کە ئەمەیان بە هەموو پێوەرەکان دەچووە خانەی تاوانەکانی جەنگەوە. هەر بۆ نمونە ژێردەریاییە بەناوبانگەکانی (U- boten)ی ئەڵمانی رۆڵی کاریگەریان لەو جەنگەدا گێڕا بۆ نوقمکردنی کەشتییە جەنگی و هەروەها بازرگانییەکانی بەریتانیا لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسیدا کە ئەوە بووە هۆی ئەوەی هاوردنی چەک و چۆڵ و پێداویستییە مەدەنییەکان بۆ بەریتانیا نزیکەی بەتەواوی و بۆ ماوەیەک پەکی بکەوێت. لەو ساڵانەی جەنگدا، بەر لەوە و دوای ئەوەش وڵاتان زۆر بە چڕیی دەستیان دابووە کڕینی تەکنەلۆجیای نوێی چەکسازی و دامەزراندنی کارخانەی تایبەت بە خۆیان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی لەشکرەکانیان لەژێر ناوی پیشەسازیی بەرگریکارانە (الصناعة الدفاعية)، ئەویش بە مەبەستی ئەوەی لە جەنگەکانی داهاتوویاندا پێش بە شکست و دۆڕانی لەشکرەکانیان بگرن.

پاش دووەمین جەنگی جیهانی (١٩٣٩- ١٩٤٥) وڵاتە رۆژئاواییە گەورەکان و یەکێتی سۆڤیەت دەستیان دایە ململانێیەکی بەربڵاو بۆ فراوانکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بۆ دەستگرتن بەسەر سەرچاوەی سامانە سروشتییەکاندا لە چەشنی ناوچە دەوڵەمەندەکانی

نەوت، هەروەها ناوچە و رێگا دەریایی و زەمینییە ستراتیجییەکان و بازاڕەکان. هەردوولا بە چڕی هەوڵی ئەوەیان دەدا وڵاتانی خاوەن سەرچاوەی سامانە سروشتییەکان و رێگا و ناوچە ستراتیجییەکان بکەن بە دۆست و هاوپەیمانی خۆیان، ئەویش لە رێگای بەستنەوەی سەرچاوەی چەکدارکردنی ئەو وڵاتانە بە خۆیانەوە. هاوکاتی ئەوەش هەردوو زلهێزەکەی ئەو دەورانە (ئەمریکا و سۆڤیەت) دەستیان دایە بازرگانییەکی بەرفراوانی قاچاخ بۆ ناردنی چەک بۆ جوڵانەوە چەکدارییەکانی دژ بە بەرامبەرەکەیان یان دژ بە دۆست و هاوپەیمانەکانی بەرامبەرەکەیان. ئەو دەورانە پڕ لە گرژییەی نێوان ئەو دوو ئۆردوگا و زلهێزە کە هەرگیز جەنگی راستەوخۆ لە نێوانیانیاندا روویندەدا، لە مێژوودا بە دەورانی جەنگی سارد ناوبانگی رۆیشتووە و وەکو دەڵێن جەنگەکانیان لە رێگای وەکیلە لۆکاڵییەکانیانەوە لە دژی یەکتر بەڕێوە دەبرد. هەموو لایەنە بەشدارەکانی جەنگی سارد بازرگانیی ئاشکرا و نهێنی، رەسمی و بە قاچاخی چەکیان ئەنجام ئەدا و هەموو ناوچەکانی ململانێ و قەیرانە سیاسییەکانیان بە چەک سیخناخ کرد و لە زۆر شوێنی ئەم جیهانەدا لەسەر ئاستی لۆکاڵی و ناوچەییدا کارەساتی گەورەی مرۆییان لێکەوتەوە.

ئەو دەورانە دوو جەمسەرییە کۆتایی پێهات، لە ئەنجامدا گۆڕانکاری بەسەر بازرگانی چەکیشدا هات. دوابەدوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٩١دا و کۆتایی هاتنی دەورانی جەنگی سارد، خەرجییە سەربازییەکان بە رێژەی یەک لەسەر سێ لەسەر ئاستی جیهانیدا هاتە خوارەوە. ئەو گۆڕانکاری و کەمکردنەوەیە بەتایبەتی لەسەر حیسابی روسیا و وڵاتانی تری ئۆردوگای پەیمانی وارشۆ رویدا. خەرجییە سەربازییەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٨٧دا خۆی لە

قەرەی (٢٥٧) ملیار دۆلار دەدا، کەچی لە ساڵی ١٩٩٧دا لەشکری روسی (٢٤) ملیار دۆلار بودجەی ساڵانەی بووە و ئێستاش (٤٥) ملیار دۆلارە. وا دەهاتە بەرچاو کارخانەکانی چەکسازی لە روسیا و ئەوروپای رۆژهەڵاتدا زۆر خێرا روویان لە مایە پووچیی کردبێ. بۆخۆشیان دەیانزانی ئەو گۆڕانکارییە روو دەدات و تەنها بەو جۆرە دەیانتوانی پێشی پێبگرن کە سەر لەنوێ بازاڕ بۆ بەرهەمەکانیان بدۆزنەوە، یان کارخانەکانی چەکسازی بگۆڕن و بیانکەن بە کارخانەی بەرهەمهێنی کاڵا و شتومەکی مەدەنی. بەڵام ئەمەیان هەروا ئاسان نەدەکرا چونکە خەرجی و شارەزایی زۆری دەویست.

بە پێچەوانەی وڵاتانی جارانی پەیمانی وارشۆی هەڵوەشاو، خەرجییە سەربازییەکانی وڵاتانی رۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بەتایبەتی نەک هەر کەم نەکرانەوە، بەڵکو روو لە زیادی بوون. لە ئەنجامدا بازرگانیی چەک لە بازاڕەکانی رۆژئاوا و زۆر وڵاتی دواکەوتوودا لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بە رێژەیەکی بەرچاو پەرەی سەند. ئەو دیاردەیە لە پلەی یەکەمدا بەدوای جەنگی یەکەمی کەنداودا (کوێت) هاتە ئاراوە و وڵاتێکی چەشنی سەعودیە (بۆ نموونە) بە گیرفانێکی پڕەوە کەوتە خۆچەکدارکردن و لە ماوەی پانزە ساڵدا پتر لە (١٥٠)ملیار دۆلاری لە کڕینی چەک و چۆڵدا خەرج کرد. ئەوە سەرەڕای تەقینەوەی قەیرانە جەنگییەکان لە زۆر ناوچەی تری جیهاندا وەک وڵاتانی بەلقان و ئەفریکا و پێشبڕکێی خۆ چەکدارکردن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئاسیای رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و هیند و پاکستان، کە تێکڕا تەوژمێکی تریان دا بە بازرگانی چەک لە جیهاندا. بەڵام لە هەمان کاتدا هۆیەکی تری دیاردەی پەرەسەندنی ئەو بازرگانیە دەگەڕایەوە بۆ بەرنامە نوێسازییەکانی لەشکرەکانی ئەمریکا و پەیمانی

ناتۆ لە دوای جەنگی ساردەوە. لەگەڵ هەلومەرجە تازەکانی جیهاندا لەشکرە رۆژئاواییەکان دەستیاندایە سەر لەنوێ بیناکردنەوەی پێکهاتەی لەشکرەکان و هەڵوەشانەوەی یەکە قورسە جێگیرە کلاسیکییەکان و پێکهێنانی یەکەی نوێی خێرا بزێوی مۆدێرن بۆ دەستتێوەردانی خێرا بەسوود وەرگرتن لە نوێترین تەکنەلۆجیای سەربازی. ئەو بەرنامانەی مۆدێرنیزە کردنە دەرگایەکی تریان بۆ بازرگانیی چەک کردەوە و خێراتر لە جاران رووی لە زیادی کرد.

لەوە بەولاوە گرنگترین و گەورەترین گۆڕانکاریی لەگەڵ سەدەی بیست و یەکەمدا هاتە ئاراوە سەبارەت بە بەرزبوونەوەی رێژەی خەرجییە سەربازییەکانی لەشکرەکانی ئەمریکا و رۆژئاوا بە گشتی، ئەویش بەهۆی ئەو گرژییانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرچاوەیان دەگرت و هەڕەشەی ئاشکرایان لە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و وڵاتانی ناتۆ دەکرد. بۆ نموونە: تەنها لە دوانزە مانگی دوای تەقینەوەکانی یانزەی سێپتەمبەری ٢٠٠١دا نرخی پشکەکانی کارخانەکانی چەکسازی لە چەشنی (لۆکهایدمارتین) و (رایتیۆن)ی ئەمریکی بە رێژەی (٣٩) و (٦٦) لە سەدا بەرزبوونەوە. ئەوە رێژەیەکی زۆر بەرزی نرخی پشکەکانی پیشەسازیی سەربازیی نیشان ئەدات کە پەیوەندی راستەوخۆی بە جەنگی ئەفغانستانەوە هەبوو. درێژە کێشانی جەنگی دژە تیرۆریزم لە ئەفغانستاندا و دوای ئەوەش هێرش بۆ سەر عیراق و درێژە کێشانی جەنگ لە عیراقدا، ئەوجار پرۆژەی سەرلەنوێ بیناکردنەوەی لەشکری عیراقی و قوڵبوونەوەی پێشبڕکێی چەکداری لەسەر ئاستی هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و سەرهەڵدانی ململانێی ئەتۆمی ئێران بەرامبەر بە ئیسرائیل و ئەمریکا، هەموو ئەوانە تەوژمێکی تریان دا بە پیشەسازیی چەک و تەکانێکی گەورە و بەرفراوانیان دا بە بازرگانیی چەک لەسەر

ئاستی جیهانیدا بە رەچاوکردنی قەیرانە جەنگییەکانی ناوچەکانی تری جیهان لە چەشنی کۆریای باشوور و باکوور، کۆریای باکوور و ئەمریکا، چین و تایوان، چین و هیند، هیند و پاکستان، وڵاتانی ئەفریکا . . . تاد.

لەبەردەم ئەو راستییانەدا ئەی تۆ ئەڵێی چی؟ من پێموایە هەر یەکێک لە ئێمە پێویستە وەڵامی خۆی بۆ ئەو پرسیارە هەبێت. بێگومان لەم جیهانەدا خەڵکانێکی زۆر هەن ئەوە بەڕاست و چاک ئەزانن ئەو هەموو تەکنەلۆجیا نوێ و پێشکەوتووە و ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی پسپۆڕ بۆ ئامانجی خزمەتگوزاریی و مرۆڤانە بەکاربهێنرێن نەک بۆ پیشەسازیی چەک و بۆ جەنگ و لەناوبردن و وێرانکاری. مرۆڤایەتی تێری جەنگ و وێرانکاری بووە. بەڵام بەهۆی پێکهاتەی سیستەمە سیاسییەکانی وڵاتانی جیهانەوە ((بەپێی بۆچوونێکی تر)) رژێمە جۆراوجۆرەکان بەرپرسایەتی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکانی خۆیانیان لە ئەستۆدایە و دەبێت رێگا و ئامرازێک هەڵبژێرن بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە وڵاتەکانیان بەرامبەر بە ئەگەری هەر هێرشێکی دوژمنکارانە. لەبەر ئەوە پەنا ئەبەنە بەر کڕینی چەک و چۆڵ، تەنانەت ئەگەر پێویستییەکی راستەوخۆشیان بەو چەک و چۆڵانە نەبێت. لێرەدا روو لە تۆی خوێنەر لەبەر رۆشنایی ئەو دوو هەڵوێستەی سەرەوە ئەم پرسیارانە دێنە ئاراوە:

- ئایا بەڕای تۆ پێویستە حوکمەتەکان پارەوپوڵ و سەروەت و سامانی خەڵکی وڵاتەکەیان کە لە رێگای باجی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە بەدەستی ئەهێنن لە کڕینی چەک و تەقەمەنی و لەشکرسازیدا خەرج بکەن؟
- ئەگەر تۆ (وەکو فانتازیایەکی مەحاڵ) لە جێی ئەوان بیت، ئەو سەروەت و سامانە لە چیدا خەرج ئەکەیت؟

# بازاڕی چەك

کڕین و فرۆشتنی چەک و زەخیرە جەنگییەکان لە شوێنە هەرە هێمن و بێدەنگەکاندا ئەکرێن. بەڵام کارخانەکانی چەکسازی لە زۆر شوێنی ئەم جیهانەدا ساڵانە بۆرسەی چەک و پێشانگای فڕۆکە رێک ئەخەن وەکو بازاڕی کڕین و فرۆشتنی راستەوخۆی چەک. کڕیارەکان دەتوانن دواهەمین بەرهەم لەوێدا تاقی بکەنەوە و لەگەڵ فرۆشیارەکاندا راستەوخۆ کۆببنەوە و پێیان رابگەیەنن بەدوای چیدا ئەگەڕێن. لەماوەی ئەو جۆرە بۆرسەو پێشانگایانەدا گرنگترین و گەورەترین سەودا و مامەڵەکانی کڕین و فرۆشتنی چەک ئەنجام ئەدرێن.

ئەگەر چەکێک لە جەنگێکی راستەقینەدا بەکارهێنرابێ و تاقی کرابێتەوە و لە پێشانگایەکدا بۆ فرۆشتن دانرابێ، فرۆشیارەکەی بە شانازییەوە پیایدا هەڵئەدا و دەڵێت ((ئەو بەرهەمە بەهای خۆی لە پراکتیکدا سەلماندووە)). ئەو جۆرە چەکانەی تاقیکراونەتەوە، لە پێشبڕکێ و کێ بەرکێی کڕین و فرۆشتندا بایەخی پلە یەکەمیان پێ دەدرێ. نمونەیەک بۆ ئەو راستییە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی (UAV) یە کە لە لایەن کۆمەڵە کارخانەیەکی فرە رەگەزی ئەوروپییەوە دروستکرا و بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ٢٠٠١دا لە پێشانگای فڕۆکە لە پاریسدا خرایە بازاڕەوە. ئەو فڕۆکەیە لەبەر ئەوەی لەڕووی تەکنەلۆجییەوە زۆر پێشکەوتووبوو، بەڵام تاقی نەکرابۆوە، خواستنێکی ئەوتۆی

لەسەر نەبوو. کەچی لە پێشانگای ئایرۆسپەیس (Aerospace) ی ساڵی ٢٠٠٢ی ئاسیاییدا هەمان فڕۆکەی بێفرۆکەوانی ((UAV) Unmannd Areial Vehicles)ی ئەوروپی نیشاندرا و خواستێکی زۆریشی لەسەربوو چونکە لەلایەن لەشکری ئەمریکییەوە کە ساڵی پێشووتر چەند دانەیەکی کڕیبوو، زۆر سەرکەوتووانە لە جەنگی ئەفغانستاندا و لە دژی رژێمی تالیباندا بەکارهێنرابوو، یان وەکو دەوترا بەهای خۆی لە پراکتیکدا سەلماندبوو. فڕۆکەی (UAV) بەبێ فڕۆکەوان دەفڕێت و بەریمۆت کۆنترۆڵی کۆمپیوتەری ئاراستە دەکرێ کە بێجگە لە کاری خەفیەکاریی و هەواڵگریی بەسەر هێزە دژەکانەوە، توانای گواستنەوەی موشەک و کامێرای چاودێری و ئامێرە هەستیارەکانی دەستنیشانکردنی شوێن و جوڵەی هێزە زەمینی و ئاسمانی و دەریاییەکانی هەیە. هەمان ئەو فڕۆکەیە پاشان لە جەنگی ساڵی ٢٠٠٣ی عیراقدا بەربڵاوتر بەکارهێنرا.

خێر و بەرەکەتێکی بازرگانیی چەک لە پێشانگاکانی فڕۆکەدا، بەپێچەوانەی بۆرسەکانی چەک، دەرگایان لەبەردەم خەڵکی ئاساییدا کراوەیە و خەڵکێکی زۆر بۆ تەماشاکردن و کات بەسەربردن روویان تێدەکەن. کارخانەکانی دروستکردنی فڕۆکە جەنگییە شەڕکەرەکان بایەخی زۆر بەوە ئەدەن جوانترین دیمەنی سەرسوورهێنەر بۆ تەماشاکەران ساز و ئامادە بکەن و ئەو سەرگەرمییەی خەڵکەکە مەبەستیانە بۆیان دابین بکەن. ئەوەش لە کاتێکدایە کە لە سوچێکی هێمن و دوور لە خەڵکە تەماشاکەرە ئاساییەکەوە کڕیارەکان و فرۆشیارەکان بەیەکەوە دادەنیشن و سەودا و مامەڵەی خۆیان دەکەن.

ئەو جۆرە بۆرسانەی چەک و پێشانگای فڕۆکانە کە دیاردەیەکی جیانەکراوەن لە بازرگانیی چەک، لەلایەن پسپۆڕانی

چەک و ئەفسەرانێکی شارەزای سەربازییەوە پشتگیری دەکرێن. زۆر جار ئەو جۆرە شارەزایانە لەو بۆرسە و پێشانگایانەدا بە شان و باڵی بەرهەمە سەربازی و جەنگییەکانی وڵاتانی خۆیاندا هەڵئەدەن و لەبارەی توانا جۆراوجۆرەکانی چەکەکانیانەوە بۆ کڕیارەکان قسان دەکەن. تەنانەت لەوەش زیاتر لە ڕێگای دیکۆری تایبەتییەوە دیمەنێکی لاسایی کەرەوەی مەیدانێکی جەنگیی دەهێننە ئاراوە بۆ ئەوەی نیشانی بدەن ئەو ئامێرە جەنگییەیان لە پراکتیکدا چۆن کار ئەکات. هەندێ جاریش ئەو ڕوونکردنەوانە لە ڕێگای کۆمپیوتەرییەوە نیشانی کڕیارەکان ئەدەن. بەڵام لە ڕوانگەی هەندێک لە هەڵسوڕاوانی دژ بە بازرگانیی چەک پێویستە ئەو جۆرە کەسە پسپۆڕانە قەدەغە بکرێن و نەهێڵرێن لەو بۆرسە و پێشانگایانەدا بەشداری بکەن بۆ ریکلامەکردن بۆ چەک، چونکە ئەوانە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە کارمەند و پسپۆڕی سەربازین و لە پارەی هاوڵاتیەکانی خۆیان موچە و مانگانە وەردەگرن تا بەرگری لە وڵاتەکەیان بکەن نەک بۆ بازرگانیکردن بە چەکەوە.

لەو بازاڕە ئازاد و ئاشکرایانەی کڕین و فرۆشتنی چەکدا زۆربەی لایەنە فرۆشیارەکان بە ناوی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانەوە بەشداری دەکەن. بەڵام لەو وڵاتانەدا کە بەرهەمهێنانی چەک تیایاندا تەنها لە لایەن دەوڵەتەوە دەکرێ، بەشداریکردنەکانیان بە ناوی دەوڵەتەکانیانەوە دەبێ، لە چەشنی چین و هیند و ئیسرائیل. لێرەدا خشتەی ژمارە (٣) دەخەینە بەرچاو کە تایبەتە بە زانیاری لە بارەی (دە) گەورە کۆمپانیای بەرهەم هێن و فرۆشیاری چەک کە بەشی زۆری بۆرسەکانی چەک و پێشانگاکانی فڕۆکە ئەوان ڕێکیان دەخەن. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە ئەو خشتەیە کۆمپانیا چەکسازییەکانی ڕوسیا و چینی تیادا نییە کە دوو بەرهەمهێن و بازرگانی گەورەی

چەکن لە جیهاندا. ئامارەکانی ئەم خشتەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٣. لە هەرشوێنێکیشدا زاراوەی (سیستەم) بەکارهێنرابێت، ئەوە هەموو سیستمە کۆمپیوتەریەکان و رادار و سیستمی موشەکهاوێژی ئاراستەکراو دەگرێتەوە. پێویستە ئەوەش بوترێت کە هەردوو کۆمپانیای (Northrop Gramman) و (TRW) لێکدران و تێکەڵ بە یەکتر بوونە و بوون بە یەک کۆمپانیا.

### خشتەی سێیەم: دە گەورە کۆمپانیای بەرهەم هێنی چەک

| زنجیره | ناوی کۆمپانیا | وڵات | بەرهەمی سەرەکی | بەرهەمی ساڵانەی بە ملیار دۆلار |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لۆکهیدمارتین | ئەمریکا | فڕۆکە، سیستمەکان.. | ١٨,٦ |
| ٢ | بۆینگ | ئەمریکا | فرۆکەی جەت (نفاثة)، کۆپتەر، موشەک.. | ١٦,٩ |
| ٣ | (BA) ی سیستم | بەریتانیا | فڕۆکەی جەت، کەشتی، فیشەک، و گوللە تۆپ و تۆپی تانک | ١٤,٤ |
| ٤ | رایتیۆن | ئەمریکا | موشەک، سیستمەکان | ١٠,١ |
| ٥ | نۆرترۆپ گروممان | ئەمریکا | فڕۆکە، کەشتی، سیستمەکان | ٦,٦ |
| ٦ | جێنەڕاڵ داینەمیک | ئەمریکا | کەشتی، تانک و زرێپۆش، (IT) واتە تەکنەلۆجیای زانیاری | ٦,٥ |
| ٧ | EADS<br>EADS | فرەنسا<br>ئەڵمانیا<br>ئیسپانیا | موشەک، فڕۆکەی جەت | ٥,٣ |
| ٨ | Thales تالێس | فرەنسا | ئەلیکترۆنیکای بەرگری، سیستمەکان.. | ٥,١ |
| ٩ | Litton لیتۆن | ئەمریکا | ئەلیکترۆنیکا، (IT)، سیستمەکانی مارین (هێزی دەریایی) | ٣,٩ |
| ١٠ | TRW | ئەمریکا | ئەلیکترۆنیکای بەرگری، سیستمەکان | ٣,٣ |
| | | | کۆ | ٩٠,٧ |

سەرچاوە: کتێبی ساڵانەی ئەنیستیتوتی لێکۆڵینەوەی ئاشتیی نێودەولەتی لە ستۆکهۆڵم.

# بازرگانی و بازرگانانی چەك

لەبەر ئەوەی نزیکەی لەسەدا نەوەدی ئەو پارانەی لە بازرگانیی چەکدا دەستا و دەستیان پێدەکرێ بەرێگای رەسمییەوە تێدەپەڕن، وا باو و پەسەندە لە دۆکیومێنتی تایبەتیدا تۆمار بکرێن و بەشێوەی راپۆرت بدرێن بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام بە کردەوە ئەو رێژە بەرزەی پارەو پووڵی بازرگانیی چەک کە تۆمار دەکرێن تەنها بەشێکی ئەو ملیار دۆلارانە دەگرێتەوە کە لە کڕین و فرۆشتنی فڕۆکەی جەنگیی و کەشتی و تانک و زرێپۆش و تۆپ و موشەک و فیشەک و تەقەمەنییەوە دەستاودەستیان پێدەکرێ. ساڵانە ژمارەیەکی زۆر سەودا و مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی چەکە سووکەکان لە چەشنی دەمانچە، تفەنگ، رەشاش، موشەک هاوێژی بەشان هەڵگیراو، هەموو جۆرە تەقەمەنییەک بە نارنجۆک و مینەوە... تاد , لە رێگای بازرگانیی قاچاخەوە ئەنجام ئەدرێن و سەرچاوەی قازانجێکی زۆرن بۆ بەرهەمهێنەرەکانی چەک.

لەلایەکی ترەوە بازرگانیی بە چەکی کۆنەی دەستی دووی لەنگەشەوە دەکرێت. بۆ نمونە لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠دا فەرەنسا کۆنە کەشتییەکی فڕۆکەهەڵگری تەمەن (٣٧) ساڵەی خۆی کە ناوی (ئەدمیراڵ فۆچ) بوو، فرۆشت بە بەرازیل. ئەو سەودایە نموونەیەکی

فرۆشتنی چەک بوو بە شێوەی فەرمی و ئاشکرا و وەکو دەڵێن نموونەیی بوو کە دەکرێ چاوی لێ بکرێت. فەرەنسا بەرنامەی مۆدێرنیزە کردنی هێزە دەریاییەکانی بەدەستەوە بوو. بۆ ئەو مەبەستەش نەیدەتوانی چیتر ئەو کەشتییە کۆنە بەکار بهێنێت. لە بازاڕی دەستی دووشدا کەشتییەکە بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو. وڵاتی بەرازیل لێی هاتە پێشەوە و ئامادەیی دەربڕی بە بڕی (١٢) دوانزەملیۆن دۆلار لێی بکڕێتەوە. ئەو دوانزە ملیۆن دۆلارە ئەگەر چی بە رووکەش نرخێکی زۆر کەم بوو بۆ کەشتییەکی جەنگیی فڕۆکەهەڵگر، بەڵام بۆ فەرەنسا قازانج بوو چونکە کەشتییەکە تەمەنی بەکاربردنەکەی خۆی تەواوکردبوو (العمر الاستهلاکی) و نرخی هاتبووە سەر سفر و دەبوا پارەیەکی زۆری تیا سەرف بکەن بۆ ئەوەی بیخەنە سکرابخانەوە. بەڵام لەوەش زیاتر ئەو سەودایە بەشێوەیەکی تر بۆ فەرەنسا بە قازانجێکی زۆرتر تەواوبوو، چونکە کەشتییەکە بەتەنها هیچ سوودێکی بۆ بەرازیل نەبوو، بەڵکو دەبوا لانی کەم بای (٨٠) هەشتا ملیۆن دۆلار فڕۆکەی (جەت)ی فەرەنسی و کەرەستەی تری بۆ بکڕێت تا بە واتا جەنگییەکەی بەکەڵک بێت. هەر بەو جۆرەش ئەنجام درا. ئەو کڕین و فرۆشتنە بە رەسمی لە نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمارکرا.

بەڵام لە بازرگانیی چەکدا هەمیشە سەودای قاچاخ هەبووە و بۆ ئەو مەبەستەش دەڵاڵ و مافیای نێودەوڵەتی هەبوونە کە شارەزای رێگا قاچاخەکانی کڕین و فرۆشتنی چەکن. بێگومان ئەو جۆرە بازرگانییەی چەک کە لە رێگای نا فەرمییەوە ئەنجام ئەدرێن پێویستییان بە کاری پسپۆڕانەی شارەزا هەیە. ئەو بازرگانە قاچاخانەی چەک دەبێ زۆر بە توانا و لێهاتوو بن بۆ دۆزینەوەی کڕیارێکی ساختە (واتە وڵاتێک) بۆ ئەوەی بەو ناوەوە ((بەڵگەنامەی دوا بەکارهێن)) بۆ ئەو چەک و چۆڵە

دەربهێنن کە دەیانەوێ بە قاچاخ بیکڕن و بە لایەکی تری بفرۆشنەوە. ئەو بەڵگەنامە ساختەیە لە راستیدا وەکو پاسپۆرتێک وایە بۆ ناردن و سەفەرپێکردنی چەکە قاچاخەکان کە تیایدا ئەوە روون دەکرێتەوە ئەو چەکانە بە کام دەوڵەت فرۆشراون (بێگومان دەوڵەتێکی ساختە). بەو جۆرە لە رێگا نێودەوڵەتییەکاندا دەربازیان دەکەن. هەر وەکو باوە و دەڵێن گوایە کارمەندانێکی بە دەسەلات لە ولاتانی (پیرۆ) و (ئۆردون) هەمیشە ئامادەبوونە بەرامبەر بە بەرتیلێکی چەور ئەو جۆرە دۆکیومێنتە ساختانە رێک بخەن. ئیدی هەر کە چەکەکان لە سنووری ولاتە بەرهەمهێنەکەوە کەوتە رێ، بەو بەڵگە ساختانەوە دەتوانرێ بەرەو ولاتە کڕیارە قاچاخەکە بەڕێ بخرێن (یان بەرەو گروپێکی چەکداری) کە زۆر جار بۆ ئەو گواستنەوەیە دۆکیومێنتی دووهەم بۆ چەکەکان دروست ئەکرێ بەناوی کالا و شتوومەکی بازرگانیی ئاساییەوە. بۆ گواستنەوەشیان کەشتیی بازرگانی و رێگای بازرگانی بەکارئەهێنرێن. تۆڕی ئەو مافیانەی بازرگانی بە چەکی قاچاخەوە ئەکەن هەزاران کەس لە ولاتە جیاجیاکاندا لە خۆیان کۆئەکەنەوە و زۆر رێکخراوانە و بە نهێنی کارەکانیان ئەنجام ئەدەن. لەم سالانەی دوای جەنگی سارد مافیاکانی روسیا لە بواری فرۆشتن و گواستنەوەی چەکی قاچاخدا وەک دەڵێن جڵەویان گرتۆتە دەست و لە ریزی پێشەوەدان.

مەترسیدارترین لایەنی بازرگانیکردن بە چەکی قاچاخەوە کڕین و فرۆشتنی کەرەستەکانی دروستکردنی چەکە کۆمەڵکوژەکانە بەدوور لە چاوی یاسا و نەریتە نێودەوڵەتییەکانی بازرگانی چەکەوە. دیارە هەندێ چەک زۆر بە توندی کۆنترۆڵ دەکرێن، بەتایبەتی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە چەشنی چەکە ئەتۆمی و بایۆلۆجی و کیمیاییەکان. یەکێک لە نموونە هەرەزەقەکانی قاچاخچێتی بەو چەکانەوە، دروستکردنی چەکی کیمیایی

بوو لەلایەن رژێمی بەعسییەوە لە عیراقدا کە لە جەنگی عیراق- ئیراندا بەکارهێنرا، هەروەها لە دژی کورد بە بەربڵاوی و لانی کەم لە (٤٢) چل و دوو شوێنی تۆمارکراودا بەکارهێنراوە کە پۆپەیان کیمیابارانی شارۆچکەی هەڵەبجە بوو. سەرچاوەی تەکنەلۆجیای دروستکردن و کەرەستە خاوەکانی چەکی کیمیایی لە عیراقدا لە پلەی یەکەمدا وڵاتانی روسیا، فرەنسا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا و ئەڵمانیا بوون کە تەواوی ئەو کەرەستە و تەکنەلۆجیایەیان بەرێگای قاچاخ و لە رێگای دەلالەکانی چەکەوە فرۆشتبوو بە عیراق و بە هاوکاری پسپۆڕە روسەکان پیشەسازی ئەو چەکانەیان دامەزراند.

لەدوای کۆتایی پێهاتنی جەنگی سارد و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، بەتایبەتی دوای ئەوەی پتر لە یەک ملیۆن سەرباز و دەیان هەزار ئەفسەری پسپۆڕی رووسی لەشکرەکەیان بەجێهێشت لەبەر ئەوەی توانای ئەوە نەمابوو موچەی مانگانەشیان بدەنێ، ئیدی لەسەر ئاستی جیهاندا مەترسی ئەوە پەیدابووئەو لەشکرە بێکارە گەورەیەی روسیا لە زانایانی چەکسازی و پسپۆڕانی سەربازی دەست بدەنە فرۆشتنی زانیاری و شارەزایی و تواناکانیان لە بواری پیشەسازیی چەکە کۆمەڵکوژەکان بە وڵاتانی تر. رەنگبێ وڵاتێکی وەکو سوریا سوودی لەو بارودۆخ و دەرفەتە بینیبێت بۆ دروستکردنی چەکی کیمیایی کە وەکو دەڵێن ئێستا گەورەترین ئەمباری ئەو چەکەی هەیە لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. بەڵام ئەوەشیان رێی تێ ئەچێ کە عیراق لە ١٩٩١ بەدواوە و بە ناچاریی بەشێکی زۆری شارەزایی و کەرەستە و تەکنەلۆجیای دروستکردنی چەکە کیمیاییەکانی بە نهێنی بۆ سوریا گواستبێتەوە. هەموو ئەوانە گریمانن و رێیان تێدەچێ. بەڵام ئەوە یان راستییە کە ئەو مەترسییانەی پاش هەرەسی یەکێتی سۆڤیەت

چاوەڕوان ئەکرا رووبدەن سەبارەت بە بەرهەڵدابوونی بازرگانیکردنی قاچاخ بە زانیاری و تەکنەلۆجیای چەکە کۆمەڵکوژەکانەوە، بەو جۆرە پێشبینی کراوە روویان نەدا و روسیا بۆ خۆی تا ئەوپەڕی توانا کۆنترۆڵی کرد ئەگەرچی گەرەنتی سەد لە سەدی نییە بۆ ئەوەی بە شێوەیەک لە شێوەکان روونەدابێ.

هەرچی مەترسی دەست راگەیشتنی تۆڕە تیرۆریستییەکانە بە چەکە کۆمەڵکوژەکان کە زۆر بە پەرۆشەوە دەیانەوێ لە رێگای دەلالان و بازرگانانی قاچاخی چەکەوە دەستیان پێ ڕابگات، هەروا بە ئاسانی بۆیان ناچێتە سەر. ئەوان یان دەبێ ئەو زانیارییە زۆر نهێنییانە لە سەرچاوەکانەوە بدزن، یان دەبێ سەرمایەیەکی زۆر لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستی و پیشەسازی تەکنەلۆجیای دروستکردنی ئەو چەکانە بخەنە کارەوە، کە ئەوەشیان بە نهێنی و بۆ گروپگەلێکی نهێنی مەحاڵە ئەنجام بدرێ. بەڵام بۆ دەوڵەتێکی وەکو ئێران ئەچێتە سەر (ئەگەر پێشگیری لێ نەکرێت) هەروەکو چۆن پێشتر بۆ ئیسرائیل، هیند، پاکستان و کۆریای باکوور چۆتە سەر. بەهەرحاڵ، تۆڕە تیرۆریستییە نهێنییەکان چەکی کۆمەڵکوژی زۆر هەرزانتریان لەبەردەستدایە کە پێویستی بە تەکنەلۆجیای گرانبەها نییە، واتە بۆمبە مرۆییەکان و خۆتەقاندنەوەی تیرۆریستانە.

لەو باسانەی کە کردمان نابێ ئەو ئەنجام گیرییە بکەین گوایە هەر مافیاکانی چەک ئەو جۆرە بازرگانییە قاچاخە ئەکەن. بە پێچەوانەوە، زۆرجار ئەو کارە بە ئاگاداری دەوڵەتەکان ئەنجام دراون و لە چوارچێوەی ململانێ سیاسییەکاندا بە بازرگانییەکی چاو لێپۆشراو لێکدراوەتەوە و پشتگیریش کراوە و ئاسان کارییان بۆ کراوە. رۆژنامە نووسی بەناوبانگی ئەمریکی (کێن لیڤرستاین)ساڵانێکی دوور و درێژ سەرقاڵی ئەنجامدانی

لێکۆڵینەوە بوو دەربارەی ئەو پیاوە راستەقینانەی لە پشتی بازاڕە خۆڵەمێشییە (نیوەقاچاخ) و بازاڕە رەشە قاچاخەکانی کەرەستە سەربازییەکانەوە راوەستاون. لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (جەنگاوەرە تایبەتەکان) (Private Warriors) دا باسی (ئێرنست وێرنەر گلات) ی ئەمریکی ئەکات کە لە ساڵەکانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە بازاڕی رەشدا بازرگانی بە چەکی قاچاخەوە دەکرد و لە پلەی یەکەمدا ئەو چەکانەی دەکڕییەوە کە لە وڵاتە بەناو کۆمۆنیستییەکاندا دروستکرابوون. لە ژێر چاودێری و بە ئاگاداری و لەسەر داوای دەزگاکانی پەنتاگۆن و (CIA) ئەمریکی، گلات ئەو چەکانەی دەگەیاندە ئەو جوڵانەوە چەکدارییانەی دژ بە کۆمۆنیزم و دژ بە رژێمە هاوپەیمانەکانی ئۆردوگای سۆڤیەتی بوون، واتە دەیفرۆشتنەوە بەو جوڵانەوانەی لەلایەن ئەمریکاوە پشتگیری دەکران. لە روانگەی ئەمریکییەکانەوە دوو هۆ و پاساو بۆ ئەو هەڵوێستەیان هەبوو. لەلایەکەوە ئەگەر ئەو جوڵانەوە چەکدارییانە ئەو جۆرە چەکانە بەکاربهێنن، ئیدی ناتوانریت بکرێن بە نەقیزە و ئاراستەی لەشکری ئەمریکی بکرێن. لەلایەکی تریشەوە بە هۆی ئەوەی ئەو جوڵانەوە چەکدارییانە هەمان چەک و چۆڵی لەشکری وڵاتەکەی خۆیان بەکاردەهێنن، دەتوانن لە شەڕەکانیاندا لە هەمان جۆری چەکە بەکارهێنراوەکانی خۆیان بە دەستکەوت بگرن و بەکاریان بهێننەوە. بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەو نموونەیەوە باسی بکەین ئەو راستییەیە کە (گلات)ی دەڵاڵی چەک لەو رێگایەوە بوو بە دەوڵەمەندێکی زۆر قورسی خاوەن زەوی و زارێکی پان و بەرینی کشتوکاڵی لە ئەمریکادا و کێڵگەی گەشت و گوزاری تایبەتی لە سکۆتلەندا و نەمسا، سەرەڕای سێ شالێی گەورە لە سویسرا و ئاپارتمێنتی تایبەتی لە لەندەن و شوێنانی تر. لێرەدا

ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە: ئەو هەموو دەستکەوت و پارە رەش و قاچاخانەی چۆن و لە چ رێگایەکەوە بۆ کرا بە پارەی سپی و یاسایی تا بتوانێت لە بانقەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، سویسرا و زۆر شوێنی تردا دایانبنێ و وەبەریان بهێنێ؟ ئەوەیان بە ئاگاداری و پشتگیری و چاولێپۆشی ئەمریکا ئەنجامدراوە و رەنگبێ ئێستاش ئەگەر لە ناو دەزگا نهێنییەکانی ئەمریکادا بە چپە ناوی (گلات) بهێنرێ، بە نازناوی پاڵەوانێکی نەتەوەیی ئەمریکا ناوی ببرێ. ئیدی وڵاتێکی وەکو ئەمریکا کە بۆ خۆی دەستی لە بازرگانیی قاچاخی چەکدا هەبێت، دەبێ ئەوانی تر بۆ نەیکەن؟ یان دەبێ چاوەڕوانیی لە کێ بکرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی بازرگانیی قاچاخی چەک؟

# پسپۆڕانی سەربازیی بۆ بەکرێدان

دوابەدوای جەنگی سارد وڵاتانێکی زۆر لەشکرەکانیان کەمکردەوە. لەنێوان سالانی ۱۹۸۷ و ۱۹۹٤دا نزیکەی پێنج ملیۆن سەرباز و ئەفسەر کارەکانیان لەدەست دا. بەشی هەرە زۆری ئەوانە خۆیان فێری پیشەی نوێ کرد و تێکەڵ بە کۆمەڵگای مەدەنی بوونەوە. بەڵام دەیان هەزاریشیان لەوانەی کە پیشەی سەربازیی و چەکداریی تێکەل بە دەماریان ببوو درێژەیان بە پیشەکەی خۆیان دا، ئەویش لە دەرەوەی لەشکرەکانی پێشووی خۆیان، واتە لە کۆمپانیا بازرگانییە سەربازییە تایبەتەکاندا بۆ بەکرێدانی سەربازانی شارەزا خۆیان ناونووس کرد بە ناونیشانی پیشەیی ((سەربازی ئامادە بۆ خزمەت))، یان سەربازانی بەکرێدراو یان بەکرێ گیراو (مرتزقە). ئەوە دیاردە و دەستکەوتێکی تری گلۆبالیزم بوو لە بازاڕی ئازاددا. ئەمانە ئیدی بوون بە هێزێکی پیشەیی و شارەزا کە هەموو کەسێک دەیتوانی بەکرێیان بگرێ و لە هەموو شوێنێکی جیهاندا بەکاریان بهێنێ چ بۆ ئەوەی سەربازە لۆکاڵییەکانی ئەو شوێنەی بەکرێیان گرتوون ببەن بە ڕێوە و رایانبهێنن، یان لە کردە جەنگییەکاندا بەشداری راستە و خۆ بکەن. پیشەیەکی پڕ لە مەترسی، بەڵام گران بەها و پڕ لە قازانج. ئێستا

ئەوە بووەتە مەیدانێکی تری بازرگانیی سەربازیی- جەنگیی کە قازانجی سەرسوڕهێنەری بۆ کۆمپانیاکان تێدایە و بە کارێکی قاچاخیش لەقەڵەم نادرێ. هەر بۆیە هەنووکە ژمارەیەک کۆمپانیای زەبەلاح پەیدا بوونە و هەزاران پسپۆڕی سەربازیی و سەربازی پیشەییان لەبەردەستدایە و بازرگانییان پێوە دەکەن. ئەگەر کۆنە سەربازی پیشەیی و شارەزاشیان لێ کەم بێت یان چنگیان نەکەوێت، خۆیان خەڵکانی نوێ مەشق ئەدەن و دەیانکەن بە چەکداری پیشەیی شارەزا و بەکرێیان ئەدەن.

تەنانەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش جار و بار پەنا ئەباتە بەر بەکرێ گرتنی ئەو جۆرە سەربازانە بۆ ئەنجامدانی ئەرکە ئاشتییەکانی. بۆ نمونە لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا ئەو فەیلەقە سەربازییەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە رەوانەی یۆگۆسلافیای جاران کرا، سەربازانێکی پیشەیی لەو جۆرەیان تیادا بوو کە لە ڕێگای کۆمپانیای داین کۆرپ (Dyn Corp)ەوە بەکرێ درابوون. بەڵام پاشان هەرایەکی گەورە لەسەر ئەو کۆنتراتە نرایەوە و بە کارێکی گەندەڵی ناوزەدکرا، بەتایبەتی دوای ئەوەی کارمەندانی سەر بە داین کۆرپ بەوە تۆمەتبارکران کە داهات و قازانجی زۆری لابەلایان بەدەستهێناوە لە ڕێگای فرۆشتنی چەکی قاچاخەوە بە گرووپە چەکدارە لۆکاڵەکان، هەروەها لە ریگای بازرگانی کردن بە ژمارەیەکی زۆر ئافرەتانی سۆزانیی ئەوروپای رۆژهەڵات و فرۆشتنەوەیان لە ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمریکادا. هەر لەو هەرایەدا ناوی خانمی بە رەگەز کرواتی (کاترین بۆلکۆڤاک) هاتە ناوانەوە و کارەکەی خۆی لەدەستدا بەهۆی ئەو رۆڵەی کە گێڕابووی بۆ ڕێکخستنی کڕین و فرۆشتنی چەکە قاچاخەکان و دەلالّی کردن لە نێوان ئەندامەکانی داین کۆرپ و گرووپە چەکدارەکاندا، هەروەها دەڵاڵی کردن بۆ ڕێکخستنی تۆڕی ئافرەتە سۆزانییەکان و

بازرگانی پێوەکردنیان لەرێگای هەمان کۆمپانیاوە. دیارە لەو رێگایەوە خانمی ناوبراو قازانجێکی زۆری دەلاڵیەکانی بەدەست هێنابوو. پاشان دادگایەکی بەریتانی ناوبراویان تۆمەتبار کرد و بە سەد هەزار پاوەندی ئیستەرلینی غەرامەیان کرد.

هەروەها بەکرێدانی پسپۆڕانی سەربازیی لەلایەن دەوڵەتانیشەوە ئەنجام دراوە و ئەنجام ئەدرێ. لەکاتی جەنگی عیراق – ئیراندا، لە ساڵەکانی هەشتاکاندا، راوێژکارانێکی شارەزای سەربازیی ئەمریکی رەوانەی عیراق کران و زۆر بە چڕیی دەستیان دایە مەشقپێدانی سەربازان و ئەفسەرانی سنفی تانک و فێرکردنیان بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی تانک لە مەیدانی جەنگی راستەقینەدا، واتە راهێنانیان لەسەر تاکتیکە مەیدانییەکانی جەنگی تانکەکان کە لە شکری عیراق لەو بوارەدا هەمیشە سەرکەوتوو بوو لەبەرامبەر لەشکری ئێراندا. نمونەیەکی تری ئەو جۆرە بەکرێدانە رەسمییانەی شارەزایانی سەربازیی بریتییە لە ناردنی ئەو دەیان شارەزایانەی بواری پیشەسازیی چەکی کیمیایی کە لە هەشتاکاندا لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە رەوانەی عیراق کران. ئەوە درزێوترین شێوازی بازرگانیی چەک بوو کە یەکێتی سۆڤیەت لە رێگای فرۆشتنی زانیاریی پیشەسازیی چەکی کیمیاییەوە ئەنجامیدا و هیچی لە کۆمپانیا رۆژئاواییەکان کەمتر نەبوو کە ژێر بەژێر کەرەستەی خاویان بۆ ئەو چەکانە بە عیراق دەفرۆشت.

مەیدانێکی تری بەکارهێنانی ئەو سەربازە پیشەییە بەکرێگیراوانە بریتییە لە پاسەوانیکردن و پاراستنی ئەو کۆمپانیا رۆژئاواییانە کە لە وڵاتە قەیراناوییەکاندا کار و چالاکیی ئابووریی و بازرگانی دەکەن. هەندێ جار ئەو کۆمپانیا رۆژئاواییانە کرێی تایبەتی دەدەن بە رژێمێکی دیاریکراو (لۆکاڵی یان دەرەکی) بۆ ئەوەی سەربازانی پیشەیی و

تایبەتییان بۆ دابین بکەن. هەندێ جاری تریش خودی رژێمەکان بۆ مەبەستی خۆیان لەو جۆرە سەربازە پیشەییە نێونەتەوەییانە بەکرێ دەگرن. بەڵام لەشکرۆکەی بەکرێگیراوان لە هەموو کاتێکدا خۆشەویست نین. لە ساڵی ١٩٩٧دا لەشکرە لۆکاڵییەکەی (پاپوای گۆیانای نوێ) گەیاندییە ئەو رادەیەی راپەڕین لە دژی رژێمەکەی خۆیان بەرپا بکەن وەک کاردانەوەیەک بۆ سیاسەتە جەنگیی و سەربازییەکانی رژێمەکە کە دەیویست لەشکرۆکەیەکی بەکرێگیراوی دەرەکی بەکاربهێنێت بۆ پاسەوانیکردن و پاراستن و کۆنترۆڵکردنی کانەکانی بەرهەمهێنانی مس کە سەر بە کۆمپانیای (کانی)ی ریۆتینتۆ بوو. ئەو کانە کە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی وڵاتەکەیە، کەوتۆتە سەر دورگەی (بۆگاینڤیلا) کە جوڵانەوەیەکی چەکدارانەی سەربەخۆییخوازانەی تیادایە و لە دژی ئەو جوڵانەوەیە سەرانی رژێمەکە دەیانویست ئەو لەشکرە بەکرێگیراوە بەکاربهێنن، بەڵام بە هۆی نارەزایی لەشکرە لۆکاڵییەکەوە بۆیان نەچووە سەر.

زۆر جاران بەکرێدانی شارەزایانی سەربازیی هەر لە چوارچێوەی کۆنتراکتەکانی (گرێبەستەکانی) فرۆشتنی چەکەکاندائەنجام ئەدرێن و کارخانەی بەرهەمهێنی چەکەکان یان رژیمە فرۆشیارەکانی ئەو چەکانە خزمەتگوزارییە سەربازییەکان دەخەنە ئەستۆی خۆیان، ئەویش بەرامبەر بە کرێ و پارەیەکی جیا لە نرخی فرۆشتنی چەکەکان. ئەوە لە پلەی یەکەمدا بۆ فێرکردن و مەشقپێدانی کڕیارەکانە لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی ئەو چەک و چۆڵانە. بۆ نمونە کۆمپانیای بە ناوبانگی (communications-L٣)ی ئەمریکی کۆمپانیایەکی پسپۆڕە بۆ راهێنانی فرۆکەوانانی سەربازیی و مەدەنی بەبەکارهێنانی ئامێرە کۆمپیوتەرییەکانی فڕینی لاساییکردنەوە، هەروەها پسپۆڕە لە چۆنێتی

بەکارهێنانی چەکە جۆراوجۆرەکانی تریشدا. ئەو کۆمپانیایە ئەگەرچی لە پلەی یەکەمدا خزمەتگوزارییەکانی بە لەشکری ئەمریکی دەفرۆشێت، بەڵام بۆ بازاڕی دەرەکیش دەرگاکەی کراوەیە.

نموونەیەکی تری بەکرێدانی خزمەتگوزارییەسەربازییەکان لەلایەن کۆمپانیای (MPRI)ەوە ئەنجام ئەدرێ کە کۆمپانیایەکی پسپۆڕە بۆ مەشقپێدانی سەربازیی لەسەر چەکە جۆراوجۆرەکانی هێزە زەمینییەکان. ئەو کۆمپانیایە لە کاتی جەنگی ناوخۆی نێوان کرواتییەکان و سەربییەکان لە ساڵانی نەوەتەکاندا مەشقی سەربازە کرواتییەکانی ئەدا. پاشان هەر ئەو لەشکر و سەربازە کرواتییانەبوون کە لەو جەنگەدا تاوانی جەنگ و جینۆسایدیان لە دژی خەڵکی سیڤیلی سەربییەکان ئەنجام دا.

زۆرجار حکومەتەکان کارمەندان و شارەزایانی سەربازیی خۆیان لە شێوازی راوێژکار و چاودێر و مامۆستا و مەشقپێدەردا رەوانەی وڵاتانی تر دەکەن، بەتایبەتی کە چەکیان پێفرۆشتبن یان هاوپەیمانی و دۆستایەتییان لە نێواندا بێ. ئەو جۆرە کەسانە دەتوانن شارەزاییە سەربازی و جەنگییەکانیان لەو شوێنانەدا بخەنە کار یان بەشداری لە بیناکردنەوەی سەرلەنویی لەشکری ئەو وڵاتانەدا بکەن، بەتایبەتی ئەگەر ئەو وڵاتە هاوپەیمانێک بێت بۆ وڵاتی چەکفرۆش و لەلایەن وڵاتیکی یان هێزێکی سێهەمەوە هەڕەشەی هێرشی لەسەربێت. زۆرجار روویداوە هێزی سەربازییش یان پسپۆڕانی سەربازیی رەوانەی وڵاتانی تر کرابن بۆ پشتگیری کردنیان کە ئەشێ چەک فرۆش و چەک کڕیش نەبووبن لەگەڵ یەکتردا. بەو واتایە، لە ساڵی ١٩٧٥دا وڵاتی کوبا هەزاران سەربازی شەڕکەری خۆی رەوانەی ئەنگۆلا کرد لە ئەفریکا بە مەبەستی بەرگریکردن و یارمەتیدانی رژێمی بەناو سۆسیالیستیی ئەنگۆلا لە دژی ئەو جوڵانەوە چەکدارییەی لەلایەن ئەمریکا و ئەفریکای باشوورەوە

پشتگیری دەکرا. نمونەی تری لەو بابەتە زۆرن وەکو جەنگی ڤێتنام، جەنگی رووخاندنی تالیبان لە ئەفغانستان و بیناکردنەوەی لەشکری ئەفغانی، جەنگی عتراق لە ٢٠٠٣دا و بیناکردنەوەی لەشکرەکەی...

لێرەدا جێگای خۆیەتی هەر یەکێک لە ئێمە بیر لەوە بکەینەوە وەڵام بەم پرسیارانە بدەینەوە:

• جیاوازی چییە لە نێوان فرۆشتنی چەک بە وڵاتێک لەگەڵ بەکرێدانی سەربازانی پیشەیی بە هەمان وڵات بۆ ئەوەی لە جەنگێکدا بە سەرکەوتن بگات؟

• ئایا ئەو سەربازە نێودەوڵەتییە بەکرێگیراوانە هیچ ئینتیمایەکی نیشتیمانی و ئەخلاقی و ئینسانییان هەیە تا پرەنسیپێکیان بۆ دیارییکات؟ چ گەرەنتییەک هەیە بۆ ئەوەی تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆیی ئەنجام نەدەن؟

• ئەشێ چ جۆرە گیروگرفت و قەیرانێک سەرهەڵبدەن ئەگەر سەربازی بەکرێگیراو لە جێگای سەربازی ئاسایی و فەرمیی بەکاربهێنرێن؟

• ئەگەر بە کرێدانی سەربازی پیشەیی (نێودەوڵەتی و فرەڕەگەز) قەدەغە بکرێت، چ ئاکامێکی لێدەبێتەوە؟

• سەربازانی بەکرێگیراو کە پێشبینی ئەوەیان لێدەکرێ هەموو جۆرە تاوانێک ئەنجام بدەن، دەچنە ژێر بار و دەسەڵاتی کام یاسایەوە بۆ سزادان؟ یاساکانی ئەو وڵاتانەی بەکرێ خزمەتیان تیادا ئەکەن یان وڵاتە ئەسڵییەکانی خۆیان کە ئەشێ هەر چەند سەربازێکیان رەگەزێکی جیای خۆی هەبێت؟

# جەنگ و ئاشتی

بە بیروبۆچونی لایەنگرانی بازرگانیی چەک ئەگەر هەموو لایەنەکان بە چاکی چەکدار بکرێن، ئیدی هیچ کەس و لایەنێک لەخۆی رانابینێت جەنگ بەرپا بکات و هێرش بکاتە سەر لایەنێکی تر. بەپێی ئەو بۆ چوونە، بازرگانیی چەک ئامرازێکە بۆ برەو پێدانی ئاشتی. بە پێچەوانەی ئەو پاساوە، دژانی بازرگانیی چەک وای لێک ئەدەنەوە کە بڵاوبوونەوەی بێ سنووری چەک خۆی لە خۆیدا هاندەرێکە بۆ زیاترکردنی گیانی دوژمنکارانە و بەرپاکردنی جەنگ. لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی ساردەوە کە بڕیار و پێشبینی وابوو گرژییە نێودەوڵەتییەکان کەمتر ببنەوە، کەچی بە پێچەوانەوە، لەو کاتەوە نەتەوەیەکگرتووەکان بە رێژەیەکی زۆر زیاتر لە جاران رووبەڕووی کێشەکانی جەنگی ناوخۆ بۆتەوە لە زۆرشوێنی جیهاندا. هەڵوەشانەوەی یۆگۆسلاڤیای جاران لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا لەگەڵ ئەو جەنگە ناوخۆییە خوێناویانەی بەدوایدا هات تەنها یەکێکە لە نمونەکان.

لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی جەنگە لۆکاڵییەکان لەم هەژدە ساڵەی دواییدا، چەمک و زاراوەی (پۆلیسی ئاشتی) هاتۆتە ئاراوە کە وەکو ساتیرێک هەندێ جار لە جیاتی دەربڕینی (هێزەکانی

ئاشتیی نێودەوڵەتی) بەکارئەهێنرێ. وەک تاکە زلهێزی جیهانی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناچاربوو بەبێ سنوور هێزە چەکدارەکانی بەکاربهێنێت بۆ پاڵپشتکردنی ئەرکە ئاشتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. بارودۆخی سیاسی ناو ئەمریکاش بەرگری لە سوودەکانی بازرگانیی چەک دەکات. ئەوان دەڵێن: وڵاتانی تریش پێویستە لەسەریان خۆیان پڕچەک بکەن بۆ ئەوەی ئاشتی لە جیهاندا داسەپێنرێت. بەڵام لەرووی پراکتیکەوە لەناو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا زۆربەیان خۆیان لە ناردنە دەرەوەی هێزەکانیان بۆ ناوچە جەنگییەکانی جیهان دەدزنەوە، یان بە هێزێکی زۆر کەم و رەمزییەوە بەشداری ئەکەن. هەندێ وڵاتی تر لە چوارچێوەی چالاکییە ئاشتییەکاندا ئامادە نین بۆ خۆیان هێزی چەکداریی رەوانەی ناوچە قەیراناوی و جەنگییەکان بکەن، بەڵکو پارە و پووڵ دەدەنە وڵاتیکی تر ئەو کارەیان بۆ بکەن. بۆ نمونە لە جەنگی یەکەمی کەنداو لە ١٩٩١دا لە دژی عیراق، وڵاتی ئەڵمانیا ئامادە نەبوو هێزی چەکداری خۆی رەوانەی ئەو جەنگە بکات. بەڵام پاشان ناچارکرا (٧,٥) حەوت ملیاروپێنج سەد ملیۆن دۆلار بدات بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە قەرەبووی نەناردنی هێزی جەکداری ئەڵمانی بۆ ئەو جەنگە هەرچەندەش حکومەتی ئەڵمانی بۆ دانی ئەو بڕە پارە زۆرە پەستی و تووڕەیی نیشان دا. کەچی هەشت ساڵ دوای ئەو جەنگە ئەڵمانیا سیاسەتەکەی گۆڕی و لە جیاتی پارەدان، هێزێکی تانک و پیادەی خۆی رەوانەی کۆسۆڤۆ کرد لە چوارچێوەی هێزە ئاشتییە نێودەوڵەتییەکاندا.

هەرچۆنێکی لێکبدەینەوە ناتوانین ئەو راستییە فەرامۆش بکەین کە هۆیەکی بەرپابوونی جەنگە ناوخۆیی و لۆکاڵییەکان لە لایەن لەشکر و هێزە چەکدارە رەسمییەکانەوە یان لەلایەن و لەنێوان میلیشیاکاندا،

بریتییە لەوەی کە هەموو لایەنە شەڕکەرەکان بە ئاسانی دەتوانن چەکە سووکەکان و نیوە قورسەکان پەیدابکەن، واتە ئەو چەکانەی لەو جۆرە جەنگانەدا بە رادەی سەرەکی بەکارئەهێنرێن لە چەشنی دەمانچە، تفەنگ، رەشاش تفەنگ، رەشاشی نیوە قورس، جۆرەکانی هاوەن، موشەکهاوێژی بەشان هەڵگیراو، مین، نارنجۆک و هەموو کەرەستەیەکی تەقاندنەوە. ئەو جەنگە ناوخۆییانە هەمیشە کارەساتی مرۆییان بەدواوە بووە چونکە لە پلەی یەکەمدا خەڵکی مەدەنی دەبێ باجەکەی بدەن و دەکرێن بە قوربانی لەبەر ئەوەی زۆربەی کات ئەو جەنگانە لەناوجەرگەی شوێنی ژیان و نیشتەجێ بوونی خەڵکیدا بەرێوە ئەبرێن. وەک راستییەک بۆ ئەو دیاردەیە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە رێژەی سەدیی قوربانیانی مەدەنی جەنگەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تەنها لە سەدا پێنج (٥٪) بووە، کەچی ئەو رێژەیە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا بەپێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٠٠ گەیشتە لەسەدا هەشتا (٨٠٪)! لە وڵاتانێکی وەکو عیراق و سودانی ئێستاشدا رێژەی قوربانیانی مەدەنی لەسەدا نەوەت و پێنج زیاترە. ئەوەش بۆ خۆی کارەساتێکی مرۆیی گەورەیە و رێژەی تاوانەکانی جەنگ و جینۆسایدیان گەیاندۆتە ئەوپەڕی خۆی.

هەروەها بەهۆی بڵاوبوونەوەی بێسنووری چەکە بچووکەکانەوە زەمینەی روخاندنی رژێمە لۆکاڵییەکان، بەتایبەتی لە وڵاتە بچووکە دواکەوتووەکاندا زیاتر بووە. بۆ نموونە لە وڵاتیکی وەکو لایبریا، لە ساڵی ١٩٩٠دا ژمارەیەکی زۆر چەکی سووک و نیوە قورس بە مەبەستی کودەتاکردن بەسەر رژێمەکەدا بە پارە و داهاتی کارخانەکانی بەرهەمهێنانی ئەڵماس-ی ئەو وڵاتە کڕدران. لە ئەنجامدا جەنگێکی زۆر خوێناوی درێژخایەن بەرپاکرا کە (١٥٠٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار کوژراوی

مەدەنی لێکەوتەوە بێجگە لە کوژراوانی لایەنە شەڕکەرەکان. پاشان لە ۱۹۹۹دا کاتێک جەنگی ناوخۆیی راگیرا، لە ئاهەنگیکی جەماوەریدا بیست و پێنج هەزار پارچە چەکی بجووک کۆکرانەوە و تێک شکێنران وەکو نیشانەیەک بۆ گەڕانەوەی ئاشتی بۆ لایبریا. دیاردەیەکی سەیری جەنگی ناوخۆیی لایبریا ئەوە بووە کە لایەنە چەکدارەکان دەستیان دابووە رفاندنی منداڵانی دە ساڵان و بەرەو ژوور بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن لە ریزەکانیاندا ببنە چەکدار ئەویش لە ژێر زەبری تۆقاندن و هەڕەشەی کوشتن. دیارە ئەو لایەنانە چەکیان بە نرخی زۆر هەرزان و بەبی کۆسپ لە رێگای بازرگانیی چەکەوە دەست ئەکەوت، بەڵام کێشەی کەم نەفەرییان هەبوو بۆ هەڵگرتن و بەکارهێنانی ئەو چەکانە، ئەوەشیان لە رێگای داهێنانی رفاندنی منداڵانەوە پڕئەکردەوە.

لایەنگرانی بازرگانیی چەک هەرچەندە پاساو بۆ لایەنە سوودبەخش و ئاشتیهێنەکانی ئەو بازرگانییە بهێننەوە، بەڵام رووداوە واقیعیەکان و کارەساتەکانی جەنگەکان پێچەوانەی ئەو پاساوانە نیشان ئەدەن. نمونەی هەرە ئاشکرای ئەو راستییە لە دیاردەی (پێشبڕکێی خۆچەکدارکردن) دا دەرئەکەوێت. هەر کە وڵاتیک چەکێکی نوێ یان ژمارەیەکی زۆر چەک بکڕێت بۆ بەهێزکردنی خۆی، وڵاتە بەرامبەرە دژەکەی (جا دراوسێ بێ یان دوورە وڵاتێک بێت) ناچار ئەبێت پارە و پوولی زیاتر لە کڕینی چەکدا خەرج بکات تا تەرازووی هێزی خۆی لە بەرامبەر ئەو وڵاتەدا راستکاتەوە. بەڵام هەر کە ئەم وڵاتەی دووەم ئەو هەنگاوەی ناو ئەمبارەکانی چەکی خۆی پڕترکرد، وڵاتی یەکەم جارێکی دی پارە و پوولێکی زیاتر خەرج ئەکات بۆ ئەوەی سەرلەنوێ خۆی لەبەرامبەرەکەی بەهێزتر بکات. ئەو گەمەیە هەر بەو جۆرە دەڕوا و راناوەستێ و ئەوە ناوەڕۆکی پێشبڕکێی خۆچەکدارکردنە. لەو ململانێیەدا پارەی زیاتر و

زیاتر بۆ کڕین و ئەمبارکردن و دروستکردنی چەک و تەقەمەنی خەرج ئەکرێ، ئەویش لەسەر حیسابی داهات و سامانی خەڵکی ئەو وڵاتە. لەوەدا گەورەترین سوودمەند بازرگانەکانی چەک و بەرهەمهێنەکانی چەکن، گەورەترین زەرەرمەندیش گەلانی ئەو وڵاتانەن. ئاکامێکی تری ئەو پێشبڕکێیە هەمیشە ئەوە بووە کە دەسەڵاتی راستەقینە لەو جۆرە وڵاتانەدا دەسەڵاتی میلیتاری بووە و مەترسی و هەڕەشەی بەردەوام بووە بۆ سەر ژیانی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی، یان لانی کەم زەمینەی ئەوەی فەراهەمکردووە لە هەر ساتێکدا پێویست بکات دەسەڵاتی سەربازیی بێتە مەیدان و دەسەڵاتی سیاسی– مەدەنی وەلاوە بنرێت ((بەراوردی بکە لەگەڵ بارودۆخی سیاسی لە تورکیا، پاکستان، ئیسرائیل، لیبیا، عیراقی بەعس، سوریا،... تاد)). لە سەرەتای ئەم سەدەی بیست و یەکەمەوە پێشبڕکێی خۆچەکدارکردن زۆر بە فراوانی لە ناوچەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا، لە ئەفریکای ناوەراستدا، لە باشووری ئاسیا (هیند و پاکستان) و لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا پەرەی سەندووە و لە ئەنجامدا بازاڕەکانی فرۆشتنی چەک بەشێوەی ئاسۆیی و ستوونی فراوانتر بوونە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنگرانی بازرگانیی چەک هەر سوورن لەسەر ئەوەی کە چەک و چەکدارکردن چاکترین ئامرازی بەدیهێنانی ئاشتین لە جیهاندا.

# بەرگریکردن لە خۆ:
# پاساو بۆ ئازادیی بازرگانیی چەک

لە ماددەی (٥١)ی پەیماننامەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕاگەیەندراوە کە هەر وڵاتێک (نەک نەتەوەیەک) مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە. ئەوە لە پراکتیکدا بەو واتایە لێکدراوەتەوە هەر دەوڵەتێک مافی ئەوەی هەیە خۆی ئەوە دیاری بکات لەلایەن کێوە، چۆن و لە پێناو چ ئامانجێکدا دەبرێ بەڕێوە. هەروەها وا باوە کە پێکهێنانی لەشکرێکی بەهێز و پڕ چەک تاکە ڕێگای پاراستنی وڵاتە لە دژی هەر دەستدرێژییەک. لەو ڕوانگەیەوە، بازرگانیی چەک بە چالاکییەکی پڕسوود و یاسایی لێکدراوەتەوە بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی هەر وڵاتێک بەو جۆرەی لە مادەی (٥١)دا جێگیرکراوە. بە دەربڕینێکی تر، مافی بڕیاردانی چارەنووس (بۆ وڵاتان) بەو ناوەڕۆکەی لە ماددەی ناوبراودا تۆمارکراوە، مافی بەرگریکردن لە خۆ بۆ ئەو وڵاتانە دەسەلمێنێ. مافی بەرگریکردنیش لە خۆ لەشکر و هێز و چەک و تەقەمەنی ئەخوازێ و دابینکردنی ئەوانەش بە پێی ئەو ماددەیە دەبێتە مافی هەر وڵاتێک. بۆ ئەوەی ئەو مافەش بە کردەوە جێبەجێ بکرێ، دەبێ بەرهەمهێنان و بازرگانیی چەک ئازاد بێت، ئەگینا وڵاتان چۆن دەتوانن چەک و چۆڵ بۆ بەرگری کردن لە خۆیان دابین بکەن؟ ...

دەرەنجام: پەیماننامەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ناوەڕۆکیدا نەک هەر دژ و پێچەوانەی بازرگانیی چەک و پێشبڕکێی خۆچەکدارکردن نییە، بەڵکو ئەوانەی وەکو مافی وڵاتان چەسپاندووە. ئەوە ئیدی ریکلامەیەکی پووجی سیاسییە گوایە نەتەوە یەکگرتووەکان رێکخراوی پارێزەر و بەدیهێنەری ئاشتییە لە جیهاندا.

کێشەکە لە تەوەرەی گەڕان بە دوای هاوسەنگیدا دەخولێتەوە. هاوسەنگیی تەرازووی هیزی نێوان وڵاتان کاتێک دێتە ئاراوە کە هەموو لایەنەکان لەو بڕوایەدابن ناتوانن لە جەنگێکدا سەرکەوتووبن. بەڵام ئەو هاوکێشەیە هەرگیز بەو سادەییە نەبووە و نییە. لە سەرەتای جەنگی سارددا، واتە لە دوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە تەنها وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا توانای ئەوەی هەبوو بۆمبی ئەتۆمیی بهاوێژێ، واتە تەنها ئەمریکا ئامێر و توانای گواستنەوە و هاویشتنی بۆمبی ئەتۆمیی هەبوو، ئەویش لە ریگای فڕۆکەی (B-٥٢). هەڵبەت لەو دەورانەدا هێشتا مووشەکی دوورهاوێژ دانەهێنرابوو بەسەرە بۆمبی ئەتۆمییەوە. لەولاوە یەکێتی سۆڤیەت خاڵی لاوازی لەوەدا بوو کە تەکنەلۆجیای بارکردن و گواستنەوە و هاویشتنی بۆمبی ئەتۆمیی لەبەردەستدا نەبوو. ئیدی لە رێگای خەفیەکارییەوە توانی بۆمبهاوێژێکی ئەمریکی بەدەستکەوت بێنێ و کۆپی هەموو تەکنەلۆجیای دروستکردنی ئەو فڕۆکە بۆمبهاوێژە بکات. بەو جۆرە فڕۆکەی بۆمبهاوێژی تایبەتی خۆیان دروستکرد. فڕۆکەی بۆمبهاوێژی تۆبۆلیف (Tu-٤) کە بە (قەڵای فڕیو) ناوبانگی دەرکردبوو، یەکەمین جار لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە وەکو کۆپییەک بۆ فڕۆکەی (B-٥٢)ی ئەمریکی دروستکرا کە بە (سوپەر قەڵا) Superfortress ناوبانگی هەبوو لەلایەن سۆڤیەتەوە بە دەستکەوت برابوو. هەر ئەو فڕۆکەی (B-٥٢)ە بوو

کە بۆمبی ئەتۆمیی بەسەر هیرۆشیما و ناگازاکیدا بەردایەوە. بەدوای ئەو پێشبڕکێیەدا جارێکی دی هاوسەنگیی لە مەیدانی تەکنەلۆجیای چەکسازیدا لەنێوان ئەمریکا و سۆڤیەتدا هاتە ئاراوە. بەو جۆرە ململانێ و پێشبڕکێ چەکداریە دەیانویست هاوسەنگیی نێوانیان رابگرن و ئاشتی بپارێزن.

ئەو پرۆسانە هەر لە چوارچێوە و لە سایەی چەمکی (بەرگریکردن لە خۆ)دا دەچوون بە ڕێوە. هەرچەندە جەنگی راستەوخۆیان لە نێوانیاندا راگرتبوو، بەڵام بە کردەوە خەرجییەکانی جەنگێکی راستەقینەی درێژماوەی هەڵدەلوشی بەبێ تەقەکردن لە یەکتری. لێرەدا ئەشێ ئەم جۆرە پرسیارانەمان لەلا بورووژێ: ئایا بە راستی هەموو وڵاتێک دەبێ لە رێگای لەشکر و چەکەوە بەرگری لە خۆی بکات؟ ئەگەر نا ئەی ئەڵتەرناتیف چییە و کێ ئەوە دیاری ئەکات؟ نەتەوەیەکگرتووەکان؟؟ ئەگەر تۆ بڕیاربەدەست بیت بۆ فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی بە لەشکرێکی یاخی و راپەڕیو، چ شتێک بەلای تۆوە ئەستەم و قورسە و واتلێدەکات بڕیاربدەیت: بیرو باوەڕەکانی ئەو میلیشیا و هێزە راپەڕیوە یان ئەو رژێمەی لە دژیدا راپەڕیون یان بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی وڵاتەکەی خۆت یان یاسا نیودەولەتیەکان؟ ئایا بە راستی وڵاتەکان لە رێگای لەشکری بەهیز و چەک و چۆڵی زیاترەوە دەبنە مایەی پاراستنی ئاشتی لە جهیاندا؟ وا دابنێ تۆ لە سەری سەرەوەی دەسەڵات لە وڵاتێکی هەژار و دواکەوتوودا جڵەوبەدەستی. هەڵوێستت چی دەبێ ئەگەر وڵاتە دەوڵەمەندەکان پێت رابگەیەنن بۆت نیە چەک بکڕیت؟

بابەتەکە بیر و بۆجوونی زۆر جیاواز و دژ بە یەک هەڵدەگرێ و یەکێک لە مەسەلە پراگماتیستە هەرە درێوەکانی بواری ململانێ و بەرژەوەندییە سیاسییەکانە. چەمکی بەرگریکردن لە خۆ لایەنی تریشی

هەیە. هەندێ جار خەڵکی وڵاتێک رژێمی خۆیان هەڵدەبژێرن کە دواتر لەلایەن دەستەوهێزی میلیتاری و کودەتاچی یەوە دەکەوێتە بەر هەڕەشە. لەو بارودۆخەدا رژێمە هەلبژێردراوەکە و خەڵکەکەش پەنا دەبەنە بەر خۆ چەکدارکردن بۆ بەرگریکردن لەو هەڵبژاردنەی خۆیان. ئەوە بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٣٦دا لە ئیسپانیا روویدا و بووە مایەی جەنگیکی ناوخۆی خوێناوی کە تا ١٩٣٩ درێژەی کێشا و خەڵکە دیموکراتیخوازە چەکدارەکە جەنگیان دۆڕاند و رژێمی سەربازیی هاتە سەرکار. ئەڵمانیا و ئیتاڵیا هەر لە سەرەتاوە پشتگیری تەواوی کودەتاچییە سەربازیەکانیان کرد لە دژی رژێمە کۆمارییە جەماوەرییەکە. بازرگانێکی چەکی ئەو سەردەمەی ئەڵمانی رۆڵێکی یەکلا کەرەوەی بینی بۆ رێگرتن لە کۆماریخوازە ئیسپانییەکان تا نەتوانن بەرگری لە حکومەتەکەیان بکەن. چۆن؟ لە رێگای فرۆشتنی چەکی جۆراوجۆری بێکەڵک و فیشەک و زەخیرەی پووچ (هەر لە ناو تفەنگەکاندا چروکیان دەکرد و فیشەکەکان بەرەو دوژمن دەرنەدەپەڕین) بە کۆماریخوازەکان. ئەوەش لە کاتێکدا کە نوێترین و چاکترین چەک دەدرانە کودەتاچییەکان. یەکێتی سۆڤیەتیش لەولاوە کە دۆستایەتی لەگەڵ ئەڵمانیای نازیدا دامەزراندبوو، نەک هەر یارمەتی شۆڕشگێڕانی نەدا، بەڵکو لەوەش زیاتر هەموو شۆڕشگێڕانی ئیسپانیای تووشی هەرەسی دەروونی و بێ برِوایی کرد و شکستی گەورەی لە ناوەوە (لەرووی دەروونییەوە) پێهێنان چونکە وایاندەزانی کە سۆڤیەت تاکە دۆست و پشت و پەنای شۆڕشگێڕانە لە جیهاندا. ببرِای ببرِای گیانی شۆڕشگێڕیی لە ئیسپانیا سەریهەڵنەدایەوە.

ئەشێ بازرگانیی چەک لە روانگەی وڵاتێکەوە بۆ بەرگریکردن لە خۆ زۆر گرنگ بێت، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەشێ ئەو بەرگریکردنە لە رێگای فرۆشتنی چەکی قاچاخەوە بە میلیشیا و گرووپە دژەکانی ئەو

وڵاتە بێ هێز و لاواز بکرێت ((بەراوردی بکە لەگەڵ دیاردەی حیزبوڵڵای لوبنانی، گرووپی هەرزە موقتەدای سەدر لە عیراقدا، ... تاد)). زۆربەی وڵاتان فرۆشتنی چەک بە میلیشیا چەکدارییەکان قەدەغە دەکەن، بەڵام بەشێکی تری وڵاتان بۆ مەبەستی جیاجیا چەکو چۆڵ دەدەنە میلیشیاکان چ بە فرۆشتن یان بە پێشکێشی، هەموو ئەوەش بە قاچاخ ((بەراوردی بکە لەگەڵ سیاسەتی سۆڤیەتی جاران و ئەمریکا، ئیران و سوریا و سودان و... تاد)). بە پێی سەرچاوە و ئامارە جیاوازەکان لە سەدا دە (١٠٪) تا لە سەدا بیست (٢٠٪)ی چەکە سووک و نیوە قورسە فرۆشراوەکانی جیهان راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ دەگەنە دەستی میلیشیا جۆراوجۆرەکان لە جیهاندا. خودی دەوڵەتە گەورە و زلهێزەکان دەستیان لەو کارە دزێوانەدا هەبووە و هەیە. بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٨٩دا ئەوە ئاشکرابوو کە کۆڵۆنێلێکی ئەمریکی بە ناوی (ئۆلیڤەر نۆرپ) بە هاوکاری و لە رێگای بازرگانێکی چەکەوە رۆڵی سەرەکی بینیوە بۆ چەکدارکردنی میلیشیا چەکدارییە ئۆپۆزسیۆنەکانی نیکاراگوا لە دژی رژێمە لۆکاڵییەکەی ئەو وڵاتە. وەکو دەڵێن ئەوە مشتێکە لە خەروارێک.

# بازرگانیی چەك و ئابووری

دەڵێن بازرگانیی چەک سوودی بۆ ئابووری هەیە. ((بەراوردی بکە لەگەڵ سوودی جگەرە بۆ ئابووری کە دەیان ملیۆن کەس لە جیهاندا لەو بوارە پیشەسازی و کشتوکاڵیەدا کارئەکەن، بەڵام زیانە ئابوورییەکانی زۆر لەو قازانجانەی زیاترن)). بێگومان خاوەن کارخانەیەکی چەک و بازرگانانی چەک هەرگیز ئەوەیان بەلاوە مەبەست و گرنگ نییە سەرمایەگوزارییەکەیان جەنگ و کوشتنی یەک ملیۆن کەسی لێ دەکەوێتەوە ((ئەوە تێکڕای ناونجی ساڵانەی قوربانیانی جەنگن لە سەدەی رابردوودا)) یان سەرەتان دەخولقێنێ ((مەبەست جگەرەیە)). بەلای ئەوانەوە گرنگ ئەوەیە قازانجی مسۆگەری خۆیان دەستکەوێت. لایەنگرانی بازرگانیی چەک دەڵێن: لەو رێگایەوە کارخانەکان و پیشەسازی پێشدەکەون و هەلی کارکردن بۆ ژمارەیەکی زۆرتر فەراهەم دەبێ و رێژەی ناردنە دەرەوەی کاڵا و بەرهەم (لێرەدا چەک و تەقەمەنی) روو لە بەرزی دەکەن. رەخنەگرانیش دەڵێن: بازرگانیی چەک کاریگەرییەکی بەرتەسک و سنورداری هەیە بەسەر کەم و زۆریی بوارەکانی کارکردن و ناردنە دەرەوەی کاڵا. هەروەها وڵاتانی

هەژار و دواکەوتوو کە چەک و چۆڵ دەکڕن لە راستیدا هیچ بودجەیەکی ئەوتۆ ناهێڵنەوە بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵاتەکەیان.

ئەشێ بەرهەمهێنانی چەک گرنگییەکی زۆری هەبێت بۆ ئەمن و ئاسایشی ناوخۆیی وڵاتێک. هەر لەبەر ئەوەشە وڵاتانی سەر بە رێکخراوی بازرگانیی جیهانیی لەسەر ئەوە رێککەوتوونە پیشەسازیی چەک لە هەریەکێک لەو وڵاتانەدا بەرامبەر بە کێ بەرکێی دەرەکیدا (المنافسه الخارجیه) بپارێزن، پاراستنێک کە بە شێوەی ئاسایی بۆ بەرهەم و لقە پیشەسازیەکانی تر قەدەغەیە و نابێت لە بازرگانیی ئازاددا هیچ کۆسپ و لەمپەرێکیان لەبەردەمدابێت چونکە ئەو رێکخراوە لە رووی پرنسیپەوە لەسەر بناغەی بازاڕی ئازاد و کێبەرکێی ئازاد دامەزراوە و بەرگری لەو ئازادیە بازرگانییە دەکات. کەچی لە ئاستی بازاڕی چەکدا ئەو ئازادییە قەدەغە دەکەن. لە لایەکی تریشەوە هەر ئەو وڵاتانە بەپێی رێککەوتننامەی بازرگانیی نێوانیان و بەپێی پرنسیپی کێبەرکێی ئازاد بۆیان نییە باربووی کارخانە و لقە پیشەسازییە ئاساییەکانی وڵاتەکانی خۆیان بکەن و لەکاتی تەنگژەی ئابووریدا یارمەتییان بدەن و نەهێڵن مایە پووچ بن و دەرگاکانیان دابخەن. کەچی بۆ پیشەسازیی چەک بە پێچەوانەی ئەوە رێککەوتوونە و بۆیان هەیە باربووی بکەن. بۆ نموونە، ئەگەر کارخانەیەکی شیری منداڵان لە کێبەرکێدا تووشی بازاڕکزی بوو، لە ئەنجامدا رووی لە مایە پووچی کرد و دەرگاکانی داخست، دەوڵەت بۆی نییە باربووی بکا. بەڵام بۆ پیشەسازیی چەک بەو جۆرە نییە بەڵکو بە پێچەوانەیە.

لەلایەکی ترەوە لایەنگرانی بازرگانیی چەک پێیان وایە لە ئەنجامی سەودا گەورەکانی کڕینی چەکدا وڵاتانی کڕیار دەتوانن ئابووری خۆیان بەرەو بوژانەوە هانبدەن و بجوڵێنن. لێرەدا مەبەستیان دوو رێگایە

بۆ کڕینی چەک. یەکەمیان کڕینی چەکە بە ئاڵوویری کاڵابەکاڵا، واتە لە جیاتی پارەی کاش یان قەرز، چەکەکان دەگۆڕدرێنەوە بە کاڵا و بەرهەمە لۆکاڵییەکانی وڵاتی کڕیار. بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٩٦دا ئەمریکا ریزێک فرۆکەی شەڕکەری بە تایلاند فرۆشت و لەبری ئەو فرۆکانە کاڵا و بەرهەمی تایلاندی وەرگرت و گواستییەوە بۆ بازاڕەکانی ئەمریکا. بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمانە پێکهاتبوون لە مریشکی تایلاندی، گوایە بەو جۆرە هاوکاریی ئابووریی تایلاندی کراوە بۆ پەرەپێدانی بەرهەم و پیشەسازی. رێگای دووەم، بریتیە لە گواستنەوەی بەشێک لە پرۆسەکانی دروستکردنی چەکە فرۆشراوەکان بۆ ناو وڵاتی کڕیار کە گوایە بەو جۆرە پیشەسازی لەو وڵاتەدا گەشە دەکا و هەل و دەرفەتی کارکردن زیاد دەکات و پیشەی نوێ پەیدا دەبێت. بۆ نمونە لە دەورانی شای ئێراندا پیشەسازیی تفەنگ و رەشاش و فیشەکی (جێ سێ) ی ئەڵمانی، بەشی بازاڕی ناوخۆیی ئێران هەر لەناو ئێراندا دروست دەکران. بەهەمان شێوە یەکێتی سۆڤیەتی جاران مافی دروستکردنی هەندێ چەکی سووکی دابوو بە وڵاتە هاوپەیمانەکانی خۆی، لە چەشنی چین، کوبا، لیبیا، سوریا، کۆریای باکوور کە کلاشینکۆفیان دروست ئەکرد و بەناوی ئەو وڵاتانەوە ناودەبران. وڵاتێکی وەکو چین لەلایەن سۆڤیەتەوە مافی ئەوەی درابوویە هەموو جۆرە چەکێکی رووسی قورس لەناو چیندا دروست بکرێ بە تانک و تۆپ و مووشەکەوە و تاکو ئێستاش بەشی هەرەزۆری چەکە چینییەکان لاسایی چەکە کۆنە سۆڤێتییەکانن.

لە ساڵی ١٩٨٣دا ئەمریکا و تورکیا گرێبەستێکیان مۆرکرد بۆ فرۆشتنی (١٥٦) سەدوپەنجاوشەش فرۆکەی شەڕکەری فالْکۆن (١٦-F) بە تورکیا. بەڵام گرێبەستەکە بە جۆرێک بوو دەبو ئەمریکا تەواوی دیزاینەکانی ئەو فرۆکانە بگوازێتەوە بۆ ناو تورکیا و دروستکردنی

فرۆکەکان لە کارخانەکانی تورکیادا لەژێر چاودێریی ئەندازیارانی ئەمریکی و بەدەستی کاری تورکی ئەنجام بدرێت. بەوجۆرە (١٤٨) سەدوچل وهەشت فرۆکەی ئەو سەودایە لە تورکیادا بەرهەمهێنران. بێگومان ئەو جۆرە سەودا و فرۆشتنە هەل و دەرفەتی کار لەناو وڵاتی فرۆشیاردا زیاتر ناکات، بەڵام بۆ وڵاتی کڕیار بە پێچەوانەوە، دەرفەتی کاری زیاتر و لقێکی نوێی پیشەسازی دێنێتە ئاراوە.

بەڕای ئێمە هەموو ئەوانە پاساوی نادروستن بۆ برەوپێدانی بازرگانیی چەک و هاندانی یەکتر بۆ خۆچەکدارکردن، چونکە (چەک) لە ماهییەتی خۆیدا دیاردەیەکی دژە مرۆییە و لەباری مێژووییەوە لە شارستاینیەتی مرۆییدا بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا بەکارهێنراوە و ئاراستەکراوە، واتە لە دژی مرۆڤ بووە. ئەوە لەلایەنە مێژووییە کۆمەلایەتییەکەیەوە بەوجۆرە بووە و تا ئێستا و داهاتووش هەر وادەبێ. لەلایەنی ئابووریشەوە، بۆ وڵاتانی دواکەوتووی پڕ لە قەیرانی سیاسی و ئابووری، ئەوە هەرگیز دروست نییە توانای ئابووریی سنورداری وڵاتەکانیان لە خۆچەکدارکردندا خەرج بکەن لەکاتێکدا پێویستیان بە هەر دۆلارێکە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە راستەقینەکان بۆ گەلەکانیان. ئەوجار کردنەوەی پیشەسازییەکی سنوردار و کاتیی بۆ بەرهەمهێنانی چەک لەو وڵاتەدا و بە سەرمایەیەکی زۆرەوە هیچ سوودێکی دوورماوەی ئابووریی نییە چونکە ئەو بەرهەمانە لەو وڵاتانەدا هەمیشەیی نین و بە خستنەکاری چەند هەزارکەسێک هیچ لەو ئابووریە داتەپیوانە ناگۆڕدرێ. هەڵبەت ڕەخنەی زۆر هەن ئاراستەی ئەو پاساوانە لەلایەنگرانی بازرگانیی چەک بکرێن و خوێنەر ئەتوانێت فانتازیای خۆی لەو بوارەدا بەکاربهێنێت.

لێرەدا زۆر گرنگە ئاماژە بە لێکۆڵینەوەیەکی پسپۆڕانی ئابووری

بکەین کە لەبارەی کاریگەریی بازرگانی چەکەوە کردوویانە بەسەر ئابووری بەریتانیدا کە دووهەمین گەورە فرۆشیاری چەکە لە جیهاندا.. لە ساڵی (٢٠٠٠)دا وەزیری بەرگری بەریتانی بودجەیەکی تەرخانکرد بۆ کۆڵینەوە و وەڵامدانەوە بەم پرسیارە: ئەگەر بێت و ناردنە دەرەوەی چەک لە بەریتانیاوە تا نیوە کەم بکرێتەوە، واتە ئەگەر تا لە سەدا پەنجا کەم بکرێتەوە، ئابووری بەریتانیا چەندە زیانی لێدەکەوێت؟... لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەم راستیانە دەرکەوتن: دەستبەجێ لەیەکەم ساڵی ئەو کەم کردنەوەیەدا یەک ملیار پۆند (جینەیهی ئیستەرلینی) زیانی پێدەکەوێ. دوای ئەوە ساڵانە تەنها سەد ملیۆن پۆند زیانی لێدەکەوێ کە رێژەیەکی زۆر کەمەو دەکاتە (٣ ,٠ ٪) لەسەدا سێ لە دەیا لە خەرجیەکانی وەزارەتی بەرگری بەریتانی. هەروەها راپۆرتەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە راستەوخۆ بێکارییەکی کاتی بۆ بەشێک لە کرێکارانی شارەزای چەکسازی پەیدا ئەبێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی دەستی کاری شارەزا و پسپۆڕن، هەر زوو بە زوو لە لقەکانی تری پیشەسازیدا جێگایان دەبێتەوە. ئەو لێکۆڵەرە پسپۆڕانە گەیشتنە دەرەنجامێکی پوختە کە لە روانگەی ئابوورییەوە بازرگانیی چەک بۆ بەریتانیا هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نییە و دەتوانرێ لەلایەن بەریتانیاوە بەتەواوی رابگیرێت و چەک بە دەرەوە نەفرۆشن.

بەڵام لە دنیای واقیعدا ئەو لێکۆڵینەوانە ئەوەندە بایەخیان پێنادری و دەسەڵاتداران بە هەندیوەرناگرن. دیاردەکان بە پێچەوانەوەن و بازرگانیی چەک بەردەوام رووی لە زیادییە. لەرووی تیۆرییەوە کۆتایی پێهاتنی جەنگی سارد پێشبینی ئەوەی لێدەکرا دەوڵەتان هانبدات پارەی کەمتر لە خۆچەکدارکردندا خەرج بکەن و روو لەوە بکەن بودجەی زیاتر بۆ پرۆژە کۆمەڵایەتییە خزمەتگوزارییەکان تەرخان بکەن

لە چەشنی دابینکردنی خانووی هەرزان و تەندروستی گشتی و پەروەردە و فێرکردن و ....تاد. بەڵام بە پێچەوانەوە، بەهۆی ئەوەی ژمارەی قەیرانە ناوچەییەکان هەمیشە روو لە زیاد بوونن، تەنها ژمارەیەکی زۆر کەمی دەوڵەتەکان لە خەرجییە سەربازییەکانی خۆیان کەم کردەوە، ئەویش رەنگبێ لەبەر ناچاری بووبێت وەک ئەوەی لە رووسیادا روویدا. جارێ ئەوە لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی پێشبڕکێی خۆچەکدارکردن لە ئەوپەڕی خۆیدایە و بووەتە گەورەترین بازاڕی ساغکردنەوەی چەک. تەنها سەعودیەی عەرەبی لەماوەی پانزە ساڵی رابردوودا پتر لە سەدوپەنجا ملیار دۆلاری لە کڕینی چەک و چۆڵدا خەرج کردووە. لەولایشەوە هیند و پاکستان و وڵاتانی باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا و چین و تایوان و ئاسیای دوور (هەردوو کۆریا) هەموویان لە چەکسازی و خۆچەکدارکردندا درێغی ناکەن. وڵاتە قەیراناوییەکانی ئەفریکاش لەولاوە بوەستن. هاوکێشەکان پێچەوانە و سەیر و سەمەرەن و پێدەچێ تا زەمەن بەرەوپێشتر بڕوات بازاڕی چەک برەوی زیاتر پەیدابکات. تا قەیرانە ئابووری و سیاسیەکانی وڵاتانی دواکەوتوو پتربن، لە جیاتی ئەوەی روو لە چارەسەری ئەو قەیرانانە بکەن و وەڵام بە بێکاری و برسێتی و نەبوونی و نەخۆشی و دەربەدەری بدەنەوە و توانا داراییە کەمەکانیان لەو بوارانەدا خەرج بکەن، بە پێچەوانەوە، روو لە کڕینی چەک و چۆڵی زیاتر ئەکەن و بۆ جەنگەکانی داهاتوو خۆیان چەکدارتر ئەکەن، یان لە شتومەکی کەمالیدا سەرفیان ئەکەن بۆ رابواردن و خۆشگوزەرانیی دەسەڵاتداران و دار و دەستەکانیان بەرامبەر بە بێکاری و هەژاری زۆرینەی خەڵک. زۆر بە دەگمەن روو ئەکەنە بەکارهێنانی سەرمایەکان لە بواری پێشخستنی راستەقینەی ئابووریدا و ئەوەی پێی دەوترێت دووربینی و نەخشەی بووژانەوەی کورت ماوە

و دوورماوەی ئابووری لەو جۆرە وڵاتانەدا نابینرێن. خەم و ئامانجی سەرەکی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە تەنها ئەوەیە چۆن دەسەڵاتەکەیان بپارێزن و لەدەستیان نەچێت. لەو پێناوەشدا خۆچەکدارکردن و بەهێزکردنی دەزگا سەرکوتگەرە ناوخۆییەکان و هەڕەشەکردن بەهۆی جەنگەوە ئامرازی سەرەکین بە دەستیانەوە. تورکیایەک کە هەمیشە لە قەیرانی سیاسیدایە ، بەبێ لەشکرسازی و مەیلی جەنگخوازانە ناتوانێت دەسەڵاتە سیاسییەکەی هەتا سەر راگرێت. ئێرانێک کە تا بینەقاقای لە هەڵئاوسانی نەختیی و گرانی و بێکاری و گەندەڵیی ئیداریی و قەیرانی سیاسیدا نوقم بووە، رووی لە پێشبڕکێی چەکداریی-ئەتۆمی و چەکدارکردنی میلیشیا شیعەکانی ناوچەکە و قووڵکردنەوەی قەیرانە جەنگییەکانی ناوچەکە کردووە. وڵاتانیکی وەکو ئەنگۆلا و سیرالیۆن کە دوو وڵاتی زۆر هەژارن، بەشی هەرە زۆری داهاتی سامانە سروشتییەکانیان کە بریتین لە نەوت و ئەڵماس، بۆ کڕینی چەک و دانەوەی قەرزەکانیان و (سوود)ی سەر قەرزەکانیان بەکارئەهێنن. سیرالیۆن (کان)ی چاکترین جۆر ئەڵماسی هەیە لە جیهاندا، کەچی بەهۆی جەنگی ناوخۆوە گەورەترین قەیرانی کۆمەڵایەتی تووش بووە. ئەکرێ وڵاتانی ئەسیوبیا، ئەریتریا، سودان، سۆماڵ، سوریا، سەعودیە، وڵاتانی کەنداو، پاکستان، هیند و زۆری تریش بە نموونەی جیاجیا بهێنرێنەوە.

کەی شمشێرەکان دەکرێن بە داسی دروێنە؟ دەبێ (ئەشعیا)ی پێغەمبەری عیبرانی لە مەڕ ئەو پێشبینییەی خۆیەوە کە حەوت سەت ساڵ بەر لە زایین کردبووی چی بڵێت؟ ئەو لە تەوراتدا تۆماری کردووە و وتوویەتی: ((رۆژێک دادێ شمشێرەکان دەکرێنە داسی دروێنە... شێر لەگەل مەڕدا (کا) ئەخۆن، منداڵانیش لەگەڵ ماردا

یاری دەکەن...)). تا رۆژگار بەرەو پێشتر چووبێ پێچەوانەی ئەو پێشبینییە پتر و فراوانتر بووە و جەنگ و جەنگخوازان زۆرتربوونە و بازرگانیی چەکیش سەرتاپا گیرتر بووە. خودی ئیسرائیلی خاوەن تەورات (بەڕای من هیچ پەیوەندیان بە ناوەڕۆکی تەوراتەوە نییە) بەهێزترین و چەکدارترین وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. پێم وایە ئەو پێشبینییە هەرە جوانەی ئەشعیا هەرگیز بۆ مرۆڤی سەر ئەم زەمینە نییە بەم پێکهاتە دەسەڵاتخوازەی ئێستایەوە. نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە ئەو پێشبینییەی ئەشعیای بە خەتێکی جوان و گەورە لەسەر دیواری ساختومانەکەی خۆی لە نیویۆرک نووسیوەتەوە و بە ئیلهام بەخشی خۆی دەزانێ، بوختان بەو پێشبینییە دەکا و درۆ لەگەڵ دونیا و ناوەڕۆکی ماددەی (٥١)ی رێککەوتننامە گشتییەکەی خۆیدا ئەکات کە بازرگانیی چەک و بەرپاکردنی جەنگ بەناوی بەرگریکردن لە خۆ بە مافێکی رەوای هەموو وڵاتان لە قەڵەم ئەدات ((بەراوردی بکە لەگەڵ سیاسەتە جەنگییەکانی تورکیا، ئێران، ئیسرائیل، سوریا، ئەمریکا، هیند و پاکستان، میلیشیا ئیسلامییەکانی فەڵەستین و لوبنان و عیراق و ... تاد. هەرهەموویان دەڵێن بەرگری لە خۆمان دەکەین)).

بەڵام نووزەی جوڵانەوەیەکی ئاشتیخوازانەش لە دژی بازرگانیی چەک لە جیهاندا هەیە. ئەو ئایدیالیستە خۆشباوەڕانە چالاکیی ئاشتیخوازانەی جۆراوجۆر ئەکەن و هەوڵی ئەوە ئەدەن کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی چەک بهێننە سەر ئەو بڕوایەی کارخانەکانیان بگۆڕن و بیانکەن بە بەرهەمهێنی کەلوپەل و کاڵای سوود بەخش بۆ بەکاربردنی مرۆیی. بەڵام ئەوە ئاواتێکی خەیاڵییە بۆ ئەم رۆژگارە چونکە کۆمپانیا و کارخانەکانی چەکسازی هەموو دەسەڵاتەکانی دونیایان لە پشتە و ئەوە حکومەتەکان و دەسەڵاتەکانن کە پشتگیرییان ئەکەن و لەکاتی

تەنگانەدا باربوویان دەکەن و بەرهەمەکانیان بۆ ساغ دەکەنەوە چ بەوەی خۆیان بیکڕنەوە یان بازاڕی دەرەکییان بۆ بدۆزنەوە. ئەوەی لەدوای یەکێتی سۆڤیەت لە رووسیادا روویدا و کارخانەی (پیترۆڤسکی) بۆ بەرهەمهێنانی چەک لە شاری (نیجنی)دا بە هاوکاری کۆمپانیای بەناوبانگی (سامسۆنگ) کرا بە کارخانەیەک بۆ بەرهەمهێنانی رادیۆی سەیارە، حاڵەتێکی دەگمەنە و شمشێرەکان بەوە نابن بە داسی دروێنە، ئەو شمشێرانەی لە دونیای ئەمڕۆدا ژمارەیان لە (٥٥٠) ملیۆن پارچە چەک زیاترە سەرەڕای پتر لە (٢٢٠) ملیۆن مین... واتە بەرێژەی هەر پارچە چەکێک بۆ دوانزە نەفەری سەر گۆی زەوی... پێم وایە ئەگەر ئەشعیا ئێستا زیندوو بێتەوە بەکوڵ دەگری بۆ حاڵی مرۆڤایەتی...

# بازرگانیی چەك و دیپلۆماسییەت

دیپلۆماسییەت بە سادەترین پێناسە بریتییە لە ئەنجامدانی گفتوگۆ لەنێوان وڵاتان و حکومەتە جیاجیاکاندا بە مەبەستی سەلماندنی بەرژەوەندییەکانی یەکتر. دیپلۆماتەکان دەبێ زۆر بە وردی سەرنج بدەنە کاریگەریی بڕیارەکانیان بەسەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی تردا یان لایەنە بەرامبەرەکانیان. بۆ نمونە وڵاتێکی رۆژئاوایی کە چەک بە ئیسرائیل دەفرۆشێت لە واقعدا رووبەڕووی ئەگەری ئەوە دەبێتەوە وڵاتانێکی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چەشنی سوریا و یەمەن و ئێران لەخۆی بوروژێنێ. ئەو جۆرە وڵاتانە ئەشێ هەموو جۆرە هاوکارییەکی ئیسرائیل بە دژی خۆیان و فەلەستینییەکان و عەرەب و عروبە و ئیسلام لێک بدەنەوە.

هۆیەکی گرنگی بازرگانی کردنی وڵاتێک بە چەکەوە بۆ بەستنەوە و پابەندکردنی وڵاتانی ترە بەخۆیانەوە لەژێر ناونیشانی دۆستایەتی و هاوپەیمانێتیدا. ئەوە بە تایبەتی بۆ وڵاتە زلهێزەکان مەبەستێکی سەرەکییە بۆ فرۆشتنی چەک. دیارە بازرگانیی چەک هەر بە فرۆشتنی چەکەکان تەواو نابێت، بەڵکو بەشی هەرە زۆری ئەو سیستمە چەکانەی دەفرۆشرێن لەپاڵ ئەوەی پێویستییان بە کەرەستەی

یەدەک و تەقەمەنی و شارەزایی بەکارهێنان دەکەن، پێویستی بەوەش دەکەن خولی تایبەتیی فێرکردن و مەشقپێدان و (صیانە)ی چەکەکانیان بۆ دابین بکرێ کە هەموو ئەوانە لە بەندەکانی کڕین و فرۆشتنەکاندا تۆمار ئەکرێن. ئەوجا بە تێپەڕبوونی ساڵ و کۆن بوونی سیستمی ئەو چەکانە ئەگەری نوێکردنەوە و مۆدێرنیزەکردنیان دێتە ئاراوە، کە هەموو ئەوانە پارە و پووڵ دەخوازن سەرەڕای پابەندبوون بە پەیوەندییەکی دیبلۆماسییانەی دۆستانەی دیاریکراوەوە لەگەڵ وڵاتی فرۆشیاردا. بۆ نمونە لە چوارچێوەی سەودایەکدا رووسیا لە ساڵی (٢٠٠٣)دا کۆنە کەشتییەکی فڕۆکە هەڵگری خۆی بە ناوی (ئەدمیراڵ خرۆشکۆڤ)ەوە کە لە هەشتاکاندا دروستکرابوو , پێشکەشکرد بە هیندستانی دۆستی روسیا. هەڵبەت هیند لە ماوەی شەست ساڵی رابردوودا بازاڕێکی گەورەی چەکی روسی بووە و هەمیشە پەیوەندی دۆستانەیان هەبووە. بەڵام هیند بۆ ئەوەی سوودی لەو کەشتییە جەنگییە بدیتبا، دەبوا دەیان ملیۆن دۆلار خەرج بکات بۆ نوێکردنەوەی کەشتیەکە و مەشقپێدانی سەربازان و ئەفسەرانی دەریاوانیی هیندی و دابینکردنی فڕۆکەی پێویستی شەڕکەر بۆ سەر کەشتیەکە و دەیان موشەک و بۆمبی روسی و...تاد. راستە روسیا کەشتییەکەی بە خۆڕایی پێشکەش کرد بە هیند، بەڵام هەر لە سەرەتاوە مەرجی ئەوەی هەبوو سەرجەمی ئەو خەرجییانە لەرێی روسیا خەرج بکرێن کە هەر بەوجۆرەش کەوتەوە. ئەوە جۆرێکە لە دیپلۆماسییەت لە بازرگانی چەکدا لەژێر ناوی دۆستایەتیدا.

هەندێ جار هۆی راستەوخۆی سەربازیی دێتە ئاراوە بۆ ئەوەی وڵاتان پێکەوە کاربکەن. پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) لە وڵاتانێکی ئەورووپی و ئەمریکای باکوور پێکهاتووە کە لەسەر پرنسیپی بەرگریکاریی بەیەکەوە کار ئەکەن. لەرێگای فرۆشتنی چەک لەلایەن

ئەمریکاوە بە ئەندامەکانی تری ناتۆ، جۆرە لێکچونێکی چەکداری لە نێوان ئەو وڵاتانەدا پەیدابووە لەبەر ئەوەی زۆربەی مووشەک و زەخیرەکانیان هاوچەشن و گونجاون، ئەوەش هۆیەکە لەو هۆیانەی وایانکردووە پێکەوە کارکردنی هاوپەیمانەکان گونجاوتر و کاریگەرتربێت و ئەوە بەرهەمی دیپلۆماسییەتێکی سەربازیی سەرکەوتووانەیە کە بازرگانیی چەک هێناویەتە ئاراوە. بەڵام ئەو جۆرە دیپلۆماسییەتە لە بواری بازرگانیی چەکدا هەموو کات و لەگەڵ هەموو دۆست و هاوپەیمانێکدا سەرکەوتوو نابێ و ئەشێ بە زیانی قورس بۆ لایەکیان تەواوبێت. چۆن؟

بۆ روونکردنەوەی ئەوەیان پێویستە هەندێک سەرنج بدەینە زاراوەی (کاریگەریی بۆ میرانج). لە کوردەواری خۆماندا دەڵێن (ماڵی قەڵب سەر بە خاوەنیەتی). ئەکرێ بە هەندێ گۆڕانەوە ئەو پەندە بەکاربهێنین و بڵێین: ((کاری خراپ و قەڵب بە دژی خاوەنەکەی تەواو دەبێ)). لە مەیدانی دیپلۆماسییەتیشدا زاراوەی (کاریگەریی بۆ میرانج) بۆ ئەو جۆرە کار و کردەوە و هەڵوێست و سیاسەتانە بەکار ئەهێنرێ کە دژ بە خاوەنەکەی دەگەڕێنەوە. بۆ میرانج بۆ خۆی بریتییە لە تەختە دارێکی نیوە کەوانەیی بە پانی (٤ تا ٥) سەنتیمەتر و بە درێژی (٣٠ تا ٤٠) سەنتیمەتر و وەکو ئامێرێکی راوکردن بەکارئەهێنرێت. ئەو دارە نیوەکەوانەییە هەرچۆنێک تێبگیرێت و لێت دوور بکەوێتەوە، لە خولانەوەیدا رێڕەوێکی کەوانەیی دەبڕێت و دەگەڕێتەوە شوێنی یەکەمجاری تێگرتنەکەی و ئەگەر وریا و ئاگادار نەبیت ئەوا دووبارە بە تێگرەکەیدا دەکێشێت. ئەو دیاردەیە لە زمانی دیپلۆماسییەتدا بەکارهێنراوە بۆ وەسفکردنی ئەو سیاسەتانەی لە ئەنجامدا بە دژی خاوەنەکەی تەواو دەبن. بەوە وتراوە (کاریگەری بۆ میرانج) کە لە

بازرگانیی چەکدا ئەگەری ڕوودانی زۆرزۆرە. بە واتایەکی دی، گیر و گرفتێکی گەورەی دیپلۆماسی لە بواری بازرگانیی چەکدا بریتیە لە هەڵگەڕانەوەی کوت و پڕی یەکێک لە دۆست و هاوپەیمانەکان لە دۆستەوە بۆ دوژمن. ئەو دیاردەیە ئەنجامی دیپلۆماسییەتی هەڵەیە.

لە دەورانی فەرمانڕەوایی سەرۆک نیکسۆن لە نیوەی یەکەمی ساڵانی حەفتای سەدەی رابوردوودا ڕێگا بەوە درا دۆست و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا زۆر بە ئاسانی و بەبێ کۆسپ چەک لە ئەمریکا بکڕن. لە ئەنجامدا بازرگانیی چەکی لە (٥) پێنج ملیار دۆلارەوە لە ساڵی ١٩٧٠دا گەیشتە (٢٧)بیست و حەوت ملیار دۆلار لە ساڵی ١٩٨٢دا. بەڵام ڕەفتار و هەڵوێستی بەشێک لەو دۆست و هاوپەیمانانەی ئەمریکا لە پێشبینی کردن نەدەهاتن. لە ساڵی ١٩٧٩دا شۆڕشی ئیسلامی شیعە لە ئێران شای دۆستی ئەمریکای لە دەسەڵاتدارەتی لابرد و ڕژێمی نوێی دژە ئەمریکایی دەستی بەسەر چەکە ئەمریکیەکاندا گرت کە گرنگترینیان فڕۆکە جەنگییەکانی (F-١٦)بوو. دیارە ئەمریکا فڕۆکە جەنگییەکانی (F-١٦) و (F-١٨)ی بە زۆر وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوین فرۆشتووە وەکو ئێرانی شا،ئیسرائیل، تورکیا، ... تاد. لەبەر ئەوەی بە هۆی ئەو گۆڕانکارییەوە لە ئێراندا ڕوویدا، ئەشیا ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیەدا ڕووبەڕووی گیروگرفتی زۆر ببنەوە و ئەو فڕۆکانە لە دژی خودی ئەمریکا یان لە دژی دۆستەکانی بەکاربهێنرێن. ئەمریکا بۆ ئەوەی پێش بەو کاریگەرییەی بۆ میرانج بگرێت ناچاربوو زۆر بە پەلە بودجەیەکی یەجگار گەورە تەرخان بکات بۆ داهێنان و دروستکردنی نەوەیەکی نوێی ئەو فڕۆکانە تا باڵادەستیی خۆی لە ئاسمانی جەنگدا داسەپێنێتەوە. بەو جۆرە فڕۆکەی (F-٢٢) ی سوپەرجێت داهێنرا. بەڵام داهێنانی فڕۆکەی شەڕکەری (سەروو

مۆدێرن)ی (F-٢٢) بە خەرجییەکی زۆر قورس تەواو بوو کە بریتی بوو لە تەنها (٦٩) شەست و نۆ ملیار دۆلار. ئەمریکا ناچاربوو ئەو سەرمایەگوزاریە قەبەیە لە ئەستۆ بگرێت تەنها بۆ ئەوەی بەسەر فرۆکە جەنگییە پێشکەوتووەکانی کارخانەکانی خۆیدازاڵ و باڵا دەست بێت و مەترسی ئەوەی لێ برەوێتەوە بۆ میرانجەکە بەخۆیدا بکێشێتەوە.

لێرەدا وەڵامی ئەم دوو پرسیارەی خوارەوە بۆ فانتازیای خوێنەران جیدەهێڵێن:

١. چۆن ئەتوانی پێشبینی ئەوە بکەیت دۆست و هاوپەیمانێکت لە سبەی رۆژدا لێت هەڵدەگەرێتەوە یان هەڵناگەرێتەوە؟

٢. ئایا هیچ رێگایەکی تر هەیە بێجگە لە کڕین و فرۆشتنی چەک بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانە و هاوپەیمانێتی لەگەڵ وڵاتانی تردا؟

# چەك و بەكارهێنانی دوو لایەنە

چەمکی (بەرگریکردن لە خۆ)ئەکرێ بە ئاسانی یاری پێبکرێ و بە پێچەوانەی واتا فەرهەنگی و واقیعییەکەی خۆی بەکاربهێنرێ. بۆ نمونە شارەزایانی سەربازیی لە کۆنەوە وتوویانە ((چاکترین شێوازی بەرگریکردن لە خۆ هێرشبردنە بۆ سەر بەرامبەرەکەت)). لێرەدا پێناسەی (هێرش) بە بەرگریکردن لێک ئەدرێتەوە و بە پێچەوانەشەوە (بەرگری کردن) لە کردەوەدا بریتی دەبێ لە هێرش بردن. ((بەراوردی بکە لەگەڵ هەڵوێستە جەنگییەکانی تورکیا و ...تاد)). ئەکرێ بە شێوەیەکی تریش یاری بە چەمکی (بەرگری کردن لە خۆ) بکرێت، واتە بەکارهێنانی لەشکرە خۆجێیەکان بۆ سەرکوتکردنی هاوڵاتییانی سیڤیلی وڵاتی خۆیان بە ناوی (بەرگریکردن لە خۆ)ەوە. لێرەدا ئەو جۆرە رژێم و دەوڵەتانەی لەشکرەکانیان لە دژی گەلەکانیان دەهێننە مەیدان لەراستیدا بۆ مەبەستێکی تەواو جیاواز لە مەبەستی (بەرگریکردن لە خۆ) بەکاریان دەهێنن. نمونەی ئەو خراپ بەکارهێنانەی لەشکرەکان و چەک بە گشتی یەجگار زۆرن و لاپەڕەکانی مێژوو پڕن لەو جۆرە نمونانە کە چەک و لەشکرەکان بۆ دەستدرێژیکردنە سەر وڵاتانی تر یان بۆ سەر گەلانی خۆیان بەکارهێنراون.

لەبەر ئەو هۆیانە وڵاتانێکی پێشکەوتووی ئەم شارستانییەتە

لە چەشنی ولاتەیەکگرتووەکان , بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، ئوستراليا و زۆری تریش، لە رێگای یاسا و پەرلەمانەکانیانەوە ئەوەیان بەسەر خۆیاندا داسەپاندووە کە نابێ چەک بەو جۆرە رژێمانە بفرۆشرێت کە مافەکانی مرۆڤی هاولاتییانی خۆیان پێشێل دەکەن. بەڵام لە پراکتیکدا زۆر بە دەگمەن ئەو سنوردارییە رەچاوکراوە، بە پێچەوانەوە، هەموو رژێمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرییەکانی جیهان هەر لە ولاتانی رۆژئاوایی و لە روسیا و چینەوە چەکیان پێفرۆشراوە و پێیان دەفرۆشرێ و کەسیش پێی نەوتوون بەری چاوتان کلە. ((بەراوردی بکە لەگەڵ سەرچاوەی چەک لە تورکیا، ئیران کە دەیەوێ بۆمبی ئەتۆمیش دروست بکات، سوریا، ئیسرائیل، عیراقی بەعس، سەعودیە، پاکستان، هیند، ... تاد)).

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە: کاتێک کە دەوترێ (مافەکانی مرۆڤی هاولاتیانی خۆیان پێشێل دەکەن) مەبەست لە کامە (ماف)ە؟ بەشێکی گەورەی گیروگرفتەکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە بە شێوەی جیاجیا و بەپێی بەرژەوەندییە جیاوازەکان لێکدانەوە بۆ (ماف) دەکرێت. عیراقی سایەی بەعس کە لە سالانی ١٩٨٧- ١٩٨٨دا لە چل و دوو شوێنی تۆمارکراودا چەکی کۆمەڵکوژی کیمیایی لە دژی گەلی کوردی ژێر دەسەلاتی خۆی بەکارهێنا کە هاولاتیی سنووری دەوڵەتەکەی بوون، کەس لە جیهاندا لەسەریان نەهاتە وەڵام و (مافەکانی مرۆڤ) لەو قڕکردنە بەکۆمەڵەدا لە ویژدانی شارستانییەتی سەردەمدا سڕدرابۆوە، بە پێچەوانەوە، بە کێشەیەکی ناوخۆیی لێکدرایەوە و فەرامۆشکرا. مەسەلەی ئەنفالیش لەولاوە راوەستێت کە بە تانک و تۆپ و چەک و چۆڵی روسی و چینی و نەمساوی و فەرەنسی و شوێنانی تر ئەنجامدرا. ئەو چەکە کیمیاییانەی عیراق لە دژی (گەلەکەی خۆی) بەکاری هێنان لە راستیدا

چەک و بەرهەمێکی عیراقی نەبوو بە تەنها، بەڵکو بەرهەمێکی نێو دەوڵەتی بوو کە هەموو کەرەستەخاوەکان و تەکنەلۆجیای دروستکردن و ئەو پسپۆڕانەی دروستیشیانکرد لە وڵاتانی ترەوە هێنرابوون، واتە عیراق خاوەن پارە و بڕیار بەدەست بوو بۆ دروستکردن و بەکارهێنانی ئەو چەکانە، بەڵام ئەوانەی لە واقیعدا دروستیانکرد بریتی بوون لە هێزێکی فرەڕەگەزی نێودەوڵەتیی کە بازرگانیی چەک ڕێگای پێدابوون ئەو کارە دژە مرۆییە ئەنجام بدەن. کاتێکیش عیراق چووە بەرەی دژ بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، ئەوجار کەوتنە تاوانبارکردنی ڕژێمی عیراقی وەکو پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ، بەڵام هەرگیز ئامادە نەبوون ئەو تاوانانەی ڕژێمی عیراقی دژی گەلی کورد بە تاوانی دژە ئینسانی و بە جینۆساید بناسن، بەتایبەتی ئەمریکا و بەریتانیا کە تا ئیستاش ئامادە نین ئەو هەنگاوە بنێن.

نموونەیەکی تر: لە ساڵی ١٩٧٥دا کاتێک کە لەشکری ئەندۆنیسی هێرشی کردە سەر تیمۆری ڕۆژهەڵات، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر ئەوە ڕێکنەکەوتن کە ئەو دەست درێژییە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی خەڵکی تیمۆری ڕۆژهەڵات بووبێ. بە درێژایی ساڵانی دوای ئەو ڕووداوە وڵاتانی چەک فرۆش بەردەوام چەکیان بە ئەندۆنیسیا فرۆشتووە و لێی قەدەغە نەکراوە. لە ساڵی ١٩٩١دا ڕژێمی ئەندۆنیسی کۆمەڵکوژییەکی لە دژی خۆپیشاندانێکی ئاشتییانەی خەڵکی تیمۆری ڕۆژهەڵات بەرپاکرد کە لە ئەنجامدا (٢٧١) کەس دەستبەجێ کوژران، (٣٨٢) کەس بریندارکران و (٢٥٠) کەسی تریش گیران و ببڕای ببڕای بێ سەرو شوێن کران!

گومان لەوەدا نییە کە بازرگانیی جەک و بازرگانانی چەک لە مافەکانی مرۆڤ ناپرسنەوە و هەرگیز ئەوەیان بەلاوە گرنگ نییە چونکە

بازرگانیی چەک لە ماهییەتی خۆیدا دژ بە مافەکانی مرۆڤە! بەتایبەتی لە دوای جەنگی ساردەوە کڕیارەکانی چەک دەیانتوانی ئازادانەتر لە جاران لە پێشانگاکانی چەکدا بسوڕێنەوە و پێویستییەکانیان بە ئاشکرا یان بە نهێنی بکڕن. ئەگەر وڵاتێک لەبەر هەر هۆیەک پێی نەفرۆشتبان، وڵاتانی تر هەبوون لە هەمان پێشانگادا پێیان بفرۆشن. بۆ بازرگانانی چەک ئەوە زۆر ئەستەم بوو بزانن کامە کڕیار چەکەکان بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەکار دەهێنێ. لە راستیشدا ئەوەیان بەلاوە مەبەست نەبووە بزانن بە چ دیوێکدا ئەو چەکانە بەکارئەهێنرێن، ئەگینا دەبوا بازرگانیی چەک لە جیهاندا رابگیرێ. دیارە لە بنەڕەتدا وڵاتانی سەرەکیی بەرهەمهێن و فرۆشیاری چەک لە نێوان خۆیاندا بەپێی پرنسیپێکی یاسایی کاریان نەکردووە بۆ پێشگرتن و قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەک بە وڵاتانی پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤ، بەڵکو لە روانگەی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووریەکانەوە هەڵوێستیان وەرگرتووە و لە هەرکوێدا بە پێویستیان زانیبێ فلان و فیسار دەوڵەتیان خستۆتە لیستی دەوڵەتانی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ تا چۆکیان پێداوە.

بەکارهێنانی دوولایەنەی چەک ئەشێ بە چەند جۆرێک بێت. جۆرێکیان ئەوەیە ئەو چەکە وەکو چەکێکی کلاسیکی بەکاربهێنرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا بشێ وەکو چەکی بەکۆمەڵکوژیش بەکاربهێنرێت. نمونەیەکی ئەو جۆرە چەکانە مووشەکی (شاهین)ی پاکستانییە. ئەو موشەکانە ئەکرێ کڵاوەی کلاسیکی- تەقلیدی پێوە ببەسترێ، بەڵام دەکرێ سەرە بۆمبی ئەتۆمیشیان پێوە ببەسترێ. بە هەمان شێوە ئەکرێ باس لەو بۆمب و گوللەتۆپە کلاسیکیانەی عیراق بکرێت کە لە کارخانەکانی روسیا دروست ئەکران، بەڵام عیراق سەرە بۆمب و تۆپی کیمیاوی لێ دەبەستن. نموونەیەکی تر بەکارهێنانی وزەی ئەتۆمییە کە ئەشێ بۆ بەرهەمهێنانی

وزەی کارەبا بەکار بهێنرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەری ئەوەشی هەیە بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی بە نهێنی بپارێزرێ.

جۆری دووهەمی بەکارهێنانی دوولایەنەی چەک لە ئامانجە پەنهان و راستەقینەکانی وڵاتە کڕیارەکاندا خۆی حەشار ئەدات. ئەمە ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە لە رێگای جۆراوجۆری فەرمی و قاچاخەوە کەرەستەی سەرەتایی و خاوی چەکە کۆمەڵکوژەکان دەکڕن لەژێر پەردە و بەناوی بەکارهێنانەوە بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و شتومەکی مەدەنی، بەڵام پاشان بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ بەکاریان دەهێنن. ئەمە کەرەستە خاوە کیمیایی و بایۆلۆجی و ئەتۆمییەکان دەگرێتەوە. کەرەستە بایۆلۆجییەکان لەژێر ناوی بەرهەمهێنانی دەرمان یان بە ناوی لێکۆڵینەوەی زانستیی- بایۆلۆجیی لە دانشگاکاندا پەنهان ئەدرێن. زەقترین نموونەی بەکارهێنانی دوو لایەنەی کەرەستە خاوە کیمیاییەکان رژێمی بەعسی عیراق بوو کە بە ناوی پیشەسازی و دروستکردنی دەرمانی قڕکەری جڕوجانەوەر و شتی تری لەو جۆرانە هەموو کەرەستە و پێداویستییەکانی چەکی کیمیایی لە بازاڕی جیهانیدا کڕی هەر لە کەرەستە خاوەکانەوە تا تەکنەلۆجیای دروستکردن. چاکترین نمونەش بۆ بەکار هێنانی دوولایەنەی کەرەستە خاوە ئەتۆمییەکان ئێرانە. هەڵبەت ئێران تا ئێستا بۆمبی ئەتۆمیی دروست نەکردووە. بەڵام لە ژێر پۆششی بەکارهێنانی وزەی ئەتۆمی بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبادا بناغەی پیشەسازیی ئەتۆمیی دامەزراندووە و ئەشێ بە تێپەڕبوونی کات و بەدەستهێنانی تەکنەلۆجیای پێویست وەریانگێڕێتەوە و بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی بەکاریان بهێنێ. هەر ئەوەش مەبەستە راستەقینەکەیە، چونکە ئێران ئەوەی نەشاردۆتەوە کە مافی خۆیەتی وەک ئیسرائیل و ئەوانی تر بۆمبی ئەتۆمیی خۆی

دروستبکات. کاتی خۆشی لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا عیراق بناغەی دروستکردنی چەکی ئەتۆمیی دامەزراندبوو کە هەر زوو ئیسرائیل بە هێرشێکی لەناکاوی ئاسمانی تەفروتونای کرد. هەروەها لە ٢٠٠٧/٩/٦یشدا ئیسرائیل هێرشێکی لەو بابەتەی کردە سەر بنکەیەکی سەربازیی سوریایی و تەفروتونای کرد بە بیانووی ئەوەی دامەزراوەیەکی ئەتۆمییە و سوریاش هیچ دەنگی لێوە نەهات. چیرۆکی تەقاندنەوە و وێرانکردنی کارخانە کیمیاییەکەی سودانیش لە ئەنجامی هێرشێکی موشەکیی ئەمریکی دا بەناوبانگە کە بە هەمان شێوازی عیراق لەژێر ناوی کەرەستە قرکەرەکانی جرِ و جانەوەردا پەنهانی دا بوو. قاو وایە سوریای ئێستا خاوەنی ئەمبارێکی پڕ لە کەرەستەی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی بێت و گوایە عیراقی بەعس لە ساڵانی نەوەدەکان تا پێش رووخانی رژێمی سەددام هەموو شارەزاییە تەکنەلۆژییەکانی خۆی لەو بوارەدا گواستۆتەوە بۆ سوریا (هەندێکیان دەڵێن بۆ سودان و یەمەنیش). بەڵام ئەوانە دەنگۆن و ساغ نەبوونەتەوە.

جۆری سێیەمی بەکارهێنانی دوولایەنەی چەک بریتیە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیایەکی مەدەنی بۆ مەبەستیکی سەربازی یان لە دژی خەڵک و بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ. بۆ نمونە لە چوارچێوەی ئازادیی تاکەکەسیدا هەر سانسۆرێک لەسەر گفتوگۆی شەخسی لە رێگای تەلەفۆنەوە دەچێتە خانەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە. هەروەها کامێرا و تەلەفۆنی مۆبایل و سانسۆری ئیمەیڵ. کەرەستەی بەنزین نمونەیەکی سادەیە کە ئەشێ بۆ لێخوڕینی سەیارەی مەدەنی و فڕۆکەی مەدەنی بەکاربهێنرێت، بەڵام ئەشێ بۆ فڕۆکەی جەنگیش بەکار ببرێ کە لەوانەیە بۆمبێکی کۆمەڵکوژی کیمیایی یان ئەتۆمی بهاوێژێت. لێرەدا وەک نمونەیەکی زەقی بەکارهێنانی دوو لایەنەی تەکنەلۆجیای

مەدەنی بۆ مەبەستی سەربازیی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ باس لە کامێرا دەکەین. کامێرا خۆی لە خۆیدا هیچ تاوانبارنییە و ئامێرێکی زۆر سوودبەخشە. بەڵام مەبەست و ئامانج لە بەکارهێنانەکەی ئەشێ زیانبەخش و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤی بەدوادا بێت. لە ناوەڕاستی سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا سیستمێکی پێشکەوتووی کامێرایی لە بەریتانیادا دروستکرا بۆ چاودێریکردنی ئیزدیحامی سەیارە لە شەقامە گەورەکان و گۆڕەپانە سەرەکێکانی لەندەن. ئەو سیستمە چاودێرییە پێشکەوتووە کامێراییە بۆ یەکەمین جار لە هەردوو پایتەختی بەریتانیا و چین، واتە لە لەندەن و پەکیندا خرایە کار. دیارە پێشوەخت چین ئەو سیستمەی کڕیبوو. بەو جۆرە پۆلیسی رێگاوبانی ئەو دوو شارە دەیانتوانی زۆر بە چاکی چاودێری و کۆنترۆلی قەرەباڵغی و هاتووچۆی سەیارە بکەن و ئەوەش کارێکی زۆر بەسوود بوو. بەڵام بە دیوێکی تردا، لە ساڵێ ١٩٨٩دا و لەکاتی خۆنیشاندانە ئاشتییەکانی خوێندکارانی چینی لە گۆڕەپانی (ئاشتی ئاسمانی) لە پەکیندا تەواوی ئەو سیستمە چاودێرییە لەلایەن پۆلیسی نهێنیی چینییەوە لە دژی خۆپیشاندەران بەکارهێنرا بە مەبەستی ناسینەوەی بەشداربووەکان و پاشان گرتن و زیندانی کردنی بە کۆمەڵیان کە بەشێکیان تا ئێستاش لە زینداندان.

لە روویەکی ترەوە بازرگانیی چەک لەسای سەری دیموکراسی و بازاڕی ئازادەوە ئەشێ گەندەڵیی کارگێڕێشی بەدوواوە بێت. دیارە فەرمانبەرێکی حکومەتیی لە سایەی رژێمێکی بەناو دیموکراتیدا فەرزە لەسەری خزمەتی دەنگدەرەکان بکات. بەڵام بەهۆی ئەوەی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کڕین و فرۆشتنی چەک بە ناوی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە ژێربەژێر ئەنجام ئەدرێن و بە نهێنی دەمێننەوە، زۆرێک

لەو کارمەندە حکومەتییانە دەکرێن یان فرتو فێڵی کارگێڕی ئەکەن بۆ لووشدانی چەردەیەک پارەی زۆر کە لە راستیدا پارەی ئەو گەل و میللەتەیە. لە ساڵی ١٩٩٩دا وڵاتی بەنگلادیش (٨) هەشت فڕۆکەی شەڕکەری پێشکەوتووی (مێک-٢٩)ی لە روسیا کڕی بە بڕی پارەیەکی راگەیەندراو کە بریتی بوو لە (١٢٠) سەدوبیست ملیۆن دۆلار. ئەو بڕە پارەیە رێک دوو ئەوەندەی بەهای راستەقینەی ئەو فڕۆکانە بوون. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی پەرلەمانی بەنگلادیش دژی ئەو سەودایە بوون. ئاشکرایە لەو گەندەڵییەدا کارمەندە دەسەڵاتدارەکانی بەنگلادیش بە تەنیا نەبوونە، بەڵکو دەسەڵاتدارەکانی روسیاش هاوبەش بوونە، ئەگینا کارمەندە بەنگلادیشییەکان نەیاندەتوانی یەک لایەنە نرخی فڕۆکەکان دوو قات بکەن. وەک دەڵێن چەپڵە بە دوو دەست لێئەدرێ.

نموونە و حاڵەتی تر زۆرن بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەهۆی بازرگانیی چەکەوە. لە ناوەڕاستی ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا کۆنگرێسی ئەمریکی فرۆشتنی چەکی بە شانشینی سەعودی قەدەغە کرد بە پاساوی ئەوەی مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات. ((بەڵام پاش جەنگی ١٩٩١ی کەنداو ئەمریکا لەو هەڵوێستەی پاشگەز بۆوە و سەعودیە لە یەک سەودادا بایی (٥٥) ملیار دۆلار فڕۆکە و موشەک و سیستمی پێشکەوتووی چاودێری لە ئەمریکا کڕی.....!)). سەعودیە لە بەرامبەر ئەو قەدەغە کردنەی ئەمریکا دەستەوستان دانەنیشت، بەڵکو رووی کردە بەریتانیا. بە پێچەوانەی هەڵوێستی کۆنگرێسی ئەمریکی، رای ئینگلیز ئەوەبوو کە فرۆشتنی چەک بە سەعودیە دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی رێزی مافەکانی مرۆڤ بگرن. رەنگبێ لە مێژووی بازرگانیی چەکدا ئەوە سەیر و سەمەرەترین و گاڵتەجاڕترین پاساو بووبێت بۆ فرۆشتنی چەک. بەڵام بەریتانیا بۆ خۆی تا چەندە رێزی مافەکانی

مرۆڤ دەگرێت؟ ئەو سەودایەی نێوان سەعودیە و بەریتانیا نەک هەر نەبووە هۆ و هاندەری ریزگرتنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن سەعودیەوە، بەڵکو بووە هاندەر بۆ ئەوەی بەریتانیا بۆ خۆی مافی مرۆڤ پێشێل بکا و بچێتە ریزی سەعودیەوە. چۆن؟ لە ساڵی ١٩٩٦دا بەریتانیا هەوڵی ئەوەی دا دکتۆر (محمد مەسعەری) کە پەناهەندەیەکی سیاسی سەعودی بوو لە بەریتانیا، وڵات بەدەری بکات، ئەویش لەسەر داوای سەعودیە و بۆ ڕازیکردنی سەعودیە، چونکە ناوبراو رەخنەگرێکی توندی دژ بە سەعودیە بوو. هەڵبەت بەریتانیا نەیدەویست بەهۆی مافی مرۆڤی بەنابەرێکی زۆربلێیەوە بۆڕی پارە زۆر و زەبەندەکانی (ئەلیەمامە) لەخۆی دابخات. پراگماتیزم لە سیاسەتدا ئەوە دەخوازێت. بەڵام تا ئەو راستییانە دەرکەوتن و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی یاساییدا ئاشکرا بوون، دە ساڵی رەبەقی خایاند کە ئیدی کڕین و فرۆشتنی چەکەکان ببوون بە مێژوو. ئەوە کاری راستەقینەی بازرگانانی چەکە بە فرۆشیار و کڕیاریانەوە بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ.

# کۆنترۆڵکردنی بازرگانیی چەک

نەتەوە یەکگرتووەکان بەدوای کڕین و فرۆشتنی چەکی نێوان دەوڵەتاندا ئەچێ و چاودێری دەکات، بەڵام بە هیچ شێوەیەک دەسەڵاتی ئەوەی نییە کۆنترۆڵی بکات و سنووری بۆ دابنێت. ئەو سەودا و کڕین و فرۆشتنانە لە خشتەیەکی ساڵانەدا تۆمار ئەکرێن کە پشت بەو زانیارییانە دەبەستن کە سەد و نەوەد و سێ دەولەتە ئەندامەکە پێشکەشی دەکەن بە (U.N). بەڵام ئەگەر کڕیار و فرۆشیارەکە سەوداکەیان بە نهێنی بهێڵنەوە، دیارە لەو خشتەیەدا تۆمار ناکرێ و (U.N)یش ناتوانێت لەو بارەیەوە هیچ شتێکی ئەوتۆ بکات. سەرەڕای ئەوە، ئەو خشتە ساڵانەیەی (U.N) سەبارەت بە بازرگانیی ساڵانەی چەک تەنها چەکە قورسەکان دەگرێتەوە لە چەشنی فڕۆکەی جەنگی، هەلیکۆپتەر، کەشتی جەنگی، تانک و تۆپ و سیستەمە موشەکییەکانی زەمین بە زەمین و زەمین بە ئاسمان... کەچی هەرچی چەکی سووک و نیوە قورس هەن کە ساڵانە بازرگانییان پێوە دەکرێ لە چەشنی دەمانچە، تفەنگ، رەشاش، نیشانپێک (قناص)، هاوەن، موشەکهاوێژی بەشان هەڵگیراوی دژە تانک و دژە فڕۆکە، لوغم و نارنجۆک و تەقەمەنی جۆراوجۆر، هەموو ئەوانە تۆمار ناکرێن، ئەوەش لە کاتێکدایە کە کۆنترۆڵکردنی بازرگانیی

ئەو چەکانە بایەخی گرنگی ڕۆژانەیان هەیە چونکە بەشی هەرە زۆری جەنگە لۆکاڵییەکان کە ئەو چەکانەیان تیادا بەکارئەهێنرێن ئەشێ ڕاستەوخۆ بکەونە دەستی هەموو کەسێک و بەکاربهێنرێ.

لەلایەکی ترەوە چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەو چەکە شەخسی و سووک و نیوە قورسانە کارێکە لە کردن نایەت چونکە وڵاتانێکی یەجگار زۆر بەرهەمیان دێنن و بە نهێنی دەیانفرۆشن. وڵاتە فرۆشیارەکان نەریتە ئاشکراکانی بازرگانیی چەک ڕەچاوناکەن و زۆربەی جار بە خاتری قازانجی ماددی و سیاسیی خۆیان ئەو سەودایانە لە ڕێگای فرت و فێڵەوە جێبەجێ ئەکەن. لە کۆتایی ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا بەریتانیا ژمارەیەک چەکی جۆراوجۆری بە نهێنی بە ئەندۆنیسیا فرۆشت، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە گرژییە سیاسییەکانی نێوان ئەندۆنیسیا و گەلی تیمۆری رۆژهەڵات گەیشتبووە ئەو پەڕی خۆی و تیمۆرییەکان ڕێگای سەربەخۆییان هەڵبژاردبوو، ئەو سەربەخۆییەی کە نزیکەی زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەندامی (U.N) پشتگیریان کرد و رای گشتی جیهانیش هاوسۆزی تیمۆرییەکان بوون بۆ ئەوەی لە قەتڵوعامی رژێمی ئەندۆنیسی رزگاریان بێت. ئێمەی کوردیش لە ناخمانەوە بەو سەربەخۆییە شاگەشکە بووین ئەگەر چی لە هەمان کاتیشدا زۆر بەزەییمان بە خۆماندا دەهاتەوە چونکە خۆمان بەبێ دەسەڵات و غەدرلێکراو دەهاتە بەرچاو کە بینیمان تیمۆریک کە هەندەی شارۆچکەیەکی کوردستانە، بە پشتگیری نێودەوڵەتی سەربەخۆیی وەرگرت، کەچی ئێمە هەر ژێر دەستە ماوینەتەوە و لە داشی شەترەنج زیاتر هیچ حسابێکمان بۆ ناکرێت. لەو کاتە ناسکانەدا بەریتانیای مەزن (!؟) کۆمەڵێک چەکی بە ئەندۆنیسیا فرۆشت بەبێ ئەوەی هیچ بایەخێک بە رای گشتی جیهانی و مافەکانی مرۆڤ بدات.

سەرەڕای ئەوەش بەریتانیا ڕێگایەکی پێچاوپێچ و فێڵاویانەی لەو بازرگانییەدا بەکارهێنا بۆ شوێن بزرکردن و چاوبەستەکی. ئەو چەک و تەقەمەنییانەی بە ئەندۆنیسیای فرۆشت هەزار دانە رەشاشی (H-K) ی تیادابوو. ئەو رەشاشە ئینگلیزییانە بە ئیجازەی بەریتانیا لە لایەن کارخانەیەکی تورکییەوە دروست کران و بەناوی ئەو کارخانە تورکییەوە رەوانەی ئەندۆنیسیا کران! بەو جۆرە بەریتانیا ئەو بازرگانییە رەشەی تێپەڕاند بەبێ ئەوەی رووبەڕووی هیچ لێپرسینەوەیەکی یاسایی و سەرزەنشت و رەخنەیەک ببێت چ لە ناوخۆی بەریتانیادا یان لە بەرامبەر نەتەوەیەکگرتووەکاندا.

هەندێ چەک هەن دەچنە خانەی ئەو چەکانەوە کە بە پێی نەریتێکی نێودەوڵەتی نابێ بگەنە دەستی ئەو دەوڵەتانەی کە نییانە و بۆ خۆشیان ناتوانن دروستیان بکەن. واتە ئەو چەکانە دەبێ تەنها لەو وڵاتە دیاریکراوانەدا بمێننەوە کە دروستیان کردون و کۆنترۆڵی توندیان بەسەرەوەیە. ئەوە هەموو چەکە کۆمەڵکوژەکان دەگرێتەوە سەرەڕای تەکنەلۆجیای مووشەکسازی. بەڵام لە چوارچێوەی بازرگانیی چەک و بازاڕی رەشدا زۆر جاران ئەو پابەندیانە پێشێلکراون و ئەو چەکانە یان بەشێک لە تەکنەلۆجیای دروستکرنیان کەوتۆتە دەستی هەندێ رژێمەوە کە مایەی هەرەشەن بۆ ئاشتی. چەکە ئەتۆمییەکانی ئیسرائیل، کۆریای باکوور، هیند، پاکستان، بەو جۆرەی سەرەوە دروستکراون. ئێرانیش خەریکە بە هەمان رێگادا دەڕوا. نمونەی دەوڵەتی بەعسی عیراق بۆ دروستکردن و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، هەروەها هەوڵەکانی سوریا بۆ دروستکردنی چەکی کیمایی و ئەتۆمیی کە پێشتریش سودان هەوڵی دروستکردنی چەکی کیمایی دابوو، ئەوجار ئەو قەیرانەی ئێران ناویەتەوە لە بارەی مافی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمییەوە، هەموویان دەچنە خانەی

ئەو پێشێلکاریانەوە کە نیشانەی کۆنترۆڵ نەکردنی بازرگانیی چەکن و لە راستیدا بازرگانیی چەک لە بازاڕی رەشدا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان، سەرەڕای چەکە ستراتیجییەکانی تر لە چەشنی مووشەکە دوور هاوێژ و ماوە ناونجییەکان کە ئەشێ سەرە بۆمبی چەکی کۆمەڵکوژییان پێوە ببەسترێ. لە ساڵی ٢٠٠٢دا کەشتییەکی بازرگانی بە ناوی (سو-سان)ەوە کە خەریکی تێپەڕبوون بوو لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسییەوە بۆ دەریای ناوەڕاست، لەلایەن هێزە دەریاییەکانی ئیسپانیاوە کۆنترۆڵکرا و کەوتنە پشکنینی. لە ئەنجامدا پانزە موشەکی سکۆد (SCUD) دۆزرانەوە کە لە کارخانەکانی کۆریای باکووردا دروستکرابوون و پێدەچوو رەوانەی سوریا کرابن. ئەو جۆرە کۆنترۆڵکردنانە سوودی خۆیان هەیە بۆ پێشگرتن لە بازرگانیی قاچاخی چەک، بەڵام زۆر سنووردارن و زۆر دەگمەن رووئەدەن.

سەرچاوەیەکی گیروگرفتەکە پەیوەندییەکی بەوەوە هەیە کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو دەزگا بەهێزە نێودەوڵەتییە نییە کە بتوانێت کۆنترۆڵی بازرگانیی چەک بکات و یاسا و سنووری بۆ دیاری بکات. ئەوەیان راستە کە زۆر جار وڵاتانی ئەندام لە (U.N)دا کۆبوونەوە لەدوای کۆبوونەوە رێک ئەخەن بۆ قسەوباس لەبارەی بازرگانیی چەکەوە یان قەدەغەکردنی چەک لە فلان وفیسار دەوڵەت. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی (U.N) ئەو وڵاتانەن کە بۆ خۆیان گەورە بەرهەمهێن و بازرگانی چەکن لە جیهاندا. ئیدی چۆن رێگا لە بازرگانیی چەک دەگیرێ؟ یان: نەتەوە یەکگرتووەکان کێیە تا کۆنترۆڵی بازرگانیی چەک بکات؟ نموونەیەکی سادە: کاتی خۆی (ئۆسکار ریاس) ی سەرۆک کۆماری پێشووی وڵاتی کۆستاریکا کە هەڵسوڕاوێکی چالاکی

نیودەوڵەتییە لە دژی چەک و لە پێناوی ئاشتیدا، بیرۆکە و پێشنیاری ئەوەی هێنایە ئاراوە کە هەموو وڵاتان پێویستە بەڵێنی ئەوە بدەن و مۆری بکەن کە بە هیچ شێوەیەک نابێت چەک بەو وڵاتانە بفرۆشرێت کە نا ئارامی سیاسی و کۆمەڵایەتییان تیادایە یان بەو رژێمانەی گەندەڵی و بەرتیلخۆرییان تیادا باوە یان بەو رژێمانەی لە جەنگدان. بەڵام کەس گوێی لە ئۆسکار ریاس نەگرت هەرچەندە چەپڵەی توندیشیان بۆ لێدا. لە راستیشدا ئەو پێشنیارانەی ئەو جۆرە خۆشخەیاڵییەکی رۆمانسیانەی مرۆڤ دۆستانەن کە لە دونیای واقیعیدا مەحاڵە جێبەجێ بکرێن هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی وڵاتانی هەرە گەورەی بەرهەم هێن و بازرگانانی چەک هەر بۆ خۆیان خاوەنی بڕیارە چارەنووسسازەکانی ناو نەتەوەیەکگرتووەکانن. لەلایەکی تریشەوە وڵاتانی تری ئەندام ئەو جۆرە پێشنیارانە هەرگیز پەسەند ناکەن چونکە لە کردەوەدا ئەگەر پەسەندی بکەن کەواتە دژ بە بەرژەوەندییە سیاسییە دەسەڵاتخوازییەکانی خۆیان رەفتار ئەکەن. ئەوەش مەحاڵە رووبدات چونکە شەهوەتی دەسەڵات هەموو مۆراڵێکی پۆزەتیڤ ئەخاتە ژێر پێوە.

ئەی چار چییە بۆ کۆنترۆڵکردنی بازرگانیی رەش و سپیی چەک؟ ئایا دەکرێ رێگا و رێسا بۆ رەفتاری بازرگانانی چەک دابنرێن؟ ئەوەیان لە دونیای واقیعیدا و لە ئەمڕۆدا مەحاڵە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی جیاجیا دراوە بۆ ئەوەی بەشێک لەو بازرگانییە سنوردار بکرێ کە ئەویش زیاتر ئامانجی سیاسییان بەدواوەیە. نموونەیەکی ئەو هەوڵانە بریتییە لە ((رێساکانی رەفتاری نێودەوڵەتیی بۆ گواستنەوەی چەک)) کە کۆمەڵە رێساویاسایەکی دارێژراوە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ چۆنییەتی رەفتارکردن لەگەڵ هەندێ چەک و هەندێ وڵاتی دیاریکراودا لە بواری چەک پێفرۆشتندا. بەو رێسایانە دەڵێن (چڤرە یان کۆدەی

رەفتار) کە هاوپێچ لەگەڵیدا لیستێکی کۆنترۆڵکردنی تیادایە بە ناوی ئەو وڵاتانەوە کە قەدەغەیە چەکیان پێ بفرۆشرێت: واتە ئەو وڵاتانەی رێز لە مافەکانی مرۆڤ و ئاشتی و دیموکراسی ناگرن. لێرەدا دوو پرسیار دێنە پێشەوە. یەکەمیان، کێ بڕیار لەسەر ناوی ئەو وڵاتانە ئەدات کە دەخرێنە ئەو لیستەوە؟ ئەوەیان لە پلەی یەکەمدا ئەمریکا و هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانییەتی کە زۆرجار بۆ دروستکردنی فشار لەسەر وڵاتێک یاری بەو وەرەقەیە دەکەن. ئەوە ململانێ و بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەتی کە (بۆ نموونە) رۆژێک سەعودیەی عەرەبی ئەخەنە لیستەکەوە و رۆژێکیتر لە لیستە رەشەکە دەریئەکەن. دووەمیان: لەو قەدەغەکردنەدا (چەک) چییە؟ چونکە لەوەشدا یاری بە چەمکی (چەک) ئەکرێت و بازرگانییەکە بەشێوەیەکیتر ئەنجام ئەدرێ. بۆنموونە بەریتانیا لەسەر بناغەی پابەندبوون بەو لیستەوە کە لە (رێساکانی رەفتاری نێودەوڵەتیی بۆ گواستنەوەی چەک)دا دیاریکراوە، چەک بە وڵاتی چین نافرۆشێت چونکە ناوی لە لیستەکەدا هەیە و مافەکانی مرۆڤ پێشێل ئەکات و سیستمی دیموکراتی پەسەند ناکات. هەڵبەت لەناو ئەو چەکانەشدا تفەنگ بە چین نافرۆشێت. کەچی لەولاوە هەر بەریتانیایە کە دووربینی لەیزەریی سەر تفەنگی مۆدێرن بۆ نیشانە نانەوەی لەیزەری بە لەشکری چینی دەفرۆشیت کە بۆ موشەکهاوێژی بەشان هەڵگیراویش بەکار ئەهێنرێ. بەوجۆرە، چەکەکانیان بە کۆمپلێتی پێنافرۆشن، بەڵام پارچە پارچەی چەکەکانیان پێ ئەفرۆشن و ناوی نانێن (چەک). وڵاتێکی وەکو ئێرانیش بە هەمان شێوە ناوی لە لیستەکەدایە، کەچی بەو چەشنەی سەرەوە و لە بازاڕی رەشدا پارچە پارچەی کەرەستە پێویستەکانی دامەزراندنی پیشەسازیی ئەتۆمیی پێکەوە ناوە و هەڕەشەی ئایندەیی لە ئیسرائیل

و ئەمریکا دەکات. لەلایەکی تریشەوە وڵاتانێکی وەکو چین و کۆریای باکوور کە ناویان لە لیستەکەدا هەیە پابەندی ئەو لیستە نەبوونە و بەبێ کۆسپ هەموو جۆرە چەکێک بە هەموو کڕیارێک دەفرۆشن (چەکە کۆمەڵکوژەکان نەبێت) تەنانەت بەو وڵاتانەش کە ناویان لە لیستە رەشەکەدا هەبێت.

وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوەش بۆ فانتازیای خوێنەر جێدەهێڵم: بەڕای تۆ وڵاتیکی وەکو تورکیا کە بە هەموو شێوەیەک مافەکانی مرۆڤ پێشێل ئەکات چ لە ناوەوە و چ لەگەل دراوسێکانیدا، لەبەر چ هۆیەک ناخرێتە ناو لیستە رەشەکەوە؟ تورکیا هەم جەنگخواز و دژە ئاشتییە، هەم مافی گەلانی ژێر دەستەی خۆی پێشێل ئەکا و هەم ئامادەش نییە لە رێگای دیموکراسییەوە کێشەی گەلی کورد و ئەرمەن چارەسەر بکات. کەواتە هەرسێ مەرجەکەی تیادایە بۆ ئەوەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بخرێتە لیستی رەشەوە. بەڵام بۆ نایکەن؟ لێرە راستگۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمریکا بەتایبەتی دەرئەکەوێ یا ناکەوێ؟...

# دۆسیێی مینە زەمینییەکان

هەندێ چەکی سووک کۆنترۆڵی زیاتریان لەسەرە لەچاو هەندێکی تریان، بەتایبەتی چەکی مینە زەمینییەکان کە حەق وایە بە چەکی (کوێر یا نابینا) ناوببرێ چونکە جیاوازی لە نێوان چەکدار و بێ چەک، سەرباز و سیڤیلدا ناکات بۆ کوشتن و لەناوبردن، تەنانەت ئاژەڵیش. بەڕای ئێمە ئەو چەکە کوێرە لەبەر ئەو هۆیەی کە باسمانکرد دەچێتە خانەی چەکە کۆمەڵکوژەکانەوە، واتە ئەو چەکانەی هیچ جیاوازییەک لەنێوان هێزە چەکدارەکان و خەڵکی مەدەنی و ئاژەڵدا ناکەن و هەموو زیندەوەرێک لەناودەبەن و تاوانی جەنگیان لێدەکەوێتەوە. بەڵام تایبەتمەندیی سەرەکی ئەم چەکە لەوەدایە، بە پێچەوانەی چەکە کۆمەڵکوژەکانی تر، هەموو کەسێک ئەتوانێت بەکاری بهێنێ، واتە لە هەر شوێنێک کە مەبەستی بێت دەتوانێت بیچێنێ. ئەو مینانە بە ئاسانی دەچێنرێن، بەڵام زۆر بە زەحمەت هەڵدەگیرێنەوە. لەبەر ئەوە پاش کۆتایی پێهاتنی جەنگەکان لەبیرئەکرێن و پشتگوێ ئەخرێن و لەژێر خۆڵدا دەهێڵرێنەوە تا ئەو کاتەی کەسێک بێئاگایانە پێی پیادا

ئەنێ و دەتەقێتەوە. هەمیشە زیانی قورسی بەدوادا دێت لە کوشتن و بریندارکردن و کەمئەندامکردن، بەتایبەتی لەناو خەڵکی مەدەنیدا بە گەورە و منداڵەوە.

کڕین و فرۆشتنی مینی زەمینی بە هەموو جۆرەکانیەوە (دژە شەخسی و دژە تانک و سەیارە) یەکێکە لە بازرگانییە هەرە دزێو و دژە مرۆییەکانی چەک کە هیچ بەربەستێکی راستەقینەی بۆ دانەنراوە. لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا شاڵاوێکی گەورەی ئاشتیخوازان بەرپاکرا لە دژی بەکارهێنانی مینی زەمینی. لە ناوەندە سەربازی و نێودەوڵەتییەکانیشدا ئەو چەکە ناونراوە (چەکی ناوچە قەدەغەکراوەکان) چونکە لە هەر ناوچەیەکدا ئەو چەکانە بچێندرێ ئیدی ئەو ناوچەیە بۆ دوژمنەکان دەبێ بە ناوچەی قەدەغەکراو. بەڵام کارەساتی لەوە گەورەتر ئەوەیە پاش تەواوبوونی جەنگ هێزە چەکدارەکان دەکشێنەوە بەبێ ئەوەی ئەو مینانە هەڵگرنەوە کە هەر بۆ خۆیان دەزانن بەپێی نەخشەی سەربازیی لەکوێیان چاندوون. ئەو کردارە جەنگییە دژە مرۆییە لەلایەن عیراقەوە لە کوردستاندا جێبەجێ کرا و پاش تەواوبوونی جەنگی عیراق- ئیرانیش لە ١٩٨٨دا ئەو کێڵگە لوغمانە پاکنەکرانەوە و بە ئەنقەست جێهێڵران کە کارەساتی گەورەیان بۆ خەڵکی سیڤیلی ئەو ناوچە مینرێژکراوانە نایەوە و تا ئیستاش شوێنەوارەکانی هەرماون.

جاران بەشی هەرە زۆری ئەو مینانە لە میتاڵ دروست دەکران کە تاڕادەیەکی زۆر بەهۆی بەکارهێنانی (ئامێری میتاڵ دۆزەرەوە) دەکرا شوێنەکانیان دەستنیشان بکرێ و بتەقێنرێنەوە یان دەربهێنرێن. بەڵام جۆرە مۆدێرنەکانی چەکی مین لە پلاستیک دروست دەکرێن و دۆزینەوەیان یەجگار ئەستەمە و تەنها لەشکرە هەرە پێشکەوتووەکان ئامێری پێشکەوتووی گونجاویان هەیە بۆ دۆزینەوەیان. ئەو وڵاتانە

لەجیاتی ئەوەی ئەو چەکە کوێرانە قەدەغە بکەن، بە پێچەوانەوە، لە رووی تەکنەلۆجییەوە پەرەی پێئەدەن و بەو جۆرەی دروست ئەکەن کە کاریگەرتربێت و دۆزینەوەی زەحمەتتربێت.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەشدا ئەو چالاکییە درێژخایەنانەی ئاشتیخوازان لە دژی (مینە دژە شەخسیەکان) بەرپایانکردبوو، لە ساڵانی نەوەدەکاندا هەندێ سەرکەوتنی سنوردariyان بەدەستهێنا. لە رووی پرەنسیپەوە هەموو وڵاتانی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا بە راست و بە درۆ ناچاربوونە دان بەوەدا بنێن کە پێویستە سنورێک بۆ بەکارهێنانی مینە شەخسییەکان دابنرێت. بەڵام هیچ کام لەو دەوڵەتانە نەچوونەتە ژێر باری ئەوە کە چەکی مین هەڵبوەشێتەوە و قەدەغە بکرێت یان بەرهەمهێنانی رابگیرێت. هەروەها بەشێکی ئەو وڵاتانە بە تەواوەتی دژی ئەوەن مینە زەمینییەکان لەناوببرێن، بەتایبەتی ئەمریکا کە تاکو ئێستاش ئەو رێککەوتننامەیەی ساڵی ١٩٩٧ی ئیمزا نەکردووە بۆ قەدەغەکردنی چەکی مینە زەمینییەکان. لەناو (١٩٣) وڵاتی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا تەنها (١٤٦) وڵات ئامادە بوونە ئیمزای بکەن. لەو کاتەدا کە ئەو رێککەوتننامەیە ئیمزاکرا بە پێی ئامارەکانی (U.N) نزیکەی (٢٢٠) ملیۆن مینی دژە شەخسی لە ئەمبار و جبەخانەکانی لەشکرەکانی جیهاندا هەبووە. دیارە ئەوە تەنها ئامارە ئاشکرا و تۆمارکراو و راگەیەندراوەکانن و ئیدی ژمارە نهێنییەکان بۆ کەس ئاشکرا نییە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە درێژایی ئەو ماوەیەی دوای ریککەوتننامەکە تاکو ئێستا تەنها (٢٢) ملیۆن مین بە ئاگاداری (U.N) لەناوبراون.

نییەتی جەنگخوازانە لەم جیهانەدا و بێبڕوایی بەرامبەر بە یەکتر زۆر باڵاتر و دەستڕۆیشتووترە لە نییەتی ئاشتیخوازانە. هەربۆ

بەراورد دەڵێین: ئەگەر ئەمریکای گەورە هێز و گەورە بەرهەمهێنی چەک و یەکە بازرگانی چەک لە جیهاندا تا ئێستاش ئامادە نەبێت ئەو رێککەوتننامەیە ئیمزا و جێبەجێ بکات، ئەدی روسیای خاوەن گەورەترین ئەمباری مین لە جیهاندا چۆن ئامادە دەبێت ئەو دەیان ملیۆن مینانەی خۆی لەناوبەرێت؟ وڵاتانێکی وەکو هیند و پاکستان دوای ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکە بە چوار ساڵ، واتە لە کاتی قەیرانە جەنگییەکەی ساڵی (٢٠٠١)ی نێوانیان (٣) سێ ملیۆن مینی تازەیان لەسەر سنورەکانی خۆیان چاند، ئەوە سەرەڕای مینە کۆنەکان کە بە درێژایی ساڵانی رابردوو چاندوویانە. هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو دەزگا و ئامڕازە بەهێزە نییە بتوانێت بڕیار بەسەر ئەندامەکانی خۆیدا داسەپێنێت و ئاشتی لە جیهاندا بەدیبێنێت و مافەکانی هەموو لایەک مسۆگەربکات. لەبەر ئەوە دۆسییەی مینەکان و هەموو چەکە کۆمەڵکوژەکان هەر وا بە کراوەیی و چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە، چونکە تا ئازادیی بازرگانیی چەک لە ئارادابێت و مەیلی جەنگ خوازانە و دەسەڵاتخوازی گێچی رووداوەکان هەڵسوڕێنێ، ئەو شمشێرانە هەرگیز نابن بە داسی دروێنە.

ئەو کێشەیە هەر تەنها لەگەڵ چەکی مینە شەخسییەکاندا نییە، بەڵکو چەکی تریش دەگرێتەوە کە بە هەمان شێوەی چاندن و بە بەرنامەی مینەکان ناوچەی فراوان قەدەغە دەکەن لە زیندەوەران. ئەوە بە تایبەتی بۆمبە هێشوویەکان دەگرێتەوە کە بە حەق دەچێتە خانەی چەکە کوێرە بەکۆمەڵکوژەکانەوە. لە ساڵێ ١٩٩٩دا کاتێک هێزەکانی پەیمانی ناتۆ بەناوی هێزەکانی ئاشتییەوە دەیانویست ئارامی لە ناوچەکانی کۆسۆڤۆدا بەرپابکەنەوە، فڕۆکە جەنگییەکانیان هەزاران بۆمبی هێشووییان بەردایەوە، ئەویش بە ناوی ئاشتییەوە و لەپێناوی

ئاشتیدا و بە مەبەستی قەدەغەکردنی ناوچەیەکی بەرفراوان. ئەو ژمارە (هەزاران)ە قسەی من نین بەڵکو قسەی ئەو سەرچاوانەن کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا تۆماریان ئەکەم. بێگومان بۆمبی هێشوویی هەر لە هەوادا دەتەقێنەوە و سەدان بۆمبی لێدەبێتەوە کە بەسەر بازنەیەکی دیاریکراودا پەرش و بڵاو دەبنەوە و بەشێکیان لەسەر زەوی دەتەقنەوە (وەک نارنجۆک کاریگەرن) و بەشێکیتریان بە ساغی دەمێننەوە کە پاشان وەکو مینی زەمینی ئەشێ بە منداڵان و خەڵکی سیڤیل و ئاژەڵاندا بتەقنەوە. بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی بۆمبی هێشوویی قەدەغە نەکراوە و ئەمبار و جبەخانەکانی ئەمریکا، پەیمانی ناتۆ بە تورکیاوە، روسیا، چین، هیند، پاکستان، ئیسرائیل، سوریا و زۆر وڵاتی تر پڕن لەو جۆرە بۆمبانە، سەرەڕای مینە زەمینییەکان.

# چالاکیی لە دژی بازرگانیی چەك

هەڵوێست وەگرتن لە دژی بازرگانیی چەک کارێکی هەر وا ئاسان نییە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی لە بواری سیاسەتدا هەڵسوڕاون بە چەپ و راستەوە. دژایەتی کردنی بازرگانیی چەک دژایەتیکردنی دیاردە و چەمکی خۆچەکدارکردنە کە لە ژێر ناوی (بەرگریکردن لە خۆ)دا بەرێوە دەچێ. لەبەر ئەوە لە دونیای واقیعیدا هیچ لایەنێکی سیاسی نابینیتەوە دژی پرنسیپی (بەرگریکردن لە خۆ) کاربکات، چونکە هەموو لایەنەکان لە روانگەی بەرژەوەندی سیاسی خۆیانەوە ئامانجەکانی خۆیان بە رەوا دەزانن و بە پێی مادەی (٥١)ی رێککەوتننامەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مافی رەوای خۆیانی دەزانن (وەکو وڵات) بەرگری لە خۆیان بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش ئەبێ خۆیان چەکدار بکەن و ئامادەی ئەگەری هەر جەنگێک ببن. ئەمە هەموو ئایدۆلۆجیا سیاسییەکان دەگرێتەوە بە ئایدۆلۆجییە سیاسییە ئاینییەکانیشەوە.

کەوابوو پاساوی زۆر بەهێز هەن بە دەستی لایەنگرانی بازرگانیی چەکەوە. کەچی بەرامبەر بەوەش، بە لۆجیکی ئەم شارستانیەتە، پاساوی زۆر کەم بەدەستی لایەنگرانی دژ بە بازرگانیی چەکەوە هەیە، لە

راستیشدا کاریگەرییەکی ئەوتۆیان بەسەر سیاسەتی جەنگییەوە نییە لە جیهاندا، چونکە دەنگیان زۆر کزە و زەمینەی کۆمەڵایەتییان زۆر لاوازە و زۆر بە زەحمەت دەتوانن کاربکەنە سەر رای گشتی. بۆ سەلماندنی ئەو بۆجوونەمان باسی ئەم دوو نموونەیە دەکەین: لە ساڵی (٢٠٠٠) دا کاتێک تەواوی کرێکاران و کارمەندان و پسپۆڕانی گەورە کۆمپانیای (بۆینگ) بۆ دروستکردنی کەشتیی ئاسمانی و چەک مانیان گرت و ئەو کۆمپانیا زەبەللاحەیان لە کار وەستاند، لە پێناوی ئەوەدا نەبوو کە ئەو کۆمپانیایە چیدی چەک بەرهەم نەهێنێ و روو لە بەرهەمهێنانی کاڵای مەدەنی بکات، بەڵکو لەپێناوی ئەوەدابوو کرێکانیان زیاد بکرێ بۆ ئەوەی بەگوڕ و تەوژمێکی تر و دڵسۆزانەتر بچنەوە سەر کارەکانیان و کەسیش خۆی بە گوناحبار نەزانی و نەزانیوە. چەپی لێرە و لەوێش چەپڵەیان بۆ ئەو خەباتە کرێکارییە لێئەدا لە پێناوی زیادکردنی کرێکانیان. نموونەی دووەم پەیوەندی بە سەندیکا کرێکارییەکانەوە هەیە. هەڵبەت گلەیی لە لایەنگرانی بازرگانیی جەک ناکرێت چونکە ئەوان بەدوای بەرژەوەندیی سیاسی و قازانجی ماددی خۆیانەوەن و مەحاڵە هەڵوێست لە دژی خۆیان وەربگرن. کەچی هاوشانی ئەوە، هیچ سەندیکایەکی کرێکاری لەم جیهانەدا نابینیتەوە کە دژی بازرگانیی چەک و بەرهەمهێنانی چەک کاربکات و لەبەرنامەیاندا بێت کرێکارەکانی ئەو کارخانانە هانبدات و کارخانەکانی چەکسازییان پێدابخەن و بیانگۆڕن بە کارخانەی مەدەنی. ئەوە خەیاڵ و مەحاڵە رووبدات و هەمووان راستەوخۆ و ناراستەوخۆ بازرگانیی چەکیان لا پەسەندە.

لەلایەکی ترەوە وەکو فاکتێک، هەر رژێمێک دەبێ باڵانس و هاوسەنگییەک بدۆزێتەوە لە نێوان ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی لەلایەکەوە، لەگەڵ کاریگەریی کڕین و فرۆشتن و بازرگانیی چەک و

خۆچەکدارکردن بەسەر ئابووری وڵاتەکە لەلایەکی ترەوە. تەنها دووای ئەوە ئەو رژێمانە دەتوانن لەبەردەم رای گشتیدا پاساوی ریکلامە ئامێزی (ئامانجە پیرۆزەکان و ئایدیاڵە ئاشتیخوازەکان) بهێننە ئاراوە. ئەوە هاوکێشەیەکی زۆر ناقۆلا و ناهاوسەنگە: واتە بەکارهێنانی خۆ چەکدارکردن لە پێناوی ئاشتیدا! کە زەقترین ناکۆکی نالۆجیکییانەی تیادا کۆبۆتەوە. تا ئێستا هیچ بیرمەند و فەیلەسوف و سیاسەتمەدارێک نەبووە چارەسەر بۆ ئەو بیرۆکە و پرنسیپە ناکۆکە بدۆزێتەوە و مەحاڵە لە سایەی ئەم سیستمە جیهانییەشدا بۆی بدۆزێتەوە. ((تەنها مەسیح نەبێت کە داوای لە پەیڕەوانیی خۆی کردووە نابێت لە هیچ کاتێکدا چەک بەکاربهێنن. پەیڕەوانی مەسیح تا سەدەی دووهەمیش بەو جۆرە رەفتاریان ئەکرد تا وردە وردە مەسیحیەتی راستەقینە شوێن بزرکرا و مەسیحیەتی کەنیسەکان شوێنیان گرتەوە کە بووە ئایینی رەسمیی- سیاسی...)). لەبەر ئەوە کارخانەکانی چەک و بازرگانانی چەک پشتێنی خۆیان لێکردۆتەوە چونکە دەزانن هەموو سیستمە سیاسییەکان لە پشتیانەوەن. بە پێچەوانەی ئەوەش، چالاکوانانی بواری دژە جەک کە ئەو پەڕی توانای خۆیان بەکاردینن بۆ راکێشانی سیاسەتمەدارێکی لێرە و لەوێ بەلای کێشەکەیانەوە، کەچی بەدەستی بەتاڵ ماونەتەوە و زۆر دەگمەنن ئەو سیاسەتمەدارانەی بەپێچەوانەی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی وڵاتەکانیان لە دژی بازرگانی چەک و خۆچەکدارکردندا چالاکی بنوێنن.

کارخانەکانی چەک زۆر هۆشیارانە و بە بەرنامە کار بۆ ئەوە ئەکەن پشتگیری سیاسەتمەداران و خەڵکە رەمەکییەکەش بۆ کارەکانیان دابینبکەن. کارخانەکانی چەکسازی لە ئەمریکادا ساڵانە (٦٠) شەست ملیۆن دۆلاریان لە بودجەی کارخانەکانیان بۆ لۆبییەکان

(ناوەندەکانی هێز) تەرخانکردووە. ئەو پارە زۆرە کە لە راستیدا شێوە بەرتیلێکی یاساییە، دەدرێ بەو کەسە شارەزا و پسپۆڕانەی ئاراستەکراون بۆ قەناعەت پێهێنانی سیاسەتمەدارانی بڕیاربەدەست تا لایەنگریی لە بازرگانیی چەک بکەن. ئەو پسپۆڕانە چ کەسی تاک تاک بن یان سەنتەری لێکۆڵینەوە و ئەنیستیتوتی زانستی و دانشگابن، ساڵانە دەیان راپۆرتی پسپۆڕانە لە بوارەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا ساز و ئامادە ئەکەن کە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پاساو بۆ بەرگریکردن لە خۆ و خۆچەکدارکردنی زیاتر و چەکدارکردنی زیاتری هاوپەیمان و دۆستەکانی ئەمریکا دەهێننەوە، بە واتا بەرگری ناڕاستەوخۆ لە بازرگانیی چەک دەکەن. ((هەڵبەت لە وڵاتی ئێمەوماناندا ئەوەی لە لایەن سیاسەتمەداران و بڕیاربەدەستانەوە هیچ حیسابیکی بۆ نەکرێت سەنتەری لێکۆڵینەوەی زانستی و بیروڕای خەڵکی پسپۆڕ و لێکۆڵەرەوەکانە)).

جۆرە پاساوێکی تری بازرگانانی چەک و کارخانەکان ئەوەیە کە پیشەسازی و بازرگانیی چەک سوود و قازانجی ئابووری هەیە و دەرفەتی کار (بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک ئەمریکادا) بۆ سەدان هەزار خەڵکی پیشەیی و پسپۆڕ ئەرەخسێنێ و لە رێژەی بێکاری کەمدەکاتەوە. کاریگەریی ئەو پاساوە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت و خەڵکە رەمەکییەکەش هەستی پێبکەن و پشتگیری بکەن و کەس لە دژی نەوەستێت، پیشەسازییەکەیان بە هەموو وڵاتدا پەرت و بڵاوکردۆتەوە. بۆ نموونە هیچ چەکێک نییە هەموو پارچەکانی لە یەک شوێن و کارخانەدا دروستکرابێت، بەڵکو بەسەر سەدان کارخانەی بچوکبچوکدا لە سەدان شار و شارۆچکەدا دابەشکراون و لە هەرشوێنێک چەند سەد یان چەند هەزار کرێکارێک کاردەکەن و باجی ئەو بەرهەمە پیشەسازییە

(چەک) دەدرێ بە دەسەڵاتی لۆکاڵی- خۆجێی ئەو شوێنە کە بەو جۆرە بە بەردێک لە سێ چۆلەکە ئەدەن: یەکەم، پشتگیریی خەڵکەکە بۆ پیشەسازیی چەک و بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن و هەڵبژێرەکان و دەنگدەران هەست بە سوودی راستەوخۆی ماددیی ئەو پیشەسازییە ئەکەن گوایە ئەو پیشەسازییە ئەرکێکی لە بوژانەوەی ئابووریی ناوچەکەیاندا گرتۆتە ئەستۆ. دووەم، بەهۆی ئەو بەشە باجەی ئەو کارخانانەوە بەشێک لە خزمەتگوزارییەکانی ناوچەکە دەستەبەر ئەکرێت. سێیەم، دەسەڵاتدارانی خۆجێی لەو ناوچانە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبن بە لایەنگرانی بەرهەمهێنان و بازرگانیی چەک. لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی تریشدا کار هەر بەو چەشنە دەڕوات بەڕێوە. بەڵام لە وڵاتانێکی تری دواکەوتوودا لە چەشنی وڵاتە قێزەونەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەس حەددی ئەوەی نییە لە دژی چەک و کڕینی چەک و خۆچەکدارکردندا بوەستێت، چونکە لە واقیعدا دیکتاتۆریەت فەرمانڕەوایە جا با لەژێر پەردەی دیموکراتیەتیشدا بێت. ((بەراوردی بکە لەگەڵ واقیعحاڵی هەموو وڵاتانی ناوچەکەدا)). یەکێک لە نموونەکانی دابەشکردنی پیشەسازیی چەکی ئەمریکی بەسەر ناوچە جیاجیاکاندا پرۆژەی داهێنان و دروستکردنی فڕۆکەی شەڕکەری سوپەر مۆدیرنی (F-٢٢) بوو کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد. ئەو پرۆژەیە کە لە دەورانی فەرمانڕەوایی رۆناڵد رێگن دا بوو، بڕی (٦٩) شەست و نۆ ملیار دۆلاری تێچوو کە بەسەر کارخانەکانی (٤٦) ویلایەتدا لە (٥٠) ویلایەتەکانی ئەمریکادا دابەشکرابوو تا پارچە جۆراوجۆرەکانی فڕۆکەکە بەرهەمهێنرا!

کەچی لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا چالاکوانانی دژە چەک هەر کۆڵ نادەن و ناوبەناو لێرەو لەوێ دەجوڵێن، ناڕەزایی دەردەبڕن، سکاڵا و نامەی ناڕەزایی دەنووسن و روو لە دام و دەزگا نێودەوڵەتییەکان و

کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان و رای گشتی دەکەن بەهیوای ئەوەی شتێک لە شتێک بگۆڕن. بۆ نمونە لە ساڵی ۲۰۰۳دا پاش هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر عیراق و رووخاندنی رژێمی عیراق، سەدان وێنەی درێوی قوربانییە مەدەنییەکانی ئەو جەنگە لە میدیاکانی جیهاندا بڵاوکرانەوە. رۆژێکیان لە وێستگەیەکی شەمەندەفەر لە گەورە شارێکی هۆڵەندیدا ئەندامانێکی رێکخراوی دژ بە چەک و دژ بە بازرگانیی چەکم تووش بوون و وەک هەر رێبوارێکی تر پرسیاریان لێکردم: ((تۆ مەعمیلی کام بانکی هۆڵەندیت؟ واتە حیسابی پارەی من لەسەر چ بانکێکە)). دیارە لەم وڵاتانەدا داهاتی مانگانەی هەر کەسێک دەچێتە سەر حیسابی بانکیی و لە بانکدا دەمێنێتەوە، خاوەنەکەشی بە پێی پێویست بۆ خەرجییەکانی مانگ لێی دەردەکا. وتم ((بۆ دەپرسن؟)). لە وەڵامدا بەیاننامەیەک و پۆستکارتێکی منداڵێکی ئەنجن کراوی جەنگی عیراقییان پیشانم دا و وتیان: ((ئێمە بانگەواز بۆ ئەوە ئەکەین هەموو ئەو کەسانەی لە هۆڵەندا حیسابی پارەیان لەگەڵ بانکی (A. B. N. Amro)دایە داوا لەو بانکە بکەن سەرمایەکەیان بۆ بەرهەمهێنانی چەک رابگرن، ئەگەر نا، وەکو فشارێک حیسابەکەت لەو بانکە رابگرە، چونکە سەرمایەیەکی زۆریان بەکارهێناوە بۆ چەکسازی. هەق وایە هەمووومان دژی ئەوە بوەستین)). دیاربوو ئەو بانکە هۆڵەندییە لە چوارچێوەی سەرمایەگوزاریدا ژمارەیەکی زۆر لە پشکەکانی کارخانەیەکی چەکسازیی بەریتانی بۆ بەرهەمهێنانی بۆمب کڕیبوو بە مەبەستی قازانج. ئەو بۆمبانەش لەوانەبوون کە زۆر بە بەربڵاوی لە جەنگی دژی عیراقدا بەکارهێنران. ئەو رێکخراوەش کە دژی بازرگانیی چەک بوو بەو نهێنییەی زانیبوو. لەبەر ئەوە داوای لە خەڵکەکە دەکرد هۆشیاربنەوە کە چۆن ئەو وردە پارانەی وردە مەعمیلە بێ ئاگاکانی بانکەکە لە پیشەسازیی چەکدا و لە بازرگانیی چەک و

جەنگدا بەکارئەهێنرێن. ئەو بانکە پتر لە دوو ملیۆن مەعمیلی بچووکی ئاسایی وەکو منی هەبوو، هەروەها هەزاران دەزگای پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاریی گەورە و بچووکی هۆڵەندیش لە رێگای ئەو بانکەوە کاروباری دارایی خۆیان دەبەن بەرێوە. بەو جۆرە مانگانە دەیان ملیار یۆرۆ وەکو پارەی رەوەند (المال السائل) دەچێتە ئەو بانکەوە بەبی ئەوەی هیچ (سوود) ێک بدرێ بە خاوەنەکانیان. ئەهلی شارەزای بانکەکان بەشێکی چاکی ئەو پارە رەوەندانە دەخەنە سەرمایە گوزارییەوە بۆ قازانجی خۆیان. لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا کە لە دژی ئەو بانکەدا رێکخرابوو قەیرانێکی سنووورداری دارایی و مەعنەوی بۆ بانکەکە دروستبوو و بۆ ماوەیەک نرخی پشکەکانی لە بۆرسەی هۆڵەندیدا هاتە خوارەوە ئەویش لەدوای ئەوەی دەیان هەزار کەس حیسابەکەیان لەو بانکە داخست و بۆ بانکی تریان گواستەوە. بەڵام لە دوا لێکدانەوەدا دەرئەکەوێت کە ئەو چالاکییە بە هیچ شێوەیەک نەیتوانی کار بکاتە سەر کارخانەکەی بەریتانیا کە بۆمبەکە و چەکی تر بەرهەمئەهێنێ و بازرگانیی پێوە دەکات ئەگەرچی بەشێک لە سەرمایەکەشی هی ئەو بانکە هۆڵەندییە بوو.

لە جیهاندا زۆر رێکخراوی چالاک هەن کە لە دژی چەک و بازرگانیی چەک و لە دژی جەنگ و لە پێناوی ئاشتیدا کارئەکەن. هەندێک لەوانە زۆر پسپۆرانە لێکۆڵینەوە و پێشنیار پێشکەش بە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەکەن لە چەشنی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە ئەنجامە ترسناکەکانی چەک. لە هەمان کاتدا ئەڵتەرناتیڤەکانی خۆشیان دەخەنە بەرچاوی ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتیانە. هەندێکی تر لەو ریکخراوانە چالاکییەکانیان ئاراستەی دانیشتوانی وڵاتەکانیان و رای گشتی ناوخۆیی و جیهانی دەکەن بۆ ئەوەی لەبارەی مەترسییەکانی بازرگانی چەکەوە هۆشیاریان بکەنەوە و هانیان بدەن بۆ هەڵوێست

وەرگرتن لە دژی ئەو دیاردەیە. بەڵام ئەو چالاکیانە زۆر بە زەحمەت دەتوانن کاریگەرانە سەر دۆخی یاسایی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی پەیوەندیدار بە قەدەغە کردنی بازرگانیی چەکەوە.

یەکێک لە ئاڵتەرناتیڤەکانی دژ بە بازرگانیی چەک و پێشبڕکێی خۆچەکدارکردن بریتییە لە چەمکی (چەکداماڵینی تاک لایەنە). ئەوانەی بانگەواز بۆ چەکداماڵینی تاک لایەنە یان یەک لایەنە دەکەن بڕوایان وایە کە پێویستە وڵاتان چیدی چەک نەکڕن و بەکاری نەهێنن. ئەگەر وڵاتێک چەکەکانی خۆی داماڵێ، واتە وڵاتەکەی خۆی چەک بکات بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بکات لایەنەکانی تر چی ئەکەن یان ناکەن، بەوە دەوترێت چەکداماڵینی تاک لایەنە. وڵاتی کۆستاریکا لە ساڵی ١٩٤٩دا زۆر بوێرانە هەموو لەشکرەکەی خۆی چەک کرد و هەڵیوەشاندەوە. لەو کاتەوە تاکو ئێستا لەو وڵاتەدا تەنها ئاشتی جێگیرە، کەچی هەموو وڵاتەکانی تری ئەمریکای ناوەڕاست بەردەوام لە قەیراندان.

بەڵام لە واقیعدا چەک داماڵینی وڵاتیکی چکۆلەی وەکو کۆستاریکا هیچ کاریگەرییەکی ناوچەیی و جهیانیی نەبووە و هەرگیز بەراورد ناکرێت لەگەڵ وڵاتێکی گەورەتردا کە تێکەڵ بە ململانێ یان هاوپەیمانێتی سیاسی و سەربازیی بووبێت و بەرامبەر بە دوژمنانێکی راستەقینە (لە روانگەی خۆیەوە) راوەستابێ کە ئەگەری ئەوەیان لێ دەکرێت ئێستا نا سبەی هێرش بکەنە سەری. لە دونیای پەیوەندییە واقیعییە نێودەوڵەتییەکانی ئێستادا نمونەی کۆستاریکا بۆ چەکداماڵینی تاک لایەنە ئەگەر چی نموونەیەکی جوان و دەگمەنە، بەڵام خەیاڵییە و لە کردن نایەت چونکە ململانێی بەرژەوەندییەکان لە پێناوی دەسەڵاتدا رێگا بەو ئەلتەرناتیڤە خەیاڵییە نادات. هەر بۆ نمونە ئەوە بهێننە بەرچاوی خۆتان وڵاتێکی وەکو ئیسرائیل تاک لایەنە چەکەکانی داماڵێت و لەشکرەکەی هەڵوەشێنێتەوە، چی روو

ئەدات؟ چ گەرەنتیەک هەیە دەوروبەرەکەی هەر بە قەپاڵ نەیانخۆن؟

لێرەدا بە گرنگی ئەزانم ئەم فایلە بەم چیرۆکە واقیعییە کۆتایی پێ بهێنم کە نموونەی ئەو جۆرە کەسە ئاشتیخوازانە نیشان ئەدات کە سەرسەختانە لە دژی بازرگانیی چەک و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا دەجەنگن. پاڵەوانانی چیرۆکەکە بریتین لە دوو ژنی چالاکی بواری جوڵانەوەی ئاشتی لە بەریتانیادا بە ناوی (ئەندریا نەیدهام) و (جوانا ویڵسۆن). لە ساڵی ١٩٩٦دا ئەو دوو ئافرەتە لەلایەن پۆلیسی بەریتانیاوە گیران و دران بە دادگا؟ بەڵام بە تۆمەتی چی؟ لەبەر ئەوەی هەردوکیان چەکووش بە دەست هێرشیان کردبووە سەر فڕۆکەیەکی شەڕکەری هۆک (BAe)ی بەریتانی و تا فریایان کەوتبوون بیانگرن زیانێکی باشیان بە بەدەنەی فڕۆکەکە گەیاندبوو. بێگومان ئەو ژنانە شێت نەبوون تا کارێکی بەرووکەش شێتانەی لەو چەشنە ئەنجام بدەن. بە پێچەوانەوە، لەو پەڕی هۆشیارییەوە ئەو کارەیان کردبوو. ئەو فڕۆکەیە و چەندین فڕۆکەی تر و چەک و چۆڵێکی زۆر ئامادە کرابوون بۆ گواستنەوەیان بەرەو ئەندۆنیسیا کە بە ئاشکرا مافەکانی مرۆڤی پێشێل دەکرد و کوشتن و بڕینی لەناو گەلی تیمۆری رۆژهەڵات و لەناو وڵاتەکەی خۆشیدا ئەنجام ئەدا. ئەو ئەندامە چالاکانەی جوڵانەوەی ئاشتیش رایانگەیاندبوو: بە پێی یاسا نێودەوڵەتیەکان و بنەماکانی مافی مرۆڤ هەر کەسێک هاوکاری کەس و لایەنێکی تر بکات کە خەریکی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و جێبەجێکردنی تاوانی دژەمرۆییە، دەبێتە شەریکە بەشی ئەو پێشێلکاری و تاوانانە. بەو پێیە لە روانگەی ئەو ئاشتیخوازانەوە بەریتانیا شەریکە بەشی تاوانە جەنگییەکانی ئەندۆنیسیایە کە چەکی پێ دەفرۆشێ. هەر لەسەر بناغەی ئەو لێکدانەوانە دادگا بەریتانییەکە ئەو دوو ژنە ئازایەی بە بێتاوان دەرکرد و بەرەڵڵا کران. راستە ئەو دوو

ژنە لەو چرکە ساتەدا سەرکەوتنی گەورەی مەعنەوییان بەدەستهێنا و رای گشتییان بەلای مەسەلەی ئاشتی و مەترسییەکانی بازرگانیی چەک راکێشا و لە دادگادا هەموو رژێمی بازرگانانی چەکیان بە تاوانبار دەرکرد و ناساند، بەڵام چیرۆکەکە بەوە کۆتایی نەهات، بەڵکو بەوە کۆتایی هات کە ئەو فڕۆکە و چەکانە هەر وەکو چۆن نەخشەی بۆ کێشرابوو و سەودای لەسەرکرابوو، بەبێ هیچ کەم و کوڕییەک گەیشتنە ئەندۆنیسیا و قازانجی کارخانە چەکسازییەکانیش بە مسۆگەریی چووە سەر حیسابەکانیان لە بانکەکاندا. ((بەشێکی ئەو چیرۆکە پەیوەندی بە تورکیاوە هەبوو کە هەزار دانە رەشاشی H-Aی بەریتانی لە کارخانەکانی ئەودا دروستکران و لە تورکیاوە رەوانەی ئەندۆنیسیا کران. ئێمە پێشتر ئەوەمان لەم فایلەدا باسکردووە)).

---

فایلی بازرگانیی چەک لە جیهاندا هەر بەوەندە تەواو نابێت کە ئێمە هەوڵماندا لەم چەند وتارەدا کۆیکەینەوە، چونکە بەشی زۆری لایەنە دزێوەکانی ئەو بازرگانییە پەنهان و شارراوەن و لە پشتی پەردەوە ئەنجام ئەدرێن و زیاتر دوای روودانی کارەساتە جەنگییە مرۆییەکان ئاشکرا دەبن. لەبەر ئەوە مەبەستی ئێمە لەم فایلەدا تەنها ئەوەندە بووە دیمەنێکی گشتی بخەینە بەرچاو و بیروڕا جیاوازەکان بخوێنینەوە و لە گۆشە و کەناری باسەکانیشدا رای تایبەتی خۆمان دەربڕین لە دژی بازرگانیی چەک کە لە راستیدا بازرگانییەکی دژە مرۆییە و ئاکامەکەی هەر ئەوەبووە خوێن و رەنجی مرۆیی تیادا بکرێت بە دۆلار لە پێناوی سەرخستن و راگرتنی دەسەڵاتی ئەملا یان ئەولا!

# سەرچاوەکان

١. ئادەم هیبێرت: بازرگانیی چەک: راستییەکان لە پشت هەواڵەکانەوە. چاپی ٢٠٠٣ (بە هۆڵەندی). نامیلکەیەکە لە ٢٨ لاپەڕە پێکهاتووە کە ١٤ لاپەڕەیان فۆتۆی جۆراوجۆرەن.

٢. سایتی هەواڵەکانی بەرگری:
(www.defensenews.com)

بۆ هەواڵی جۆراوجۆر لەبارەی بازرگانی چەکەوە، گۆڕانکاری لە یاساکانی بازرگانی چەکدا، چەکی نوێ و پلانی سەربازی.

٣. سایتی گۆڤاری (جەینس)ی هەفتانەی بەرگری:
(www.janes.com).

ئەم سایتەی گۆڤاری (Janess Defence weekly) هەموو جۆرە زانیارییەکی تیادایە لە بارەی کارخانەکان، لەشکرەکان و زەخیرە جەنگییەکان لە هەموو جیهاندا.

٤. سایتی (کۆمەڵەی کارخانەکانی بەرگری)
(The Defence Manufactures Association)
(www.the-dam.org.uk).

سایتی کارخانە ئینگلیزییەکان بۆ پیشەسازیی چەک.

٥. سایتی (کۆمەڵەی پیشەسازیی بەرگریی نیشتمانی)
(The National Defence Industrial Association)
(www.nolia.org).

لەم سایتەدا زانیاری جۆراوجۆر بەرچاو ئەکەون بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە بازرگانیی چەکەوە هەیە لە نێوان بەرهەمهێنە لۆکاڵییەکانی چەک و حکومەتی ئەمریکیدا.

٦. سایتی رێکخراوی (سەنتەری سامانی بازرگانیی چەک)

(The Arms Trade Resource Center)
(www.worldpolicy.org/projects/arms)

ئەو رێکخراوە ئەمریکییە ئامانجی ئەوەیە خەڵکی هۆشیارکاتەوە لەبارەی پێویستیی کۆنترۆڵکردنی بازرگانیی چەکەوە. هەر لەم سایتەوە دەتوانرێ لینکی ژمارەیەکی زۆر گۆڤار و وتار و راپۆرت و سایتی پەیوەندیدار بکرێنەوە.

٧. سایتی (ئەنیستیتوتی ستۆکهۆڵم بۆ لێکۆڵینەوەی ئاشتیی نێودەوڵەتی)
(Stockholm International Peace Research Institute)
(www.sipiri.se)

سایتێکی تایبەتە بە زانیاری لەبارەی بازرگانیی چەکەوە لەگەڵ چۆنیتی کۆنترۆڵکردنیدا سەرەڕای ئەلتەرناتیڤە جۆراوجۆرەکان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان بە ئاراستەی ئاشتیدا.

٨. سایتی (کەمپەین لە دژی بازرگانیی چەک)
(www.antenna.nl/amokmar).

هۆم پەیجەکەی بە هۆڵەندیە و ئەکرێ بە زمانی تریش بێت. ئەمە سایتی رێکخراوی (شالاو لە دژی بازرگانیی چەک)ی هۆڵەندیە. لینکیشی تیایە بۆ هەموو ریکخراوەکانی تری ئەوروپا کە دژی بازرگانیی چەکن لەگەڵ هەواڵی چالاکییەکانیاندا.

٩. سایتی ئەمنیستی ئینتەرناشیونالَ- لقی بەلچیکا
(www.aivl.be)

ئەمە چاپتەرێکی تەواوی تیادایە لەبارەی بازرگانیی چەکەوە.

١٠. سایتی رێکخراوی (چاودێری مافی مرۆڤ)
(Human Rights Watch)
(www.hrw.org/arms)

سایتێکی جیددیە بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی بازرگانی چەکەوە، بەتایبەتی لەبارەی ئەو چەکانەوە کە بە نیوە قاچاخ بازرگانیان پێوە دەکرێ لە چەشنی مینە زەمینیەکان.

١١. سایتی (تۆڕی چالاکیی نێودەوڵەتیی دژی چەکە بچووکەکان)
(Imternational Action Networks on small Arms)
(www.iansa.org)

لەم سایتەوە زانیاری لە بارەی هەموو چالاکییەکان لە دژی بازرگانیی بە چەکە سووکەکانەوە لەسەر ئاستی جیهانیدا بەدەست ئەهێنرێ.

١٢. سایتی (دەزگای دژە مین)
(www.antilandmine.org/.....)

ئەمە سایتی ڕێکخراوێکی هۆڵەندیە کە خۆی تەرخانکردووە بۆ نەهێشتنی چەکی مین و جۆرەکانی تری چەک لەسەر ئاستی جیهاندا.

١٣. سایتی (تۆڕی رزگاربووانی مینەزەمینیەکان)
(www.landminesurvivors.org)

ئەم سایتە تایبەتە بە یارمەتیدانی قوربانیانی مین لە جیهاندا لە ڕێگای باسکردنی گیروگرفتەکانیانەوە. ئەم سایتە پڕە لە چیرۆکی خەمناکی قوربانیانی مین.

١٤. سایتی (دەستپێشخەریی نەرویجی لە دژی گواستنەوە- یا بازرگانیی- چەکە بچووکەکان)
(The Norwegian International Small Arms Transfers)
(www.nisat.org)

لەم سایتەوە داتاباسی تەواو دەست ئەکەوێت لە بارەی هەموو وڵاتانی جیهانەوە لە پەیوەندی لەگەڵ بازرگانی چەکە دەستییە سوکەکانەوە.

١٥. هیومان رایس ۆوچ: جینۆساید لە عیراق: شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ

سەر کورد. چاپی کوردی، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٤.

١٦. نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا: بنەماکانی دیاریکردنی تۆمەتبارانی جینۆساید. ئەم کتێبە لە مانگی ئازار- مایسی ساڵی ٢٠٠٧دا بە هەژدە ئەڵقە لە ڕۆژنامەی ئاسۆدا بڵاوکراوەتەوە.

# بڵاوکراوەکانی
# ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانساڵی
## (( ٢٠١١ –٢٠١٢ ))

| ژ | بڵاوکراوەکان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵیچاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | ریبین حەسەن | 2011 |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ذ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | 2011 |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | 2011 |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدیرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا(ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | 2011 |
| ٣٧١ | محطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسى | 2011 |
| ٣٧٢ | کورتە باسیکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>کارزان کاوسین | 2011 |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| ٣٧٤ | ئاغاو شیخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | 2011 |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر<br>ترجمە: د. بندر علی | 2011 |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | 2011 |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبیرگ<br>و. کارزان محەمەد | 2011 |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | 2011 |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | 2011 |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵێ عەنزی<br>و. سەردار عبدالكريم | 2011 |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپیدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵێ | 2011 |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | 2011 |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆلا | 2011 |
| ٣٨٦ | کەلتور – ژمارە (٣) | | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسین بابەکر | 2011 |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول «الشعب الكردي» | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمه:عبدالرزاق محمود القيسى | 2011 |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژیمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | 2011 |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنیوان بیرو جیبەجیکردندا | و. مڤفر عبدالوهاب | 2011 |
| ٣٩٣ | کورد گەلیکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. ریبوار تۆفیق | 2011 |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | 2011 |
| ٣٩٥ | مۆدیلی حزبایەتی لەکوردستان. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسین بازگر | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بني ويس | 2011 |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دیرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | 2011 |
| ٣٩٨ | ئاینو سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | 2011 |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵێ | 2011 |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| ٤٠١ | دیموکراسیو بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | 2011 |
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار)<br>ترجمه ومراجعه:<br>د. بندر علي اكبر | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠٣ | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | 2011 |
| ٤٠٤ | کێشەی شیعەو سوننە<br>کورتەباسێکی مێژوویی | ن. د. عەلی ئەلوەردی<br>و. عارف کەریم | 2011 |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتیلیس | ئەمیر حسین رەحیم | 2011 |
| ٤٠٦ | جیهانگیریو کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | 2011 |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمكو گرفتەکان | عادل عەلی | 2011 |
| ٤٠٨ | (S.I)ریکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد میرگە سۆری | 2011 |
| ٤٠٩ | پۆلینکردنی هەڵویستەکان پیش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | 2011 |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبیو نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵێ | 2011 |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | و. لەسویدیەوە<br>عوسمان حەمە رەشید گورون | 2011 |
| ٤١٢ | حدود کوردستان الجنوبية في سنجار حتى بدرة | عبدالرقيب يوسف | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري<br>ز. هۆشیاری، ژ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | 2011 |
| ٤١٤ | کوردو تورکمان، تیڕوانینیك بۆ میکانیزمەکانی پیکەوە ژیانی ئاشتیانەی نیوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | 2011 |
| ٤١٥ | عەلمانیەت چیە؟ ماناو پیناسەکانی، ز. ژ(٣٥) | زاهیر شکوور | 2011 |
| ٤١٦ | خویندنەوەیەك بۆ فیکری حەسەن بەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | 2011 |
| ٤١٧ | شیوەکانی بەدەستهینانی مافی چارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوڵێ | 2011 |
| ٤١٨ | تعريف الانفال بالإبادة الجماعية،<br>ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله<br>ترجمه: محسن بنی ويس | 2011 |
| ٤١٩ | پینج لیکۆڵینەوە لەبواری سیاسەتی نیودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەرویش | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٢٠ | پرۆگرام و پەیڕەوێ ناڤخۆ پەسەندکریێ سییەمین کۆنگرێ (ی. ن. ك) | مەڵبەندی (٤)ی ریکخستنی دهۆك بەشی روناکبیری | 2011 |
| ٤٢١ | ئاڵا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| ٤٢٢ | تاريخ التبشير المسيحى فى كردستان | الدكتور فرست مرعى | 2011 |
| ٤٢٣ | قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية، ز. هۆشیاری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادى | 2011 |
| ٤٢٤ | کاریگەری قەرزە گشتیەکانی ئەمریکا لەسەر ئابووری ئەمریکا و جیهان، ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | 2011 |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤیستا (روسی – کوردی) | ئامادەکردنی: د. نەهرۆ عەلی ئاڤیستا نەهرۆ | 2011 |
| ٤٢٦ | کوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد کوردە | 2011 |
| ٤٢٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٢٨ | کورد لەسوریاو ئاوەربایجانو ئەرمەنستان/ ز. نلمیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمایەر<br>ل. یالچین هیگمان<br>و. ریبوار تۆفیق بەنگینە | 2011 |
| ٤٢٩ | ئەرکەکانی قۆناغی نوێ<br>لەچاوپیکەوتنیکی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا | ئامادەکردنی:<br>حەمە عەلی غەریب | 2012 |
| ٤٣٠ | المشاريع التي قدمها الاتحاد الوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم<br>فريد اسسرد | 2012 |
| ٤٣١ | المحكمة الجنائية العراقية العليا دراسة في مباديء العدالة | محمد ريبين حسن | 2012 |
| ٤٣٢ | دور محكمة العدل الدولية في تطوير القانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | 2012 |
| ٤٣٣ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥) | | 2012 |
| ٤٣٤ | کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا | نیلیدا فۆکارۆ<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>هەڵۆ بەرزنجی | 2012 |
| ٤٣٥ | ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانو هاوکیشە نوییەکان | چاوپیکەوتنیك لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیاردا | 2012 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٣٦ | هەڵبژاردەکان | شاسوار جەلال (ئارام) | 2012 |
| ٤٣٧ | كردستان ككيان چمنه الخگه الدوليه بداً من جنوبها | المحامی/ الشيخ سالار الحفيد | 2012 |
| ٤٣٨ | مەسەلەی قڕکردنی ئەرمەن لەبەردەم دادگادا | و. لەئەڵمانییەوە: غسان نعسان<br><br>و. لەعەرەبییەوە: حەسەن جاف | 2012 |
| ٤٣٩ | ئیزدییەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا | سەربەست حسین | 2012 |
| ٤٤٠ | کۆچ هەڵیبژاردم | ئیسماعیل عوسمان‌و ماتیاس شیلین<br><br>و: حەکیم کاکە وەیس | 2012 |
| ٤٤١ | کیشەکانی هزری ئایینی | ئومید قەرەداغی | 2012 |
| ٤٤٢ | پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا | بەرزان فەرەج | 2012 |
| ٤٤٣ | دیموکراسی‌و دوژمنانی ئیسلامی میانڕەو لەڕوانگەی مەلا بەختیارەوە | سەردار عەبدولکەریم مەجید | 2012 |
| ٤٤٤ | دیموکراسی لەنیوان مۆدیرنیتەو پۆست مۆدیرنیتەدا ز. هوشیاری ژ. (٤١) | مەلا بەختیار | 2012 |
| ٤٤٥ | ئینتەرناسیۆنالیزمی دینی‌و دیاردەی فرەنەتەوەیی، ز. هۆشیاری ژ. (٤٢) | فەرید ئەسەسەرد | 2012 |
| ٤٤٦ | مێژووی نەوتی کەرکوك | فەرهاد حەمزە | 2012 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٤٧ | باشوری سودان ز. هۆشیاری ژ. (٤٣) | شادمان مەلا حەسەن | 2012 |
| ٤٤٨ | الديمقراطية دراسة فكرية سياسية<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٤) | عبدالرحمن كريم درويش | 2012 |
| ٤٤٩ | الاكراد والديمقراطية والاندماج<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٥) | فريد اسسرد | 2012 |
| ٤٥٠ | زمانی کوردی لەدەستورەکانی عیراقدا<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٦) | خەلیل عەبدوڵێ | 2012 |
| ٤٥١ | رۆڵی ژنان لەپەرەپیدانی کاری ریکخراوەییدا (ی. ن. ك) وەك نموونە<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٧) | جەمیلە شیخ مەحمود<br>شلیر رەشید<br>نیگار عومەر | 2012 |
| ٤٥٢ | ئارامو رۆڵی لەبزوتنەوەی سیاسیدا<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٨) | فەرید ئەسەسەرد | 2012 |
| ٤٥٣ | چەپکە گوڵ: قەفتەیەك ژ سەروەریو هەڵویستین ئیکەتی نیشتمانی کوردستان<br>ز. هۆشیاری ژ. (٤٩) | قادر حەسەن عبدۆ | 2012 |
| ٤٥٤ | توماس هوبز وفلسفته السياسية | احسان عبدالهادی النائب | 2012 |
| ٤٥٥ | حزبو ریکخراوە سیاسییەکان | محەمەد فاتیح | 2012 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٥٦ | المركز القانوني للمواطن وضماناته | دریڤان عبدالقادر بكر | 2012 |
| ٤٥٧ | ئەمنی ستراتیجی عیراقو سێ کوچکەی بەعسیان | ئەمین قادر مینە | 2012 |
| ٤٥٨ | پرۆیسترۆیکا بن لادنو مۆنیکا<br>(نوسین، ئامادەکردن، وەرگێڕان) | ستران عەبدوڵێ | 2012 |
| ٤٥٩ | دۆزی کورد لەنەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا | د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد | 2012 |
| ٤٦٠ | دەوڵەتی عوسمانیو عەشیرەتە کوردەکان لەکوردستانی باشوور | خالید مەحمود کەریم | 2012 |
| ٤٦١ | دۆزی کورد لەبەردەم رای گشتی عەرەبدا<br>(کۆمەڵە وتار)<br>ز. نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا) | و. رەسوڵ ئیبراهیم | 2012 |
| ٤٦٢ | فەلسەفەو لاهوت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا | د. حەمید عەزیز | 2012 |
| ٤٦٣ | الجريمة المنسية حول الانفال وجرائم الابادة الجماعية في كردستان | نجم الدين فقى عبدالله | 2012 |
| ٤٦٤ | رۆژانی پیشمەرگایەتی | دارا محەمەد یاسین | 2012 |
| ٤٦٥ | ئەتڵەسی سیاسیی هەریمی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | 2012 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٦٦ | الدور الامريكي في بناء الشعوب من المانيا الي العراق | ت: نظيرة اسماعيل ياري | 2012 |
| ٤٦٧ | دەربارەی شیوەی ئاسیایی بەرهەم هینان لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | 2012 |
| ٤٦٨ | دەروازەیەك بۆ زانستی سیاسەت | عابد خالید رەسول | 2012 |
| ٤٦٩ | کەلتور (ژمارە ٦) | | 2012 |
| ٤٧٠ | دیپلۆمات و دیپلۆماسی | بەهرۆز گەلاڵی | 2012 |
| ٤٧١ | الدعائم الأساسية للدولة الفدرالية نامیلکەی هۆشیاری ژمارە (٥٠) | د. شۆڕش حسن عمر | 2012 |
| ٤٧٢ | رۆڵی (ی. ن. ك) لەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان، نامیلکەی ژمارە (٥١) | ئەنوەر حسن | 2012 |
| ٤٧٣ | دەروازەیەك بۆ ئاسایشی نیشتمانی هەریمی کوردستان/ نامیلکەی هۆشیاری ژمارە (٥٢) | قادر حەمەجان | 2012 |
| ٤٧٤ | النظم الانتخابية ونظام انتخاب مجلس المحافظات العراق واقليم كردستان نامیلکەی هۆشیاری ژمارە (٥٣) | د. دەرباز محمد | 2012 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٧٥ | ئیدارەی کوردیو ئۆپۆزسیۆن<br>زنجیرەی نامیلکەی هۆشیاری ژمارە (٥٤) | حەمە دۆستان | 2012 |
| ٤٧٦ | المصالحة الوطنية بين التحدي والتحقيق، نامیلکەی هۆشیاری ژمارە (٥٥) | د. اسماعیل نامیق | 2012 |
| ٤٧٧ | الطالباني وجائزة نوبل للسلام<br>نامیلکەی هۆشیاری ژمارە (٥٦) | یوناتا دیوخ موس | 2012 |
| ٤٧٨ | بەتایبەتکردن وەك میتۆدیکی ریفۆرمی ئابوری، ژمارە (٥٧) | فەیسەڵ عەلی | 2012 |
| ٤٧٩ | ئیسلامو مۆدیرنیتەی سیاسی<br>نامیلکەی هۆشیاری (٥٨) | مۆریس بارییە | 2012 |
| ٤٨٠ | (ی. ن. ك) پێناسەی حزبێکی سۆسیال دیموکرات<br>نامیلکەی هۆشیاری ژمارە (٥٩) | نەجمەدین فەقێ عەبدوڵێ | 2012 |
| ٤٨١ | ملحوظات عامة ودروس مستنبطة من معارك الشمال في عام ١٩٦٤ | مديرية التدريب العسكري بوزارة الدفاع العراقية | 2012 |